# باسکار
7 / 2001

## گۆڤارێکی وەرزیی
## باس و لێکۆڵینەوەیە

سەرنووسەر

صەباحی غالیب

نەخشەی بەرگ

اسماعیل خە یات


ناونیشان

**Baskar**
PO BOX 31239
London NW2 6FT
England

# دەستووری بڵاوکردنەوە لە (باسکار)دا

گۆڤاری (باسکار) بە تەواوی کامەرانییەوە رایدەگەیەنێ کە لاپەڕەکانی بۆ هەموو نووسەران و باسکاران بە جیاوازیی بیروباوەڕیانەوە کراوەیە.

(باسکار) گرنگی بە میراتی نەتەوەیی، بارودۆخی ئێستاو دواڕۆژی کورد، پێوەندییەکانی کوردو کورد، کوردو میللەتانی سەردەستەو وڵاتە داگیرکراوەکان، کوردو نێو دەوڵەتی دەدا. لە هەمان کاتدا مەبەستێتی پیتە بە یەکێتیی کورد، ئازادیی بیرو باوەڕ، هۆیەکانی راگەیاندن، دادی کۆمەڵایەتی، گەشەکردنی ئێستاو دوا رۆژ، سەربەخۆبوون لە بواری سیاسیدا بدا.

جگە لەو بنەمایانەی سەرەوە، بە پێویستی دەزانین، باسکاران و نووسەران پێڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

1- تانەو هێرش و سووکایەتی بە بیروباوەڕو میللەتان و رێکخستنەکان و کەسان و نووسەران قبووڵ ناکرێ.

2- بە شێوەیەکی زانستی باس و لێکۆڵینەوەکان ئامادە بکرێن، نێوی نووسەر، ناونیشانی کتێب و سەرچاوە، شوێن و کات و دەزگای بڵاوکراوەو لاپەڕە دەستنیشان بکرێن.

3- پێوانەی بڵاوکردنەوە بەپێتیو زانستی باس و لێکۆڵینەوەکانە.

4- چێتر وایە تایپکراوبن.

5- بۆ شوێنێکی دیکە نەنێررێن بۆ بڵاوکردنەوە.

★ ★ ★

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەرۆك

صەباحی غالیب

ئەنجامی پێوەندییەکانی ئیسرائیل و تورکیا

لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد ..................... لاپەڕە 5

هاوار

لە کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ سیڤەر، بۆ لۆزان، بۆ هیچ .................. لاپەڕە 40

د. مەحموود عوسمان

ئەزموونی ئێمە لەگەڵ رژێمەیەك بەدوای یەکەکانی عێراقدا .............. لاپەڕە 60

حەمەی عەزیز (خاڵە حەمە)

بەدواداچوونی بیرەوەرییەکانم ................................ لاپەڕە 77

ساڵح محەممەد ئەمین

لیژنەی ئاشتیو برایەتی لە سلێمانی ............................ لاپەڕە 106

دارا مەحموود

خوێندنەوەیەکیتر

بۆ کۆمەڵە هۆنراوەی (روونبوونەوە)ی رەفیق سابیر .. لاپەڕە 127

سەعدوڵلا محەممەد

ناساندنی کتێب (داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیاو رۆژئاوا :

بەرەو پلانێکی ستراتیژی)............................لاپەڕە 144

### ئەنجامی

# پێوەندییەکانی ئیسرائیل و تورکیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد

نووسینی

صەباحی غالیب

## بەشی یەکەم

## ( بناغەی پێوەندییەکانی ئیسرائیل و تورکیا )

**زەمینەی گۆڕانکاریی ستراتیژی لە ناوچەکەو لە جیهاندا :**

دوای چەرخی بیستەم، هەر تەواو لە ساڵی 1990 وە، واتا لە داگیرکردنی کوێت وە، لە ئابی ئەو ساڵەدا، لەلایەن سوپا کاولکەرو رەگەزپەرستەکەی عێراق وە، یەکەمین خاڵی وەرچەرخانی ستراتیژی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە جیهاندا هاتە پەیدابوون. هاتنەوەی ئابی 1991 ، کە کودەتاکەی دژی گۆرباچۆڤ روویدا، رووداوێکی دراماتیکیو تەقینەوەیەکی وای هێنایە گۆڕێ، مایەی سڕینەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بوو لە نەخشەی ستراتیژیو سیاسیی گەردووندا.

هاوکات لەگەڵ خاڵی یەکەمدا بە جووتە رووی گەردوونیان وەرگێڕا. ئەگەرچی ئەو دوو رووداوە ساڵێ پێش و پاش کەوتن، بەڵام لە رووی دروستبوونی سیاسیو سەربازیو تەکنۆلۆژیو بەڕێوەبردنیانەوە پێکەوە گرێدراون، بە جۆرێ دەتوانرێ بگوترێ تەواوکەری یەکدی بوون.

ئەو دوو هۆکارە جیهانیان،خستە قۆناغێکی تازەوە، کە قۆناغی ئەورووپایی - ئامریکایی پێچایەوە. قۆناغی تازە لە 1991وە، قۆناغی دەسەلاتی یەکەم – سەردەمی ئامریکا دەستپێدەکا، کە بریتییە لە دەسەلاتی تەکنۆلۆژیای تایبەت بە هەموو لایەنەکانی راگەیاندن و چەکی لە رادەبەدەری ستراتیژیو قەبەییو دەوڵەمەندیی ئابووری. بە شێوەیەك لە

شێوەكان، ئەو سێ هێزەی ئامریكا باوەشیان بە گێتیدا كردووەو بە كەڵەگایی دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە.
جەوهەری قۆناغی ئامریكا، لە جیهانگیریدا رەنگی داوەتەوە، ئەوەیە كە مرۆڤی ئامریكایی، بە پلەی یەكەم، خاوەنی سروشتەو بۆی هەیە لە پێناوی خۆشبەختیی خۆیدا بەكاری بهێنێ، نهێنییەكانی بدۆزێتەوەو بەروبوومی بماشێتەوە. لەم رووەوە سنوور دەسڕێتەوەو لەزەت بردن چۆن دەگونجێو چۆن بەدەست دێ، مەسەلەیەك نییە!.
هەڵبەت كەرەسەكانی ئەو كارە یا پڕۆژە زەبەلاحە، عەقڵ و زانست و تەكنۆلۆژیاو میدیاو ئابوورییە. رووپێوی پڕۆژەكەش گشت گەردوونە، بە زەمین و ئاسمان و ئاوەوە. ئاكامەكەشی زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتن و قازانج و كەڵەگاییو ئازاردان و سووكایەتیپێكردنی مرۆڤایەتیو خۆنواندنە بەسەریاندا.
من پێم وایە، پێكهاتەی مرۆڤایەتی لە رێبازو پڕۆژەی لەیەك نەچوو، بە ئامریكاو مامریكا ناسڕێتەوە. بە پێچەوانەوە، لەبەرامبەریدا بەرەنگاربوونەوە پەیدا دەبێو پێكهەڵپرژان دێتەكایەوە. ئەو وڵات و هێزانەی چاوەڕوان دەكرێن بێنە مەیدانەوە؛ چین و یەكێتیی هەڵبۆدراوی ئافریقاو میللەتانی موسڵمانە. جا لەم سیانە، كامیان بە پلەی یەكەم بێ، ئەوا پەیوەندیی بە ئامریكاو رووداوەكانی ئایندەوە هەیە. ئەمە جگە لەوەی پرۆژەی توندوتیژی ئامریكا درزێكی جیابوونەوە دەكاتە دیواری پێوەندیی ئامریكاو ئەورووپاوە.

## هەڵدانەوەی لیڤە شرە:

جەنگی دووەمی كەنداو لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمان و عێراق دا، وەك چۆن چەندان گۆڕانكاریی گەورەی لەسەر ئاستی جیهانیو ناوچەییو نێوخۆیی وڵاتاندا هێنایە كایەوە، هاوكات پەردەی لەسەر گەلەك پێوەندیی دووقۆڵیی نهێنیی نێوان وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدایەوە؛ یەكێ لەوانە، ژیاندنەوەو فراوانكردنی پێوەندیی فرەلایەنەی سیاسیو ئابووری بەشێوەی گشتیو پێوەندیی بوارەكانی ئاسایشیو سەربازیو ستراتیژیو تەكنۆلۆژیو پیشەسازیو جەنگی بە شێوەیەكی تایبەت، لە نێوان ئیسرائیل و توركیا دا بوو.

داگیرکردنی کوێت و دەمارتوندیو بیرکورتیو درندەیی سەرۆکی عێراق (سەدام حسێن)و چۆنێتیی مامەڵەی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ڕووداوەکەو دروستبوونی هاوپەیمانێتیی، بە هاوکاریی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، بۆ بەگژداچوونی بەغدا، زۆر لەوە پتربوون کە هیچ شتێك بۆ سیستەمی عەرەبی بهێڵنەوە، ئەو سیستەمەی کە لە بنەڕەتدا هێند شەق و شڕ بوو، پاڵێکی بەس بوو، لەسەر بنەمای نەمانی سیستەمی عەرەبی بوو، کە گفت وگۆی دووقۆڵیی نێوان ئیسرائیل –فەلەستین ، ئیسرائیل – ئوردن، ئیسرائیل – سوریا دا دەستپێکرد. عەرەبەکان لەبری ئەوەی بە یەك دەنگ و یەك بەرنامە ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببنەوە، تاك تاك کەوتنەوە، کە بۆ ئیسرائیل هەڵوێستی بەهێزو بۆ عەرەب هەڵوێستی لاواز بوو.

## ئیسرائیل و تازەکردنەوەی ستراتیژی:

گۆڕانکارییەکان وایانکرد هەر زوو ئیسرائیل بیر لە پێداچوونەوەی ستراتیژیی خۆی بکاتەوەو نەتوانێ لە ڕەنگدانەوەکانی شەڕی هاوپەیمانەکان لە دژی عێراق بە دوور بێ. سوپاسالاری ئەو کاتەی ئیسرائیل (ئیهود باراك) دەیگوت: "ئەو بوومەلەرزە مێژووییە کە لە ناوچەکەدا ڕوویدا، تەقینەوەکانی بۆ چەندان ساڵی ئایندە بەردەوام دەبێ، تا ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەی جیهانێکی نوێی تەواو جوداواز خۆ دەگرێ."

هەڵبەت گۆڕانکاریی نێوخۆیی ئیسرائیل بۆخۆیشی دەچنە پاڵ هۆکارەکانیدیکەو پێکەوە زەمینەی وەرچەرخانی ستراتیژیی ئیسرائیل پێکدەهێنن، کە دەتوانرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری بکرێن:

1- جۆرێتیی شەڕی دووەمی کەنداوو بەکارهێنانی چەك و جبەخانەو تەکنۆلۆژیاو ڕاگەیاندن، کەرەسەو تیۆری ئاسایش و شەڕی سەرەوژێرکردەوە، بۆ قۆناغی ئاواو لەوە دواتر پێویستیی بە بیرکردنەوەی قووڵترو پەیداکردنی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی هەیە.

2- نەمانی یەکێتیی سۆڤیەت، بۆشاییەکی سەربازیو سیاسیی فراوانی لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهاندا بەجێهێشت و بووە گۆڕانی وەزیفەی ناوچەیی هەریەکێ لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە، بە ئیسرائیل یشەوە.(1)

3- پەیدابوونی ترسێکی تۆقێنەر لای دانیشتوانی ئیسرائیل. ئەمە لەوەدا رەنگی دایەوە، کە زۆر لە ئیندارە هەڵبژاردەو دەستەی لاوانی هەڵگەوتوو لە خزمەتی سەربازی خۆیان بەدوور بگرن.(2)

4- تا ئەندازەیەك بەكارهێنانی کەڵەگایەتیی ئامریکا لەرووی ئیسرائیل دا، بۆ چوونە گفت و گۆ کردن لەگەڵ عەرەبەکاندا، شێوە هەڵوێستێکی ئاگاداربوونەوەی لەناو دەستەی بڕیاردەری سیاسیی ئیسرائیل دا پەیداکرد.

نەهێشتنی دڵەراوکێو مەترسیی ئاسایش و خۆپاراستن بۆتە دەستکەلای ئەو دەوڵەتە رەگەزپەرستەو چیی پێبکرێ بۆ دوورخستنەوەی خۆتۆقاندنی دەیکا، لەوانە: لاوازکردنی سەرجەم وڵاتانی عەرەب و دادۆشینی ئابوورییان و لە پەل و پۆو کەنارخستنی عێراق و بەرەوپێشەوەچوونی گفت و گۆی ئاشتی بە ویستی ئیسرائیل، ئینجا دانانی هێڵی سووری ئاسایش لەلایەن ئیسرائیل ەوەو کەڵەگاییو توانابەرزڕاگرتنی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. بۆ ئەو مەبەستە، ئامریکا پشتگیریی بێ سنووری خۆی رادەگەیێنێ. لە چاوپێکەوتنی (بیل کلینتن)و (ئیسحاق رابین)ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل.

لە 15 ی مارسی 1993 دا ( کلینتن ) دەڵێ: "باوەڕی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ئەوەیە کە، بێ ئەندازە، پشتگیری لە ئیسرائیل بکا، بۆ ئەوەی بە موتڵەقی توانستی بالاتر بێ لە ناوچەکەدا."(3)

## تورکیاو هەوڵدان بۆ خۆساغکردنەوە:

بەرامبەر گۆڕینی باری ستراتیژیو سیاسی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستداو بیرکردنەوەی ئیسرائیل بۆ دانانی ستراتیژێکی نوێ، تورکیاش بۆ یاریکردنی رۆڵێکی تازە، چاوی لە ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی کەنداو 1990 – 1991 بڕیبوو. بۆیە زۆر بە گوڕو بە خێرایی لە دژی عێراق هاوبەشیی جەنگی کرد. لەوێوە کلاوڕۆژنەیەکی گەورە بۆ پێوەندییەکانی بە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەلقان و ئەورووپاو ئامریکاو ئیسرائیل ەوە کرایەوە.

هاوبەشیی تورکیا لەو شەڕەدا، جێگای ستراتیژیی تورکیای لە رژێمی رۆژئاوادا سەلماندووە. دوابەدوای داگیرکردنی کوێت و پێش ئەوەی هاوپەیمانێتیی وڵاتانی دژ بە عێراق بە تەواوی

چوارچێوە بگرێ، وەزیری دەرەوەی تورکیا خۆ کۆدەکاتەوەو پێشەکی ئامادەبوونی وڵاتەکەی بۆ هەموو جۆرە هاریکارییەك رادەگەیەنێ. لە 6 ی ئەیلوولی 1990 دا دەڵێ: "دەخوازین هەڵوێستی تورکیا کارێکی وا لای هاوپەیمانەکانمان بکا، تێبگەن ئێمە هەمیشە لەگەڵ لایەنی سەربازیی رۆژئاواو هاوکاریی ئەوروپادایین."ئەمە ئاکامێکی وای هێنایە پێشەوە کە ویست و رۆڵێکی کاریگەرو سەرکردایەتیی ناوچەیی بۆ مەبەستی جێگیربوونی رۆڵی ستراتیژی بۆ تورکیا دیاری بکا. تورکیای سەرکردایەتیی (تورگوت ئۆزال) مەودای یاریکردنی سیاسیو ئابووریو سەربازیی زۆر بۆ رەخسا. لە کاتی کردنەوەی (کۆنگرەی وڵاتانی تورك زمان) دا؛ (تورکیا، ئازربایجان، قیرغیزیا، کازاخستان و تورکمانستان)، بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی فراوانی بازاڕی ئازاد لە نێوان تورکیاو کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا، لە 1992/10/30 دا سەرۆکی ئەوسای تورکیا، ئۆزاڵ داوای لە کۆنگرەکە دەکاو دەڵێ: "دەبێ ئێمە هەوڵبدەین چەرخی 21 ببێتە چەرخی تورك."(4) "چەرخی یەکگرتنەوەو گێڕانەوەی سەروەریێتیو نەمریی نەتەوەی تورك."(5)

## لاکردنەوەیەك بەلای جەنگی سارددا:

لە سەردەمی جەنگی سارددا بەرژەوەندیی سیاسەتی دەرەوەو ئابووریو هاوکێشەی سەربازی لە جیهاندا لە نێوان دوو زلهێزەکەدا (سۆڤیەت)و (ئامریکا) دروست بووبوو. ناوچەی دەسەڵات و هات و چۆو هاوکاریی وڵاتانی فەلەکیی، هەریەکەیان بەپێی نەخشەی تێگەیشتنی نێوانیان دابەش بووبوون. سۆڤیەت چەکی بە سوریاو عێراق دەفرۆشت. ئامریکاش، بە ئاشکراو بە نهێنی، پردی ئاسمانیی بۆ ناردنی چەك بۆ ئیسرائیل دروستدەکرد. لەهەمان کاتدا، هەردوولا سیاسەتی خۆگرتن و سنووردانان بۆ داهێنانی چەکی ئەتۆم و مووشەکی دوورهاوێژیان گرتبووە بەر.

ئەو بنەما ستراتیژیانەی سۆڤیەت و ئامریکا، لە سەردەمی جەنگی سارددا، بۆ مامەڵەو بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی، دایانمەزراندبوو، دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و نەمانی جەنگی سارد، زۆربەی بنەماکان هەرەسیان هێنا. چەندان دەوڵەت سنووریان بەزاندو هەریەکە لە لایەکەوە، سەرشێتانەو بێ لەبەرچاوگرتنی یاسای نێودەوڵەتی، بە تاقیکردنەوەو پەرەپێدانی چەکی ئەتۆم و مووشەکی دوورهاوێژەوە خەریکن.



هەواڵنامەی کتێب

(هینـری کیسـنجەر)ی وەزیـری پێشـووی ئامریکـا دەڵـێ: "بـۆ هەڕەشـەکردن لـە ئاشـتیی نێودەوڵەتان زۆرانبازی لەنێوان دوو دوڵەتە زلهێزە ئەتۆمییەکەدا چیدیکە بە پلەی یەکەم نایـێ. مەترسـیی گـرنگتر بڵاوبوونـەوەی چـەکی رەشـەکوژیو کاولکردنـە لـەو وڵاتانـەدا کـە پێوانـەی ئاسـاییان نییـەو بـە پەیـداکردنی چـەکی ئـەتۆم هەڕەشـەو گاڵتـە بـە جیهـان دەکەن."(6) لەو سەرچاوەی مەترسییانە؛ ئێران و عێراق و کۆریای باکور لەسەرووی ئەو وڵاتانەوە داناوە.

بـارودۆخی تـازە بـاڵی بەسـەر بڕیـاری سیاسـی واشـنتۆن دا کێشـاوەو بۆتـە لێکدانـەوەی هەمیشـەیی. بۆیـە کۆنگرێسـی ئامریکـا (( پـەیمانی بـە تـەواوی قەدەغەکردنـەوەی ئۆتۆنۆمی))ی دایە دواوەو بە چاوی گومانیشەوە، بۆ هەر پەیمانێکی نێودەوڵەتی، بۆ دانانی سـنووری خـۆ چـەککردن، دەڕوانـێ. لـەم بـوارەدا هـەنگاوی یەکـەمی ئامریکـا لـە دەرەوەی وڵاتەکەیدا، گرێدانی ئیسرائیل ە بە ستراتیژی گەردوونیی خۆیەوە.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە وەزیری بەرگریی ئەودەمەی ئیسرائیل (ئێریل شارۆن) جاڕیدا کە "دەوروبەری ستراتیژی ئیسرائیل لـە رۆژهەڵاتـەوە لـە پاکستان و کەنـداوەوە دەسـتپێدەکا تـا رۆخی مەغریب لە رۆژئاوا."(7)

پیادەکردنی ئەو سیاسەتە وای لە ئیسرائیل کـرد کـە لـە سـەرەتای شـەڕی عێـراق – ئێـران دا هێرش بکاتە سەر کارخانە ئەتۆمییـەکانی عێراق و تـەفروتونای بکاو لـەدوای تێکشکانی لـە شەڕی دووەمی کەنداودا ئەوەی مابووی لەبەینی بەرن و چاودێریی تاسەری بخرێتەسـەر کـە نـەتوانێ چـەکی قـورس دروسـت بکاتـەوە. (ئێریـل شـارۆن) و سـەرکردە کـۆن و تازەکـانی ئیسـرائیل لـە هـەموو کـەس چاکتر دەزانـن کـە دروسـتبوونی دەوڵەتەکـەیان لەسـەر بناغـەی تۆقاندن و کوشتنی گەلی فەلەستین و داگیرکردنی خاکەکەیان دامـەزراوە، بۆیـە بـیری ئـەوان، لەرووی ستراتیژو دەوروبەرەکەیانەوە، سێ لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە:

<u>یەکەمیان</u>: هەڕەشەی فەلەستینییەکانی ناوخۆ: گومانی تێدا نییە، بە دروسـتبوونی دەوڵـەتی سەربەخۆی فەلەستین یش، هەڕەشە لەسەر ئیسـرائیل کـەم نابێتـەوە، بـەڵکو دوادەکـەوێ، لـە قۆنـاغێکی نزیکـی دوای دروسـتبوونی دەوڵەتەکـەیان. زۆرانبـازیی بـەردەوام و تاسـەر لەنێوانیاندا هەر دەمێنێ.

دووەم: دراوسێکانیان و شەڕی تۆڵەی لەبن بردن و داگیرکردن و کاولکردن لەبیر دەوڵەتانی عەرەبی دراوسێ ناچێتەوە. هەمیشە خۆیان ناوەتەوە بۆ هەل و مەرجێ تۆڵەی خۆیان بکەنەوە.

سێیەم: مەترسیترین شت لەسەر ئیسرائیل مەسەلەی مانەوەیەتی. ئیسرائیل جگە لەوەی بە ئاسایی و سروشتی دروست نەبووە، خاوەنی بیرکردنەوەو فەرهەنگ و مامەڵەی هەڵگردنیش نین لە ناوچەکەدا. بۆیە مەترسیی لەناوچوونیان لەمێشك و پلان و کردەوەو ئایندەی هەر جوولەکەیەکی زایۆنیزمدایە.

ئەو هۆیانە وا دەکەن ئیسرائیل پێویستی بە پەیمانی ستراتیژی ئامریکاو تورکیا بێ. بەتایبەتی بێ پاڵپشتی ئامریکا ناتوانێ بمێنێتەوە. پێویستیی بە پارەیەکی قەبە بێ بۆ سازکردنی بەهێزترین دەزگای سەربازی لە ناوچەکەدا.

بەردەوامیی پەیوەندیی ئێران بە روسیاو کۆریای باکوورەوە مایەی دڵئێشەو سەرئێشەی ئامریکاو ئیسرائیل ەو تا ئێستا نەیانتوانیوە وا لە کۆریای باکووروروسیا بکەن لە پێوەندییان بە تارانەوە دوور بووەستن، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە هاوکارییان لەگەڵ ئێران و سوریاو عێراق دا بەشێکە لە ستراتیژیان بەرامبەر ستراتیژی ئامریکا.

## رواڵەتی ستراتیژی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا :

ئەگەرچی گۆڕینی نەخشەی جوگرافیی سیاسی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زۆر هەستی پێناکرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەخشەی بارودۆخەکە فرە گۆڕاوە کە دەتوانرێ رواڵەتەکانی لەم خاڵانەدا کۆبکرێنەوە:

1- هەل و مەرج رێککەوتن بۆ وڵاتانی رۆژئاوا کە پتر هێزەکانیان لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و کەنداوو زەریای عەرەبیو زەریای هیندی دا مۆڵ بدەن. بۆ ئەمە، شەرعییەتی مۆڵەت وەرگرتنیان لە وڵاتانی ناوچەکە وەرگرتووەو کەسیش لە ئیسرائیل پتر خێرو بێری بەرنەکەوتووە.

2- تێکشکانی تەواوی سیستەمی عەرەبیو لاوازکردنیان بۆ ئەوەی بە تەواوی وا بیربکەنەوە کە بێ هاوکاریی رۆژئاوا نەتوانن پەنجە بە ئاودا بکەن و خۆ بپارێزن.

3- تازەبوونەوەی گرنگیی ستراتیژیی جوگرافیی ناوچەکە.



هەواڵنامەی کتێب

4- رۆژئاوا کە لەسەر نەوت چەك و جبەخانە بەکار بهێنێ.
5- هەڵنانـەوەی رۆڵی ئیسرائیل لـە ناوچـەکەداو بەشـداریکردنی لـە بەرنامـەو بڕیارەکانی کێشانەوەی نەخشەی جیۆسیاسیی هـەموو ناوچـەکانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ئافریقـاو ئاسیا.
6- پەیدابوون و قووڵکردنەوەی سیستەمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بـە جۆرێـك کـە ئیسـرائیل سەرداریێتیی مەسەلە ئاساییشیو ئابووریو سیاسیو روناکبیرییەکانی ناوچەکە بکا.
7- بـە وەدەرهێنـانی عێـراق و لـە پـەل و پـۆ خسـتنی؛ تـەرازووی هێزەکـان لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل و تورکیا هاتۆتەوە.
8- کـەڵك وەرگرتنـی ئیسـرائیل و تورکیـا لـە (ناوچـەی ئـارام)ی خـوارووی کوردسـتان و تەراتێنی دەزگا جاسووسیەکان لەو ناوچەیەدا.

## بەرەو زێدەتر نزیکبوونەوەی ئیسرائیل و تورکیا:

دیپلۆماتێکی گەورەی تورك دەڵێ: "لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جگە لـە ئیسـرائیل، دەوڵـەتێکی دیکە نییە لە شێوەی تورکیا بێ."(8)

ئەو قسەیە بکرێ یا نەکرێ، راستییەکی بەڵگەنەویستەو لە جوگرافیـاو مێـژووی ئیسـرائیل و تورکیادا هەست پێـدەکرێ. گرنگییەکـەی هـی ئەوەیـە خۆیـان دانـی پێـدا دەنـێن. دوو وڵاتـن قاچیان لە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتەو سـەروگیانیان لـە ئـەوروپا. ئەمـە لـە هـەموو کارێکیدیکـە کاریگەرترە کە لە یەکدی نزیـك ببنـەوە. ئـەوجا هـەردوکیان دوژمنایـەتیی تـەواویان لەگـەڵ دەوروبەرەکەیاندا هەیە، ناحەزی ئیسرائیل سنووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەزاندووە.

جگە لە وڵاتانی عەرەبی، گشت وڵاتانی ئیسلامیی گرتۆتەوە. دوورتـریش بـۆ زۆربـەی وڵاتـانی ئافریقاو ئامریکای لاتین درێژبۆتەوە. هیدیکەش لە ئاسیاو ئـەورووپای رۆژهـەڵات، بەتایبـەت نەمسا. دژێویی تورکیا بە وڵاتانی عەرەبدا، بەتایبەت بـە سووریاو عێـراق دا دەڕوا بـۆ ئێـران، روسیا، ئەرمینیا، یۆنان و بولگاریا.

لـە رووی رووناکبیرییـەوە هـەردووکیان بـە رەسمـی دەمیـان نـاوە بـە فەرهـەنگی رۆژئـاواوە. ئیسـرائیل لەوەتـەی هەیـە، تورکیـاش لـەپێش دروسـتبوونی کۆمارەکەیانـەوە لـە 1923 دا، دەیانـەوێ بـە هێـزو زەبـروزەنگ خۆیـان بسـەپێنن. لـە تێکـەڵاوبوونی گیـانیو رووناکبیریو

کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا ناکارن. لە بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکاندا لە 30 ی ئۆکتۆبەری 1990 ەوە، هەنگاوەکانی نزیکبوونەوەی ئەو دوو دەوڵەتە بە خێراتر دەچوونە پێش. لە 19 ی دیسەمبەری 1991 دا حکومەتی ( سلێمان دیمیرێل ) نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیی ئەنقەرەی لای ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیو ئیسرائیلی گەیاندە ئاستی سەفارەت. بەر لەوە یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی پەیمانی وارسۆ پێوەندیی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئیسرائیل دا تازەکردبووەوە. ئەمە دوای ئەوەی کە لەوەوپێش لە جەنگی 6 ی حوزەیرانی 1967 ەوە پێوەندییەکانیان لە قازانجی عەرەب پساندبوو. چین و هیندستان یش هەمان کاریان ئەنجامدا. گێڕانەوەی ئەو پێوەندییانە واینکرد، ئیسرائیل ی دابڕاو لە جیهان تێکەڵاوی بنەماڵەی نێودەوڵەتی ببێتەوە. هەڵبەت لەو پێوەندییانەدا، ئەوەی تورکیا بۆ ئیسرائیل لە گشتیان بەبایەختر بوو.

لە هۆیە سەرەکییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسییەتی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل، تێکچوونی پێوەندییەکانی بوو بە سوریاو عێراق ەوە. بە گەیشتنی ساڵی 1991 ئەنقەرە لەوە گەیشت کە خراپبوونی پێوەندییەکانی بەو دوو دەوڵەتەوە درێژە دەکێشێ. بۆیە پێی وا بوو کە بەرزکردنەوەی پلەی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دا دەبێتە هۆی پتر هاوکاری لەنێوانیانداو تورکیا زێدەتر هەست بە سەلامەتیو ئارامی بکا لە دژی هاوپەیمانێتیی ئایندەی عەرەبەکان لە دژی تورکیا.(9)

ڕۆژ بە ڕۆژ پێوەندییەکان هەڵدەکشان تا ئەوەی سەرۆکی ئیسرائیل (حاییم هەرتزۆگ) لە ناوەڕاستی تەممووزی 1992 دا سەردانی تورکیا بکاو تورکیا یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی بێ پێشوازی لە سەرۆکی ئەو قەوارەیە بکا.

لەگەڵ ئەوانەدا، بەستنی ڕێککەوتننامەی ئاشکرا لەنێوان ئیسرائیل و تورکیادا دەستپێکرد. لە سەرەتادا ڕێککەوتننامەی گەشت و گوزار لە یۆنیۆ/حوزەیرانی 1992 دا ئیمزا کرا، کە بووە بەرەودانی بزووتنەوەی گەشت لە ئیسرائیل ەوە بۆ تورکیا بە ڕێژەی 300000 سێ سەد هەزار کەس لە ساڵێکدا. دوای سەردانی حیکمەت چەتین بۆ ئیسرائیل لە نۆڤەمبەری 1993 دا،(10) دوو ڕێککەوتننامەی دیکە ئیمزاکران کە دەربارەی ئابووریو ئاڵ و گۆڕی فەرهەنگی بوون. سەردانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا (تانسۆ چیلەر) بۆ ئیسرائیل لە تشرینی دووەم ـ نۆڤەمبەری 1994 بە خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە دەژمێررێ لە

پێوەندیی دووقۆڵییاندا یەکەمین سەردان بووە لەو ئاستەدا. لەو سەردانەدا، لەبەردەم ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئیسرائیل دا تانسۆ چیلەر دەڵێ: "تورکیا هاوبەشی هەوڵەکانی ئیسرائیل دەکا بۆ رووبەرووبوونەوەی دەمارتوندیو بەربەرەکانێی زەبروزەنگ. لەوبارەوە ئەگەر پێویست بینرا، دەشێ (هێز)یش بەکاربێ."(11) ئەو سەردانەی تانسۆ چیلەر دەبێتە بەردی بناغە بۆ کۆمەڵێك رێککەوتنی بازرگانیو ئابووری، وەك تازەکردنەوەی فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی تورکیا بە 500 ملیۆن دۆلار، ئامادەبوونی تورکیا کە ئەستەمبوڵ ببێتە بنکەی بانکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ژیاندنەوەی ناوچەکە بە سەرمایەی25 بلیۆن دۆلار کە لەوەوپێش لە کۆنگرەی (الدار البیضاء) ئیسرائیل پێشنیازی کردبوو." هەڵبەت ئەو پارەیە لە رۆژئاواو وڵاتانی کەنداو کۆدەکرێتەوەو زۆربەی بە قازانجی ئیسرائیل و تورکیا تەواو دەبێ. هەر لەو سەردانەدا ( تانسۆ چیلەر ) پێوەندیی تورکیا بە ئیسرائیل ەوە بە (پێوەندیی ستراتیژی نێو دەبا) هاوکات رێککەوتنێ ئیمزا دەکرێ بۆ گۆڕینەوەی زانیاریو کاروباری ئیستخبارات کە پێوەندیی راستوخۆی بە چالاکی ئیسلامیو کوردە جوداخوازەکانەوە دەبێ.(12)

سەرەکیترین خاڵەکانی رێککەوتننامەکە ئەمانەی لای خوارەوەن:

- ☐ نەهێشتنی قاچاچێتیی بابەتی بێهۆشکردن ( تلیاك ).
- ☐ گۆڕینەوەی زانیاریو پێڕەوکردنی پلانی ئاساییشی بۆ پاراستنی هاونیشتمانیی هەردوولایان بەرامبەر کارو کردەوەی تیرۆریستی.
- ☐ ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی مەشقکردن دەربارەی ئامرازەکانی قەلاچۆکردنی تاوان.
- ☐ پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە شارەزایانی تورك – ئیسرائیلی بۆ بەدواچوونی جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیەو ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولی لەنێوانیاندا.
- ☐ هەردوولا بەڵێنیان داوە کە هیچ زانیارییەکی نهێنی بێ رەزامەندیی لایەنەکەی دیکە بە وڵاتێکی دیکە نەگەیەنن.(13)

دوای ئەوە، بایەخدارترین سەردانێکی بەرپرسیاری تورکیا بۆ ئیسرائیل، سەردانەکەی (سلێمان دیمیریل)ی سەرۆك کۆمارە بۆ ئیسرائیل لە 11-14 مارسی 1996 دا.(14) لەو سەردانەدا، چوار رێککەوتننامە ئیمزا دەکرێ. لەوانە رێککەوتننامەی هاوکاریی ئابووری، رێککەوتننامەی بازرگانیی ئازاد، رێککەوتننامەی گەشەپێکردن و پاراستنی

پارەخستنەکارەوەی هەردوولایان و رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی یاسای باجی لە یەکتر جیاواز.(15) گرنگترینی ئەو رێککەوتننامانە، ئەوەی بازرگانیی ئازادە کە لەوێدا راگەیەندراوە تا ساڵی 1999 باجی گومرگی لە نێوانیاندا هەڵدەگیرێ.

## رێککەوتننامەی سەربازیی ئیسرائیل و تورکیا:

بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و سیاسەتی دەرەوەو سەربازیو ئابووریی تورکیاو ئیسرائیل، داوو دەزگای سەربازیی هەردوولایان بە وردیو زیرەکانە جێگە پێ دەدۆزنەوە. هەوڵدەدەن پێ بە دارەڕای قرچۆکدا نەنێن. بۆ هەر هەنگاوێك مەبەستیانە بناوانی توندوتۆڵ هەڵبەستن و ئاکامی کاری گەورەو بچووکیان کاردانەوەی هەڵپڕژاردن پەیدا نەبێ.لەم بارەوە، پێنج ساڵی سەرەتای نەوەتەکانی چەرخی بیستەم ساڵانی تەون چنین و خۆ ئامادەکردنن تا تورکیا و ئیسرائیل قۆناغی هاوکاری تێپەڕێنن و باوەشی هاریکاریی ستراتیژی بەیەکدا بکەن.

لە کاتی سەردانی جێگری سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بۆ ئیسرائیل لە 2/23/ 1996 دا رێککەوتننامەیەکی ستراتیژیی سەربازی مۆر دەکەن. لە 3/18 ی ئەو ساڵەدا وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل کورتە بەیاننامەیەك بڵاودەکاتەوەو ئەو رێککەوتنە ئاشکرا دەکا.

دروستکردنی یانەی ئاساییشی بۆ دیالۆگی ستراتیژی لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل یەکێکە لە بنەڕەتەکانی رێککەوتننامەکە. پێوەندییەکانی یانەکە لەسەر ئەم بەرنامەیەی خوارەوە دادەمەزرێنن:

1- ئامانجی یانەی ئاساییشی بۆ دیالۆگی ستراتیژی چاودێرکردنی ((مەترسییە هاوبەشەکانە)) کە هەڕەشە لە ئاساییشی تورکیا و ئیسرائیل دەکەن. ((دەزگای هاوبەش)) بۆ روو بەڕوو بوونەوەی مەترسییەکان پێکدەهێنن.

2- مۆڵەت بە ئیسرائیل بدرێ لەناو خاکی تورکیادا ((دەزگای گوێهەڵخستن)) دابمەزرێنێ تا بتوانن چاودێریی هەموو جووڵانەوەیەکی سەربازی لەناوچەکەدا بکەن. رادیۆی سوپای ئیسرائیل بڵاویکردەوە کە دەزگا سیخوڕییەکانی ئیسرائیل دەتوانن چالاکی سیخوڕیو کۆکردنەوەی زانیاری بەهۆی دەزگای نوێی ئەلکترۆنییەوە ئەنجام بدەن.

3- ئیسرائیل بەڵێنیدا کە زانیاریو وێنەی مانگە دەستکردەکانی خۆی بە تورکیا بگەیێنێ. دەزگای گوێهەڵخستن و سیخوڕییە ئەلکترۆنییەکان لەژێر دەستی سوپای تورکیادا دەبن، بۆ ئەوەی لە رووبەروو بوونەوەی یاخیبووەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لەناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ و سەرووی عێراق دا چالاکییان هەیە بەکاربهێنن.

4- لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتنەدا، بەپێی بەرنامەیەك کە دەوروبەری 600 شەش سەد ملیۆن دۆلاری تێدەچێ، هێزی ئاسمانیی تورکیا تازەدەکرێتەوە. فرۆکەکانی هێزی ئاسمانیی تورکیا لە جۆری ( F-4 ) بەهۆی شارەزایان و مەشقکارانی ئیسرائیل و تورکیاوە ئامادەکاریی شەڕیان نوێ دەکەنەوە. ئەم بەرنامەیە بە دەستەوەگێڕی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەڕێوە دەچێ.

5- بۆ ئەوەی ئاگاداربن کە کارێکی دوژمنکاری لە رۆژهەڵاتی زەریای ناوەڕاستدا روو نەدات، رێککەوتنەکە کاروباری چاودێریی زەریایی هاوبەشیی رێکخستووە. هاوکات ئەو چاودێرانە لەگەڵ هێزەکانی زەریایی سەر بە ئەستووڵی شەشەمی ئامریکا پێکەوە لە هاوکاریدا دەبن.(16)

## دەقی رێککەوتننامەی سەربازیی نێوان ئیسرائیل و تورکیا :

لەژێر ناونیشانی بوارەکانی هاوکاریی سەربازی لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل دا، دەقی رێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، بەم شێوەیە بڵاودەکرێتەوە:(17)

- ☐ تازەکردنەوەی 54 فڕۆکەی جەنگی لەجۆری (F-4 فانتۆم). بەپێی پرۆتۆکۆلێ کە بەهاکەی 630 شەش سەدو سی ملیۆن دۆلارە. ئەو فرۆکانە بە هاوکاریی ئیسرائیل دەکرێنە فانتۆمی دوو هەزار.
- ☐ بەرنامەی تازەکرندەوەی 54 فڕۆکەی جەنگی ( F-4 تایگەر ) بە بەهای دوو سەد ملیۆن دۆلار بە هاوکاریی پیشەسازیی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و تورکیا.
- ☐ بەرنامەی تازەکردنەوەی تانکی تورکیا لە جۆری (M-47) و (M-48 پاتۆن) و (M-60) و بکرێن بە شێوەی تانکی ئیسرائیلی ( ماگاش ) بە قیمەتی نزیکەی ملیارێك دۆلار. لەو بارەیەوە ئێستا گفت و گۆی لەسەر دەکرێ.

- بەرنامەی تازەکردنەوەی فرۆکەی هەلیکۆپتەری تورکی، بەتایبەت ئەوانەی لە جۆری (سیکورسکی – 70 بلاك هۆك ) و ( بیل – 209 کۆبرا) ن.
- دامەزراندنی چەك و زەخیرەی ئیسرائیلی لە فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیادا. لە هەمووان گرنگتر مووشەکی ئاسمان بۆ ئاسمان (بایسۆن)، مووشەکی ئاسمان بۆ ئاو (بویای)، بۆمبی (بیرامید) کە بە لەیزەر ئاراستە دەکرێ، بۆمبی (تال) ی هێشوویی. ئەمانە بە نرخی نزیکەی پێنج سەد ملیۆن دۆلار تەواو دەبن.
- گفت و گۆ لەسەر چەکدارکردنی هێزی ئاسمانیی تورکیا بە فڕۆکەی روانگەو ئاگاداریی ستراتیژی ( ئەواکس ) لە جۆری ( فالکۆن ) کە ئیسرائیل پێشکەوتنی بەسەردا هێناوە.
- گفت و گۆ کردن لەسەر هاوبەشیکردنی تورکیا لە بەرنامەی پێشخستنی سیستەمی مووشەکی دژی مووشەك (ئارۆ ) کە بە هاوکاریی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بدرێن بە هێزەکانی تورکیا.
- مەشقکردنی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل لە بنکەو ئاسمانی تورکیادا.
- فڕین و مەشقکردن و چاودێری و دەورییەی هاوبەش لە نێوان هێزی ئاسمانیی تورکیاو ئیسرائیل دا.
- مەشقی خولیی زەریاییو ئاسمانیی هاوبەش لە نێوان تیپی سەربازیی ئیسرائیل و تورکیادا بە هاوبەشیی ئامریکا.
- گۆڕینەوەی زانیاری لە بوارەکانی چاودێریو ئیستخبارات و قەلاچۆکردنی ترۆریست و شەڕی پارتیزانی.
- هاوکاری لە بوارەکانی باس و لێکۆڵینەوەو پێشخستن و بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیی سەربازیو ئەلکترۆنی.
- هاوکاری لە بوارەکانی نەخشەی ستراتیژیو دارشتنی پلانی هاوبەشی شەڕ.

### دەنگدانەوەی رێککەوتننامەکە :

تەگەرە پەیدابوون بۆ گفت و گۆی عەرەب و ئیسرائیل، بە تایبەتی وەستانی گفت و گۆ لە نێوان سوریاو ئیسرائیل لە سەرەتای ساڵی 1996 دا، هاندەرێکی سەرەکی بوو لە پەلەکردنی ئەنجامدانی رێککەوتننامەی سەربازیی تورکیاو ئیسرائیل. بەوە جارێکی دیکە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕایەوە بۆ سەردەمی گەلەکۆمەکێو هاوپەیمانێتیی سەربازیو ناوچەکەی خستەوە مەترسیی شەڕو هەڵپڕژانی هێزەکان. بۆیە هەر لەگەڵ ساتەوەختی ئاشکراکردنی ڕێککەوتنەکەوە، نارەزاییو هات و هاوار لە گشت لایەکەوە بەرز بۆوەو بە پێی بەرژەوەندیی ئاسایشیو مەترسیی ئاکامەکەی لێکدانەوەی لەسەر بڵاوبووەوە.

پرۆفیسۆر ( حسێن گوینەی )، مامۆستای ئاکادیمی ئاسایشی نەتەوەیی لە زانستگای ئەنقەرە، دەڵێ: "تورکیا فێری ئەوە بووە کە تەنها ڕێگای هێنانەدیی ئاواتەکانی لە جیهانی ڕۆژئاوادا ئەوەیە کە لۆبیی ئیسرائیلی پشتیوانیی لێ بکا."(18)

هەڵبەت ئەو باوەڕەی پرۆفیسۆر (حسێن گوینەی) لەسەر بنەمای سەرەکیی دروستبوونی کۆماری تورکیاوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. لە سەرەتاوە؛ دروستکەری دەوڵەتەکە مستەفا کەمال (ئاتاتورك) مەبەستی بە ڕۆژئاواییکردنی تورکیا بووە. لە ڕۆژانی یەکەمیشەوە جوولەکەی بە ئامرازو ڕێگەی گرنگ زانیوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ببێتە بەشێك لە ڕۆژئاوا، لە دامەزراندنی ئیسرائیل ەوە دواتر ددانپێدانی تورکیادا بەو دەوڵەتە لە 1949/2/8 گەلەك گۆڕانکاریی بایەخدار لەسەر ئاستی ئابووریو سەربازیو ئاسایشیو سیاسی لە نێوانیاندا بەردەوامە.

پرۆفیسۆر (گوینەی) ڕوونتر هۆکاری ڕاستەقینەی پەیمانەکە دەستنیشان دەکاو دەڵێ: "لە 1994دا هەوڵماندا هەندێ کەشتیی جەنگیو فرۆکەی هەلیکۆپتەر لە ئامریکا بکڕین و بەرەنگاریی پارتی کرێکارانی کوردستانی پێبکەین، بەڵام بەهۆی لۆبیی یۆنانییەوە لە ئامریکا، نەتوانرا ئەو کارە ئەنجام بدرێ."لە پرسیاری: بۆ دەتانەوێ کەشتیی جەنگی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان بەکاربهێنن؟ لە وەرامدا پرۆفیسۆر گوینەی دەڵێ: "بەڵێ، لە دژی ئەو حیزبەو لە دژی یۆنان، ئێمە دەمانەوێ یۆنانییەکان نیگەران بکەین و ببینە گەورەترین هێز لە زەریای ئیجەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین یۆنان یارمەتیی کوردەکان دەدا، دەمانەوێ لەشکری زەرياييان بەهێز نەبێ. بەڵام بەهۆی لۆبیی یۆنانییەوە نەمانتوانی چەك لە ئامریکا بەدەست بێنین تا لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا ڕێککەوتنمان ئەنجام نەدا."(19)

(حسێن گوینەی) لەسەر قسەکانی دەڕواو دەڵێ: "دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ ئیسرائیل دا، لە ساڵی 1997 دا توانیمان سێ کەشتیی جەنگی لە ئامریکا بەدەست بخەین.

بەر لەوە سێ ساڵ چاوەڕوانیمان کرد. بەهۆی نارەزایی و پاڵەپەستۆی لۆبیی یۆنانی دژی تورکیا نەمانتوانی شتێکمان دەستکەوێ، یا بتوانین هەندێ تەکنۆلۆژیی سەربازی و مووشەکی ئامریکاییمان دەستکەوێ، بەڵام ئێستا دەتوانین هەموو ئەو تەکنۆلۆژیاو چەکە پێشکەوتووانە لە ئیسرائیلییەکان بکڕین."(20)

بەر لەوە سیناتۆری ئامریکایی ( پۆڵ ساربانیس Paul Sarbanes )، کە یەکێکە لە سەرسەختترین دوژمنەکانی تورك لەناو کۆنگریسی ئامریکادا، دەڵێ: "تورکیا هەڕەشەیە بۆ یۆنان و هەوڵی کاری دوژمنانە لە دژی یۆنان دەدا. سیاسەتی جەوت لە زەریای ئیجەو بەشە داگیرکراوەکەی قوبروس پیادە دەکا."(21)

ڕۆژنامەی ( Turkish Daily News ) سەبارەت بە نەگەیشتنی ئەو چەکانەی تورکیا لە ئامریکای کڕیوەو لە ساڵێك زیاترە نەگەیشتوون، لە سیناتۆر ساربانیس دەپرسێ. ئەویش لە وەرامدا دەڵێ: "خۆم و هاوەڵەکانم چیمان پێدەکرێ بۆ قەدەغەکردنی گەیشتنی ئەو چەکانە دەیکەین، هەتا تورکیا سیاسەتی نادروستی خۆی نەگۆڕێ و کێشەکان چارەسەر نەکرێن و گرژی لە قبرس و ئیجەدا خاوەنبێتەوە ئێمە تێدەکۆشین چەکەکان نەگەنە تورکیا."(22)

سەبارەت بەو ڕێککەوتننامەیە، سەرجەم وڵاتانی عەرەب نارەزاییان دەربڕی. لەوانە: میسرو سوریاو عێراق، بە توندی هێرشیان کردەسەر. وەزیری دەرەوەی میسر، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی تورکەکان دەربارەی ڕێککەوتنەکە لە 2-3/ 5/ 1996 دا، سەردانی تورکیا دەکاو داوای زەمانەتییان لێدەکا کە لە دژی عەرەب بەکاری نەهێنن.

ئێرانییەکان بە توندی تورکیاو ئیسرائیل تاوانبار دەکەن کە گوایا یەکێك لە مەبەستەکانی ڕێککەوتنەکە گەمارۆدانی ئێران ە. دیپلۆماسییە ڕۆژئاواییەکان لە ئەنقەرە، ڕێککەوتنەکە بە وریاهێنانەوەی سوریاو ئێران لەقەڵەم دەدەن.(23)

ئەوەی جێگەی سەرنجە، (یاسر عەرەفات)ی سەرۆکی دەسەڵاتداریێتیی فەلەستین، نارەزایی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر ڕەخنەتوندەکانی عەرەب کە لە دژی تورکیا گرتبوویان سەبارەت بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەی تورکیاو ئیسرائیل.(24)

باوەڕی ئامریکاییەکان و بریتانییەکان پاڵپشتیکردنی ڕێککەوتنەکەیەو هەردوولایان لە سنووری ڕەوایی بەرگری و خۆپاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل دا دەیبینن. لە 1996/4/11 دا

لێپرسراوێکی پایە بڵندی ئامریکا بە ڕۆژنامەنووسان رادەگەیێنیو دەڵێ: "تورکیا هاوپەیمانێکی بەهێزمانە، بە تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابڵووقەدانی ئێران و عێراق دا. بۆیە مافی خۆیەتی لەگەڵ ئیسرائیل دا پەیمانی سەربازی ببەستێ.(25) هەر لەو بارەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، بۆ وەرامدانەوەی رەخنەی وڵاتانی عەرەب دەربارەی رێککەوتننامەکە، دەڵێ: "بەهێزکردنی هاوکاریی ستراتیژی لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل دا هەمیشە لە ئامانجە ستراتیژییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکایە. ئیسرائیل دۆستێکی راستەقینەیەو هاوپەیمانێکی بەهێزی وڵاتە یەکگرتووەکانە، هەروەها تورکیاش دۆستێکی راستەقینەو هاوپەیمانە. کارێکی سروشتییە پێکەوە هاوکاریی سەربازی بکەن. ئامریکا بە خۆشییەوە دەیەوێ هاوبەشی ئەو هاوکارییەیان بکا. ئەگەر هەندێ وڵاتانی عەرەب خۆشییان لێ نەیەت، ئەوە گرنگ نییە، چونکە ئیسرائیل پێویستیی بە یارمەتیی فراوان هەیە. بەختەوەرین کە یەکێك لە هاوپەیمانەکانمان لە پەیمانی ئەتلەسیدا ئەو کارە ئەنجام دەدا.(26)

وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی بریتانیا ( جێرمی هانلی) لەوبارەوە دەڵێ: "مەنتیقییە بڵێین ئیسرائیل مافی خۆیەتی بەدوای هاوپەیماندا بگەڕێو رێککەوتن لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا مۆر بکا بۆ ئەوەی بوار بۆ مەشقکردنی سوپاکەی بڕەخسێنێ.(27)

## زێدەتر تێکەڵاوبوون و گرێدانی چالاکیی هاوبەش:

پرۆسەی ئاشتی وا چاوەڕوان دەکرا باری ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرقەرار بکاو بە خۆشی بۆ هەموو لایەك – جگە لە کورد – بگەڕێتەوە. کەچی زۆری پێ نەچوو، لەبەردەم سیاسەتی توندی ئیسرائیل دا، بە پشتیوانیی ئامریکا، چاوگەشەکان تارماییان بەسەردا هات.

ئەوەی راستی بێ، دڵە لەرزێی تورکیا و ئیسرائیل پێکەوە، بۆ ئاسایش وا دەگەیێنێ هیچیان بە ئاسانی ناتوانن تێکەڵاوی گیانیو دەروونیو رووناکبیریی ناوچەکە ببن. دۆخی بەو جۆرە، پاڵپێوەنەری سەرەکییە تا چارەنووسی خۆیان پێکەوە گرێ بدەن و پەیمانی ستراتیژی لە نێوانیاندا ببەسترێ و پێشهاتەکان رۆژ بە رۆژ لە یەکدییان نزیکتر بکاتەوە.

بەلای هەندێك لە بیرمەندانی تورك هوە پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئەنجامی گۆرینی جۆرێتیی هۆشیاریی بیرکردنەوە لە لایەنەکانی دووبەرەکییەوە نییە، زێدەتر بەرهەمی سیاسیی جەنگی دووەمی کەنداوو کۆتایی شەری سارده، کە بوونە هۆی گۆرانکارییەکە. بە واتایەکی دیکە، پرۆسەی ئاشتی بەرهەمی بیرکردنەوەی پراکتیکیی عەقلانییە، وەك لەوەی قبولکردنی راستگۆیانەی بەرامبەر بێ. لەبەر ئەوە رەوی گفت وگۆ دوورودرێژو سەخت دەبێ.(27)

تورکیا بە بەردەوامی خۆی بۆ ئەوە ناوەتەوە کە پێوەندیی ئیسرائیل و عەرەب دروست نەبێ. بۆچوونەکەی سەرەوەی بیرمەندانی تورك رێگا خۆش دەکەن بۆ دەرخستنی گەوهەری سیاسەتی ستراتیژییان لەگەڵ ئیسرائیل. زنجیرە رێککەوتننامەکان و سەردانی یەك لەدوا یەکەکانی لێپرسراوانی بڵندپایەی هەردوولایان گومان ناهێڵێتەوە بۆ پتر خۆبەستنەوەی تورکیا و ئیسرائیل بە یەکەوە.

دوای رێککەوتننامەی سەربازیی 1996/2/23 تا کۆتایی ساڵی1997، 24 رێککەوتننامەو پرۆژەی هاوکاریی سەربازی لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل دا ئیمزا کراون. لەوانە:(28)

- پرۆژەی تازەکردنەوەی فرۆکەی ( F-4 ).
- پرۆژەی تازەکردنەوەی فرۆکەی ( F-5 ).
- بە هاوبەشی دروستکردنی فرۆکەی مەشقکردنی بۆ فرۆکەوان و هیدیکە بە فرۆکەوان بۆ چاودێری.
- پێشخستنی دەبابەی ( M-60 ) و بەدەستهێنانی (600) تانکی تازە ( مێرکۆری ).
- گۆرینی تفەنگەکانی سوپای تورکیا بە تفەنگی ئیسرائیلی ( رایفاڵ ).
- دامەزراندنی کەرەسەی ئەلکترۆنیی تایبەت بۆ چاودێریی سنوورەکان و دامەزراندنی رادار لەسەر فرۆکەی ( F-4 ) لەلایەن ئیسرائیل هوە بۆ سوپای تورکیا.
- خەملاندنی هاوبەش سەبارەت بە مەترسییەکان بە هەر سێ مانگ جارێك لەسەر ئاستی شارەزایان و هەر شەش مانگ جارێك لەسەر ئاستی وەزیرانی بەرگری و سەرۆکانی دەستەی ئەرکان.
- ئاڵ و گۆری زانیاریی سیخوری و رێککەوتن لەسەر ( کۆد )ی نهێنی.
- دروستکرنی فرۆکەی ( F-16 ) بە هاوبەشیی هەردوولا.

هەموو کتێبێ

- فرۆشتنی مووشەکی ئاسمان بۆ زەمین لە جۆری ( بوبای 1 ) و ( بوبای 2 ) بە تورکیا.(30)

هاوکات لەپاڵ بەستنی دەیان ڕێککەوتننامەی سەربازیو بازرگانیو سیاسیو ئاو، کۆمەڵێك مەشقی سەربازی لەنێوانیاندا ئەنجام دەدرێ. ئەوانە ترس و لەرزێکی زۆر لە ناوچەکەدا دروست دەکەن و دەبنە مایەی لەفکردنی ئاسایش.

لە ئایاری 1997 دا، بە هاوبەشیی ئامریکا، تورکیا و ئیسرائیل مەشقی سەربازیی لە زەریای سپیی ناوەڕاستدا ئەنجام دەدەن. دوای شەش مانگیش، لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا، دووبارە سازی دەکەنەوە.

سەردانەکانی لێپرسراوانی بڵندپایەی هەردوولایان خاڵێکی دیکەی وەرچەرخانە لە پێوەندیی تورکیاو ئیسرائیل دا. لەو بارەوە سەرۆکی هێزی زەریایی تورکیا (ئادمیراڵ ئەرقایا) لە ئایاری 1996 دا سەر لە ئیسرائیل دەدا. سەرچاوە ئاگادارەکانی ئەنقەرە ڕایانگەیان کە مەبەست لەوەیە تورکیا بە هاوکاریی ئیسرائیل دەزگای ئینزاری ئەلکترۆنی لەسەر سنوورەکانی سوریاو ئێران دابمەزرێنێ.(31)

لە 15/ 7/ 1999 دا سلێمان دیمیرێل سەر لە ئیسرائیل دەداو هاوپەیمانێتیو دۆستایەتی تازە دەکەنەوە. لەو سەردانەدا لەگەڵ شارەزایان و خەڵکانی بازرگانی و تەکنۆلۆژیی ئیسرائیل دا کۆدەبێتەوە.(32) دوای سەردانەکەی سلێمان دیمیرێل، (مەسعود یەلماز)ی سەرۆك وەزیرانی، لە ناوەڕاستی ئەیلوولی هەمان ساڵدا دەچێتە فەلەستین و ئوردن و ئیسرائیل. قۆناغی یەلماز قۆناغی هێنانەدیی ئاواتێکی گەورەی ئیسرائیل ە، ئەویش پاکسازیی هێزە ئیسلامیەکانە. لە عەممان بۆ دڵدانەوەی عەرەبەکان دەڵێ: "هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ ئیسرائیل دژی لایەنی سێیەم نییە." پێی لەسەر ئەوە داگرت کە تورکیا بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی دەجووڵێتەوە.(33) ئەوجا نۆرەی سەردانی (ئێهود باراك)ی سەرۆك وزیرانی ئیسرائیل دێت بۆ تورکیا. لە کۆتایی تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەری 1999 ئەنجامی دەدا. ڕەنگە ئێهود باراك لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی تورکیادا (بوڵەند ئەجاوید) لە بنی کولەکەی دابیو گەیشتبێتە هەموو جۆرە پێوەندییەکی چارەنووسی. مەسەلە جۆربەجۆرەکان دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە؛ پێش هەموویان سەربازیو ئاساییشی. باراك خۆی دەڵێ: "لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا (بوڵەند ئاجاوید) باسی

هاوکاریی ئاو و گەشەکردنی کشت وکاڵ و ژێرخانە سەرەکییەکان و گەشت و گوزارمان کرد، هەروەها مەسەلە ئاساییشیەکان. هەردوولامان لەو بوارانەدا کاردەکەین تا پتر بەرەوپێشەوە بچین." زۆر بە سەربەرزیو خۆشبەختییەوە شانازی بەوەوە دەکا کە یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ە بە ئاشکرا دەچێتە تورکیاو دەڵێ: "41 ساڵ بەسەر سەردانە نهێنییەکەی یەکەمین سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگریی ئیسرائیل (دێڤد بن گۆریۆن)داتێدەپەڕێ. من زۆر شادمانم کە یەکەم سەرۆك وەزیرانم بە ئاشکرا دێم و لەگەڵ سەرکردەکانی تورك دا کۆدەبمەوە."(34)

هەر لەو سەردانەدا لێپرسراوێکی بڵندپایەی ئیسرائیل ئاشکرای کرد کە مەسەلە سەربازییەکان ناوەندی باس و خواسەکانی دوو سەرۆك وەزیرانی تورکیا و ئیسرائیل بوون.(35)

وەك دەبینرێ پێوەندییەکان پتر هەڵدەکشێن و ناوچەکەش زۆرتر دەکەوێتە مەترسیو نائارامییەوە. بەسەرهات و ڕووداوەکانیش بەڵگەن کە هەردوولایان بە وردی بیریان کردۆتەوەو هەر لایەنەو لە بەرژەوەندیی خۆی کاری کردووە. هەردوو لاشیان دەیانەوێ لە ڕێگای زەبروزەنگ و بە هێزی سوپاوە کاریان بەرنەسەر. بە قسەی (بنیامین ناتانیاهو): "ئاشتییەك لەسەر بناغەی هێز دروست بێ."(36) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە دەکەن.

## هۆکارو ئامانجەکانی ڕێککەوتنەکان:

وردبوونەوەو تێگەیشتن لە بنەڕەتەکانی ڕێککەوتنەکانی ئیسرائیل و تورکیا، هۆکارو ئامانجەکانمان بۆ ڕوون دەبنەوە:

1- هەردوولایان لەوە گەیشتوون کە ئەو دوو دەوڵەتە، لە ڕووی بیرکردنەوەو تێڕوانین بۆ دوارۆژ، چاویان لە ڕۆژئاوایە. مانەوەو پاراستنی خۆشیان بەستۆتەوە بە نەخشەی ستراتیژیی ئامریکا بەتایبەت و ئەورووپا بە پلەی دووەم.

2- هەر یەکە لای خۆیەوە کۆمەڵێ دژمنی مێژوویی و درێژخایەنیان هەیە. ئاسۆی وەدیهێنانی ئاشتی لەگەڵیاندا لە مەودایەکی نزیکدا نابینرێ. واش کەوتۆتەوە زۆربەی دوژمنەکانیان هاوبەشن. هیچ یەکێکیان لەگەڵ تاکە دژمنێکی ئەودیکە دۆستایەتیو پێوەندیی ئاسایی نییە.

3- یەکێ لە گەورەترین دوژمنە سەرسەختەکانی هەردوولایان کە مەترسییەکی ڕاستەقینەو تۆقێنەرانەیان بۆ دروستکردوون، گەشەکردن و دەستوەشاندن و دەست وبردی ڕێبازی ئیسلامییە. بۆ ئیسرائیل: حزب اللەی لوبنانی، حماس و جهاد الاسلامی فەلەستینن. بۆ تورکیاش: ڕەوتی ئیسلامی لە حزبی ڕەفاه و دواتر فەزیلەت و ئەو ڕێکخستن و کۆڕو کۆمەڵانەی بەدەوریانەوەن. ئەو ڕێبازە ئیسلامییانە هێندە تەنگیان بە ئیسرائیل و تورکیا هەڵچنیوە، ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستینی بۆ ئیسرائیل و بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ تورکیا لە مەترسیدا بوونەتە پلەی دووەم.

4- داوەشاوی‌و لە گرێژنەچوونی باری ئاسایشی لە هەردوو وڵاتەکەدا، داوودەزگا سیخوڕی‌و زانیارییەکان دوو لە گەورەترین و شارەزاترین دەزگای سیخوڕیی جیهانن. ئاڵ و گۆڕی شارەزایی‌و زانیاریی نهێنی‌و شێوەی کارکردنیان لە نێواندا پاڵپشتێکی مەعنەوی‌و ماددییە بۆ مانەوەی سیستەمی هەردوولایان. لەم بوارەدا، تورکیا زۆر پێویستی بە هاوکاری‌و دەستکەوتنی زانیاری هەیە. ئیسرائیل یش پێویستی بە نزیکبوونەوەی جوگرافیی دوو دژمنی تەقلیدیی سەرسەختی هەیە کە ئەوانیش ئێران و عێراق ن.

ئەوانەی سەرەوە هۆکارە هاوبەشەکانی ئیسرائیل و تورکیان بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئاسایشی‌و سەربازیی نێوانیان. هاوکات هەر یەکەشیان ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە. بە لایەنی تورکیاوە:

یەکەم: قەیرانی ئابووریی تورکیا بە جۆرێکە، لە نابووتییەوە نزیکە. لە ڕێگای ئیسرائیلەوە، کە یەکەمین دۆستی ستراتیژیی ئامریکایە، دەیەوێ جێ پێی خۆی لە گفت و گۆی لەگەڵ دەزگا ماڵی‌و ئابوورییەکانی نێودەوڵەتی بەهێز بکا، بۆ ئەوەی قەرزو قۆڵەی بدرێتێ‌و باری تەپیوی ئابووریی هەستێتەوە.

دووەم: جاری وا هەیە، لەسەر وەدەستهێنانی چەك و جبەخانە بۆ تورکیا، سەختی‌و ژاوەژاوی زۆر پەیدا دەبێ. هەر وەختێ ئەڵمانیاو بریتانیا چەکی بدەنێ، پاڵەپەستۆی زۆریان دەخرێتە سەرو لێیان دەکەنە هەڵا. بەڵام ئیسرائیل بێ ئەوەی منەتی بەکەس بێ‌و خاترو خەجاڵەتی ئەم و ئەو بێ، تورکیا چ چەکێك دەخوازێ، ئیسرائیل دەیداتێ.

سێیەم: پتر نزیکبوونەوەی تورکیا لە ئیسرائیل دەبێتە پەیدابوونی پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئەوەی تورکیا بتوانێ روو بە رووی کۆمەڵەکانی ئەرمەنیو یۆنانی لە ئەمریکا ببێتەوە، بە تایبەت لە کێشەی قبرس و چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپاوە.
لە شوباتی 1997 دا ( تانسۆ چیلەر )ی وەزیری دەرەوەی تورکیا داوای لە ( دێڤید لێڤی )ی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل کرد کە هەوڵ بدا ئەوروپاییەکان بڕیاری پەرلەمانی ئەوروپا لە ئەیلوولی 1996 دا سەبارەت بە سڕکردنی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی گومرگی لەسەر هەڵبگرێ.(37) ئیسرائیل یش بە رۆڵی خۆی ئامانج و نەخشەی هەیەو لە رێگای رێککەوتنەکانەوە دەتوانێ وەدەستیان بێنێ. ئەوانەش لەمانەی خوارەوەدا کۆ دەبنەوە:
یەکەم: تورکیا ببێتە ئامرازێك بۆ پیادەکردنی سیاسەتیئیسرائیلی بەوەی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر عەرەب. لەو ناوەدا، هەڕەشەکردن لە عێراق و سوریا بە زەقی دیارە. مەسەلەکانی کوردو ئاو یارییەکی چاکیان پێدەکرێ. لە کەنارکردنی ئێران یشدا، تورکیا دەکارێ رۆڵی تەواو ببینێ.
دووەم: پیادەکردن و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی یەکەمین سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل ( دێڤید بن گۆریۆن )، ئەویش بە قووڵکردنەوەو بەهێزکردنی پێوەندیی ئیسرائیل بە وڵاتانی دراوسێی عەرەب دوە، تا بە کێشەی لاوەکییەوە خەریکیان بکاو مەسەلەی سەرەکی کە فەلەستین ە لە خەیاڵیاندا دووربکەوێتەوە.
سێیەم: گەیشتنە سەرچاوەکانی ئاوی دیجلەو فەرات و دەستبەسەرداگرتنیان بە بیانووی هاوبەشێتیی ستراتیژی بە تورکیاوە. لەو رێگایەشەوە هەوڵی ملکەچکردنی عێراق و سوریا بدرێ بۆ نەخشەکانی ئامریکاو ئیسرائیل و تین هێنان بۆ سوریا لە گفت و گۆی چارەسەری کۆتاییدا.
چوارەم: خراپکردنی پێوەندیی نێوان تورکیاو عەرەب، تورکیاو جیهانی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکیاو ئیسلامییە عەرەبەکان و دوورتریش، هەر وەك لە سەردەمی هاتنەکایەوەی پارتی رەفاه دا دروست بوو.(38) لە هەمان کاتدا ئیسرائیل گەرەکێتی دەست بەسەر کۆمارە ئیسلامییەکانی ناوەڕاستی ئاسیادا بگرێ، چونکە لەوە دەترسێ ئەو کۆمارانە، کە دانشتوانیان شەست ملیۆن دەبن، لەسەر بنەڕەتی ئایدیۆلۆژیا، رژێمی وەك پاکستان یان تێدا پەیدا ببێ. ئەوە وا دەکا ئیسرائیل لەژێر پەردەی تورکیادا

هەواڵنامەی کێب

خۆ بئاخنێتـە ئـەو وڵاتانـەوە. ( شـەمعون پێرێـز )ی سـەرەکی وەزیـران و سیاسـەتمەداری ئیسرائیل لەو بارەوە دەڵێ: "ئاواتەخوازین گیانی ئەتاتورکی لەو ناوچانەدا بەرکەماڵ بێ بۆ ئـەوەی لـە کاریگـەرێتیی ئێـران و پاکسـتان بـە دوور بـن. ئیسـرائیل یـش لـەژێر پـەردەی تورکیادا تەراتێن بکا."

<u>پێنجەم</u>: ئامانجی ئیسرائیل، لە پێوەندیی بە تورکیاوە، سووککردنی باری ئامریکایـە لـەرووی ئاساییشـەوە. هـەروەها قەدەغـەکردنی زیـادبوونی هێـزی ئێـران. رۆڵـی تورکیـا لـە دەستبەسەرداگرتنی هاوکێشـەی ناوچەییو راگرتنـی ئیسلامی ئوسوولی لـە ئێران و ناوچـە عەرەبییـەکانی دیکـەدا زۆر گرنگـە. بۆیـە رێککـەوتنی سـەربازی لەگـەڵ تورکیـادا لـەباری سـەرنجی شـەمعون پێرێـز دەوە رێککـەوتنێکی ئاساییشـییە بـە رووی ئێـران دا کـە دەیـەوێ چەکی پێشکەوتوو لە رووسیاو چین و کۆریای باکوور بەدەستبێنێ.

<u>شەشـەم</u>: ئیسـرائیل لـە رێگـای ئـەو رێککەوتنـەوە دەیـەوێ رێ لـە فراوانبـوونی رەوی موسلمانەتی لە تورکیا لە ژیانی سیاسیدا بگرێو بـە هـەموو شێوەیەك لاوازی بکا. وەختـێ (عیـزرا وایزمـان)ی سـەرۆکی ئیسـرائیل لـە 1998 دا سـەردانی تورکیـا دەکـا، رووبـەڕووی سەرۆکی تورکیا ( سلێمان دیمیرێل ) بـە راشکاوی دەڵـێ: "بـاوەڕی تـەواوم هەیـە کـە سـەرۆك چی لەدەست دێ بۆ قەدەغەکردنی دروستبوونی حکومەتێکی ئیسلامی لـە تورکیادا ئانجامی دەدا. وا چاوەڕوان دەکـەم کـە سوپای تورکیـا لەبـەردەم هـەر هەوڵێکدا، کـە تورکیـا بـۆ دواوە نەبرێتەوە دەستەوەستان نەوەستێ."(38)

## خۆئامادەکردن بۆ جەنگ لەگەڵ سوریادا :

دوای ئەوەی زنجیرە رێککەوتننامەیەکی ئاساییشیو سەربازیو سـتراتیژی لـە نێوان ئیسـرائیل و تورکیا ساز دەکرێو بە دروستیو وردی زەمینەیەکی پتەو ئامادە دەکرێ، تورکیـا هەوڵـدەدا توانستەکانی بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان تـەرخان بکا. لەو بارەوە چاکترین و زیرەکانەترین رێگا بـە سوریادا هەڵپرژانـە. بـە زووتـرین کـاتیش ئـەوەی دەیـەوێ دەسـتی دەکـەوێ. ( ئەنقـەرە هەمیشـە وا بـیری کردۆتـەوە کـە دیمەشـق سەرچـاوەی سـەرەکیی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان ەو لـە رووی لۆجسـتیی دەرەوەو مەشـقکردنەوە پاڵپشـتی ئـەو هێزەیـە).(39) گـەورە کاربەدەسـتانی تورکیـا، لـە دوای

ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکەی 23 ی شوباتی 1996 ەوە بە قسەو بە نووسین، سوریا دەهێننە مەیدانی گلەیی و هەڕەشەوە، بە ئاگای دەهێننەوە کە دەستبەرداری PKK بێ و چی دیکە یاری بەو کارتە نەکا. زۆرجار لە دیپلۆماسییەتی دەردەکەن و بەوپەڕی ڕاستەوخۆییەوە لە ئاکامی هاوکاریی PKK و مەترسییەکانی تاوانباری دەکەن.

( تورهان تایان )ی وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە وتوێژێکی ڕۆژنامەنووسیدا، لە وەرامی پرسیاری "دوژمنەکانی ئێستای تورکیا کێن؟" دەڵێ: "پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەو دەوڵەتانەی یارمەتی دەدەن ناکرێ بە دۆست بزانرێن. زانیاریی تەواومان هەیە کە سەرکردەی ئەو حیزبە تیرۆریستە مارکسییە – لینینییە (عەبدوللا ئۆجەلان ) ئێستا لە دیمەشق ە."(41)

تورکەکان پشتیوانیی سوریایان بۆ بزووتنەوەی جوداخوازیی کورد دەگێڕایەوە بۆ مەسەلەی ئاو، تا بتوانرێ بەشی تەواو لە ئاوی فورات و دیجلە بۆ وڵاتانی عەرەب وەربگرێ. وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا ( دەنیز بایکاڵ ) لەو بارەوە دەڵێ: "هەندێ لایەن پێیان وایە پێویستییان بە ئاوی زۆرتر هەیە بۆ ئەوەی دەستی تیرۆریستانەی خوێناوییانی پێ بشۆن."(42) گومانی تێدا نییە مەبەست لە سوریا یەو ڕەنگە تا ئەو کاتە ئەوە گەورەترین هێرش بێ بۆ سەر سوریاو ڕاستەخۆ بە تیرۆریست ناوی بەرن. بەر لەوەی سوریا چۆك دابداو خۆ بەدەستەوە بدا، لە ڕۆژانی کۆبوونەوەی دووقۆڵیدا بۆ چارەسەری کێشەکانیان (سلێمان دیمیرێل ) لە سمندیگ لە نزیك سنووری سوریاوە دەڵێ: "ئێمە چاومان لە خاکی کەس نەبڕیوە. هەرکەسێ چاو لە خاکی ئێمە دەبڕێ ئەوا سەر دەدا لە بەرد."(43)

لەوەش پتر وەزیری دەرەوەی تورکیا ( تورهان تایان )، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، لە 1997 دا، ئەوە ئاشکرا دەکا کە سوریا دژمنی هاوبەشی تورکیاو ئیسرائیل ە. ئەمە هێمایە بۆ ئەوەی کە لە شەڕی تورکیا لەگەڵ سوریادا ئیسرائیل لەو سەرەوە هاوبەشی دەکاو تین بۆ سوریا دەهێنن. تورهان تایان دەڵێ: "سوریا مەترسیی هاوبەشمانەو پشتیوانی لە چالاکیی تیرۆریستانە دەکا لە دژی تورکیا و ئیسرائیل. بۆ هەندێك لە چاودێرانی تورك گران نییە دژمنانی هاوبەشمان بدۆزنەوە کە ئێران و عێراق و سوریان. پیاو نابێ لەبیری بچێتەوە کە ئێران مووشەکی مامناوەندی لە چین بەدەستهێناوە. لەبەر ئەوە، ئێران جێگای مەترسییە

بـــۆ تورکیـــا. هـــۆی بنـــەڕتی بـــۆ زیـــاتر نزیکبوونـــەوەمان لـــە ئیســـرائیل دژمنـــە هاوبەشەکانمانن."(44)

لـە سـەردەمی هەڵچوونی قەیرانەکـەی تورکیـا و سـوریا، گۆڤـاری ( جینـز )ی بریتـانی، کـە تەرخانـە بـۆ کاروبـاری سـەربازی، رادەگـەیێنێ کـە وەزیـری بـەرگریی ئیسـرائیل (ئیسحاق مۆردخای) کەسایەتییەکی بڵندپایە دەنێرێتە تورکیا بۆ ئـەوەی وێنـەی تـازەی جێگـاو ڕێگـای سوریا بدا بە دەزگا سەربازیو سیخوڕییەکانی تورکیا.(45)

بۆ زێدەتر تۆقاندنی سوریا و بـۆ ئـەوەی خـۆ بەدەسـتەوە بـدا، ئامریکـای دۆسـتی سـتراتیژیی تورکیاو ئیسرائیل، لەو بەزمەدا پشتیوانیی خۆی بـۆ تورکیـا رادەگـەیێنێو راسـتەوخۆ سـوریا تاوانبـــار دەکـــا. یاریـــدەدەری وەزیـــری دەرەوەی ئامریکـــا ( مـــارتن ئەنـــدیك )، رۆژی 1998/10/8 لە قاهیرە داوا لـە سوریا دەکا بـە گرنگـی مامەلـە لەگـەڵ کێشـەی هەرەشـەی تورکیادا بکا.(46) ئەندیك زێدەتر لەسەری دەڕواو دەڵـێ: "چـەندان کێشـەی قووڵمـان هەیـە کـە پێویسـتییان بـە چارەسـەرکردنی خێـرا هەیـە، بەتایبـەت ئـەوەی پێوەنـدیی بـە پـارتی کرێکارانی کوردستان دەوە هەیە کە کێشەیەکی سەرەکییە.(47)

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی 1998 دا، لە کاتی کردنـەوەی ساڵی نـوێی پەرلـەمانی تورکیـا، (سلێمان دیمیرێل)ی سەرەك کۆمـار بـە راشـکاوی هەڕەشـەی جـەنگی فرەلایەنـە رادەگـەیێنێو سنوورێکی کێشراو بۆ سوریا دادەنێ. لە پارلەماندا قسە دەکاو دەڵـێ: "رۆژ بـە رۆژ پێوەنـدیی دۆستایەتیمان لەگەڵ ئیسرائیل و فەلەستین دا بەرەوپێشەوە دەچێ، بەڵام هەنـدێك دەوڵـەت، وەك سـوریا، وڵاتـانی عـەرەب هـان دەدا بـۆ تێکـدانی پێوەنـدیمان بـە ئیسـرائیل دەوە. ئـەوە کردەوەیەکی دۆسـتانە نییـە. سـوریا بـە ئاشکرا سیاسـەتی دژی تورکیـا پـەیڕەو دەکـا. لەگـەڵ هـەموو ئاگادارکردنەوەیەکیشـماندا، بـەردەوام یارمـەتیی کاریگەرانـەی ( پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان ) تێکـدەر دەدا. ئێمـە جـارێکی دیکـەش بـە هـەموو جیهـان رادەگـەیێنین، ئەگـەر سوریا واز لەو کارانە نـەهێنێ خەریکـە ئارامـان لەبـەر هەڵـدەگرێو بـە تـەواوی تواناکانـەوە بەرپەرچـی سیاسـەتی دژمنانـەی سـوریا دەدەینـەوە.(48) هاوکـات ئەنجومـەنی ئاسایشـی تورکیـاو گشـت پـارت و کـۆڕو کۆمەڵـەکان پشـتیوانیی خۆیـان لەگـەڵ هەڵوێسـتی دەزگـای سـەربازی گـرێ دەدەن و بـە تـەواوی راشکاوییەوە خـۆ بـۆ ئامـادەکردنی جـەنگی دژی سـوریا تەیار دەکەن.

مەسەلەکە هێند ئاڵۆزو مەترسیدار دەبێ،(حوسنی موبارەك)ی سەرۆکی میسر و وەزیری دەرەوەکەی، هاوکات (کەمال خەڕازی) وەزیری دەرەوەی ئێران، بە نوێنەرایەتیی سەرۆکی ئێران، چەندان جار دەچنە ئەنقەرەو دیمەشق، بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە چارەسەری ئاڵۆزییەکە بکرێ. هەڵبەت سوریاش لە قۆناغە ناسکەکە دەگاو دەزانێ تەڵەیەکی کوشندەیەو بۆی نراوەتەوە. بۆیە لە کۆبوونەوەی نێوان (حافز ئەسەد)ی سەرۆکی سوریاو (حوسنی موبارەك)دا، لە دیمەشقەوە پشتگیریی خۆیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیپلۆماسییانەی کێشەکەی نێوان سوریاو تورکیا رادەگەیێنن. لەو بارەیەوە ئایندەیەکی زوو لەپێش چاو دەگرن.(49)

هۆی سەرەکیی ئەو ملکەچکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سوورییەکان پێیان وا بووە کە پەیمانی سەربازیی تورکیا-ئیسرائیل سووتەمەنیی و ئاگرخۆشکەری قەیرانی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی 1998 ە لەنێوان سوریا و تورکیا دا.(50)

## دەقی رێککەوتننامەی ئەدەنە لە نێوان سوریاو تورکیادا :

لەبەر رۆشنایی ئەو نامانەی بە نێوی سوریاوە، هەریەکێك لە سەرۆکی کۆماری میسری عەرەبی جەنابی ( حوسنی موبارەك )و وەزیری دەرەوەی ئێران ( کەمال خەڕازی ) لە جیاتیی سەرۆك کۆماری ئێران – ( موحەممەد خاتەمی )و وەزیری دەرەوەی میسری عەرەبی ( عەمرۆ موسا ) بە تورکیایان گەیاندبوو، وەفدی تورکیاو سوریا کە نێویان لەم بەڵگەنامەدا تۆمار کراوە، لەپێناوی گفت و گۆکردن دەربارەی هاوکارییان بۆ لەناوبردنی تیرۆریست، لە 19 – 20 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 1998 دا لە ئەدەنە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا لایەنی تورکیا دووپاتی کردەوە کە، ئەو بەڵێنەی داوێتی بە سەرۆکی میسر لە پێناوی نەهێشتنی گرژی لە پێوەندییەکانماندا بباتە سەر. هەروەها تورکیا ئەو وەرامەی بەهۆی میسری عەرەبییەوە پێگەیشتووەو ئەم بەڵێنانەی سوریای بەرامبەر بە تورکیا تێدایە ئاشکرا کردو لەسەری رێککەوتن:

1- ئۆجەلان لەم ساتەوە لە سوریا نییەو هەرگیز رێگا نادرێتەوە پێ بخاتە سوریاوە .

2- رێگای ئەوانە نادرێ کە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK ن و لە دەرەوەن، بچنە سوریاوە.



هەواڵنامەی کتێب

3- سەربازگاکانی PKK لەم ساتەوە چالاکییان نەماوەو هەرگیز ڕێگا نادرێن دەستبەکار ببنەوە.

4- زۆر لەوانەی سەر بە PKK ن و گیراون، ڕووبەڕووی دادگا دەبنەوە. لیستی ناوەکانیان کراوەو دەدرێتە سوریا.

لایەنی سوریا پشتیوانیی ئەو خاڵانە دەکا. لەوەش زێدەتر، لایەنەکان لەسەر ئەمانەی خوارەوەش پێکهاتن:

1- لە چوارچێوەی مامەڵەی وەك یەكدا، سوریا لە خاکی خۆیەوە ڕێگا بە هیچ چالاکییەك نادا کە تێکدان بێ بۆ ئاسایش و بەرقەراریی تورکیا. هاوکات سوریا هەوڵی مسۆگەرکردنی هاوکاریی چەك و لۆجستیو ماڵی PKK ناداو ڕێگا بە پروپاگەندە بۆ PKK خۆش ناکا.

2- سوریا بەوە رازییە کە PKK ڕێکخراوێکی تیرۆریستە، هەرچی چالاکییەکی PKK و ڕێکخستنەکانی سەر بە ئەون قەدەغەکراوە.

3- سوریا ڕێگا نادا بە دروستکردنی هیچ دەزگایەك یا سەربازگەیەك کە ئامانجی مەشق و داڵدەدانی PKK بن، یا چالاکیی بازرگانییان هەبێ.

4- سوریا ناهێڵێ هیچ یەکێکی سەر بە PKK بە خاکەکەیدا بۆ وڵاتێکی سێیەم تێپەڕێ.

5- بۆ ڕێگاگرتن لە سەرۆکی PKK ، سوریا گشت کارێ دەکاو گشت دەروازەکانی سنوور لەو بارەوە ئاگادار دەکا.

هەردوو لایەن بڕیاریاندا بە شێوەیەکی کاریگەرو دروست داوودەزگای تایبەت بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە دابمەزرێنن. لەم بارەوە، ئەم هەنگاوانە هەڵدەگیرێن:

☐ - تەرخانکردنی هێڵی تەلەفۆنی خێراو راستەوخۆ لە نێوان لێپرسراوانی ئاسایش و بڵندپایەی هەردوو وڵاتداو بەکارخستنی بۆ ئەو مەبەستە.

☐ دوو فەرمانبەری تایبەت دادەمەزرێن و سەر بە نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیی وڵاتانی خۆیان دەبن، لەلایەن فەرمانبەرانی سەروو خۆیانەوە بەو وڵاتانە دەناسرێن کە لێی دەبن.

☐ لایەنی تورکیا، دەربارەی نەهێشتنی تیرۆریست، پێشنیازیان بۆ لایەنی سوریا کردووە کە ڕێکخستنێ بۆ سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی ئاسایش و جۆرێتیی کاریگەرێتی

دروست بکەن. لایەنی سوریا رایدەگەیەنێ کە ئەو پێشنیازە بۆ کاربەدەستان بەرزدەکەنەوەو بە زووترین کات ئەنجامەکەی دەگەێننەوە.

- ☐ هەردوو لایەنی تورکیاو سوریا، بە مەرجی رەزامەندیی لوبنان، بڕیاریاندا بە سێ قۆڵی لە دژی PKK دەستبەکار بن.
- ☐ لایەنی سوریا پەیمانی داوە، لەپێناوی جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیەو بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان هەموو کارێ بکا.

(ئەدەنە 20 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 1998)

| | |
|---|---|
| بە ناوی وەفدی تورکیاوە | بە ناوی وەفدی سوریاوە |
| سەفیر ئوغور زیاڵ | ژنرال عەدنان بەدر ئەلحەسەن |
| یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی دەرەوە | سەرۆکی ئاسایشی سیاسی |

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

## (ئەنجامی پێوەندییەکانی ئیسرائیل و تورکیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد)

ئاسایشی نەتەوەیی کورد خۆی لە خۆیدا یەکێتییەکی مەعنەوی و ماددیی هەیە، بەڵام داگیرکردنی کوردستان لەلایەن چوار دەوڵەتەوە، واقیعی ئاسایشی نەتەوەیی کردۆتە چوار بەشەوە. ئاکام وا هاتووە کە شێوەی گشتیی هی هەموو کوردو هەر بەشەش سیمای تایبەتیی بە خۆ بگرێ. لەو دابەشبوونەشدا هەر لایەنە کار دەکاتە سەر ئەوانی دیکەو سەر مەسەلە فراوانەکەش. هەڵبەت چ بەشێ بگری، بەپێی تایبەتمەندیی ماناو نەخشەو کەرەسەی خۆی هەیە.

ئەگەرچی لە زانست و فەرهەنگی سیاسیدا، ئاسایشی نەتەوەیی، بە ئاسایشی دەوڵەت ناسراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، لە ئێستادا ئاسایشەکە بەندە بەو کارگێڕێتییەی باشووری کوردستان، نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە دابەشبوونەکەی سلێمانیو هەولێر، لە بنەڕەتدا دژی گەوهەری ئاسایشی نەتەوەیی کوردە؛ هەروەها گشت رێکخستن و رێکخراوە راستەقینەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە دەرەوە.

هێـزە داگیرکـەرەکانی کوردسـتان چ ڕێکخسـتن و چ دەوڵـەتان بـن، پێوەندییـەکی سـتراتیژیو گیانییـان لەنێوانـدا هەیـە. دەوڵـەتی تورکیـا وەك داگیرکـەرێکی بەشـێکی کوردسـتان و وەك چـۆنیەتیی دامەزرانـدنی بـەهێزی سـەربازیو تۆقانـدن لەگـەڵ بـیری زایۆنیزمـدا، کـە بیرۆکەیـەکی ئیسـتعمارییەو ئیسـرائیلی لەسـەر دامـەزراوە، تـەواو یەکدەگرنـەوە هەردووکیشیان بەندن بە بیری لاسارو دەمارتونـدیی نەتەوەییـەوە کـە وێنـەی مرۆڤـی دیکـە دزێو دەکەن و بە سووکی تەماشای دەکەن. ئیسرائیل خۆی بـە هەڵبـژاردە دەزانـێو تورکیا پێی وایە بەختیارترین مرۆڤ ئەوەیە کە بڵێ: "من تورکم!".

بـە ڕاگرتنـی هاوکێشـەی هێـزو جێگرتنـەوەی خۆیـان لـە ململانێـی هێزەکـان و پاراسـتنی بەرژەوەندییان لەپاڵ ئەوانەدا شەڕ بۆ لەفکردنی هاوکێشەی سیاسیو ئابووریو دەسەڵات بـە مەبەسـت دەزانـن؛ لێـرەوە کـورد دەبێتـە قوربـانیی بیرۆکـەی ئیسـرائیلیو ئـەتاتورکیو پێوەندییـەکانیان. لـەو بـارەوە واتـانزیکی عەقلییـەتی ئیسـرائیل و تورکیـا دکتـۆر ( ئەحمـەد فوئاد ڕەسلان ) هـەمان بـاوەڕی هەیـەو دەڵـێ: "ڕێککـەوتنی هاوکـاریی سەربازیی سـتراتیژیی تورکیـاو ئیسـرائیل، کـە لـە شـەباتی 1996 دا مـۆرکرا، ڕەنگدانـەوەی ڕێککـەوتنی دوو تێگەیشـتن و دووبـاری سـەرنجی وەك یـەکن بەرامبـەر ئـەوەی کـە بۆشاییەکی ئاسایشـی لـە قۆقازو جیهانی عەرەبیدا هەیە."(52)

تـەبایىو دۆسـتایەتیی نێـوان ئیسـرائیل و تورکیـا، لـە هـەر ڕوویەکـەوە بـێ، کاری پەشـێویو نائارامیی لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێنێتە پەیداکردن. وڵاتانی عەرەبیو ئێـران بـە بەردەوامی هاوارو دەنگ بەرز دەکەنەوە. چییان لەدەست بـێ بـۆ کەمکردنـەوەی مەترسییە جۆربەجۆرەکان ئەنجامی دەدەن. میسر و سوریا و عێراق و ئێران ڕۆژێ لەو بارەوە بـێ خـەم نـابن و شـەوێ سـەرینی حەوانـەوە ناخەنـە ژێـر سـەریان. وەك نزیکبوونـەوەی وڵاتـە داگیرکـەرەکان مەترسییە بـۆ سـەر کـورد، ڕێککەوتنـەکانی ئیسـرائیل و تورکیـا لـە هـەمووان سەختترو ترسناکترە بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەکەمان.

یەکێ لە ڕووە تاریکەکانی ڕێککەوتننامـەکانی ئیسـرائیل و تورکیـا، ڕێککـەوتنی (ئەدەنـە)یـە، کە دەقاودەق پەیمانی ئەلجەزائیری 1975 لە دژی شۆڕشی ئەیلوولی خوارووی کوردسـتان، لـە 1998 لە دژی بزووتنەوەی چەکداریی باکووری کوردستان دووبـارە بۆتـەوە. ئەگـەرچـی ئـەو بزووتنەوەیــەو ســەرکردایەتییەکەی زۆر ســەرنج ڕادەکێشــن، بــەڵام هاوپــەیمانێتیی

د. اگیرکەرەکانی کوردستان لە ناو خۆیانداو باوەڕبوون بە داگیرکەرانی کوردستان لەلایەن هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کوردستانەوە، تاقیکردنەوە تاڵەکان دەسەلێننەوە، لە هەمان کاتدا مەودا کورتی عەقڵی سیاسیی کورد.

ڕێککەوتننامەی ئەدەنە، تەواوکەرەی ڕێککەوتنی ئیسرائیل و تورکیایە دژی مەسەلەی کورد. ئەوە چاك دەبینرێ کە سوپای تورکیا ڕێککەوتنی خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل دا بە پاڵپشت دەزانن لە شەڕی ئاییندەیاندا بەرامبەر بە سوریا و پارتی کرێکارانی کوردستان.(53) بۆیە سوریا لە مانگ و نیوێ پتر لەبەردەم هەڕەشەی تورکیادا خۆناگرێ. (یەدیعوت ئەحرونوت) ڕۆژنامەی ئیسرائیلی لە ژمارەی ڕۆژی 1998/11/20 دا ڕێککەوتننامەی ئەدەنە بە بەلگەنامەی خۆبەدەستەودانی سوریا بلاودەکاتەوە.(54) دوای ئەدەنە، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر بە سوریا بلاودەکەنەوەو دەڵێن: "لەوە دەچێ شێرەکەی سوریا هێندە بە هەیبەت نەبێ. وەختێ دەزانێ لایەنی بەرامبەری بەراستێتیو ڕاستگۆیە لە هەڵوێستیداو بەرژەوەندیی خۆی دەپارێزێ. ئەوکاتە دەکشێتەوەو ژیوان دەبێتەوە."(55)

چەند جارێ لە کۆبوونەوە دووقۆڵییەکانی ئیسرائیلییەکان و تورکەکاندا لە چوارچێوەی هاوکاریی ئاسایشیدا تورکەکان سەرسامیی خۆیان دەربڕیوە لەوەی کە ئیسرائیلییەکان سوریا بە دەوڵەتێکی توندو بە هێز تەماشا دەکەن، لە کاتێکدا ئەوە ناهێنێ ئەو نرخەی بدرێتی.(56) ئەمە بچکۆلەترین بەلگەیە کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ میللەتێکی دابەشکراوی بێ هێزو پێزی وەك کورد ئازاو دلێرن!.

ڕێککەوتننامەی ئەدەنە ئیمزا نەکرابوو کە سوریا (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە خاکی خۆی دەرپەڕاندو گشت چالاکییەکانی وەستاندو دەستی بەسەر کەرەسەو چەك و جبەخانەو بارەگاکانیدا گرت. ئۆجەلان یش لەبریی ئەوەی ڕوو بکاتە کوردستان و لەوێ وەك سەرکردەیەکی ڕزگاریخوازیی میللەتێکی داگیرکراو درێژە بە تێکۆشان بدا، پەریوی‌و ئاوارەیی لە ئەوروپا هەڵبژارد. لە ئەنجامدا ڕاودوونانی لێرەو لەوێ، تا ئەوەی لە نایرۆبی پێتەختی کینیا دەستگیر کرا.

لە بگرەوبەردەی گرتنی ئۆجەلان یشدا، دەزگا سیخوڕییەکانی چەندان دەوڵەت، لە سەروو هەموویانەوە ئێف بی ئای FBI ، سی ئای ئەی CIA ، موساد، میت و دەزگای سیخوڕیی کینیا هاوبوشییان کردووە.

دوای یەك دوو رۆژ بەسەر دەستگیرکردنی ئۆجەلان دا، رۆژنامەی (هارتس)ی ئیسرائیلی، نهێنیی ئەو رووداوە بڵاودەکاتەوەو دەڵێ: "زانیاریی دەزگا موخابەراتییەکانی جیهانی رایانگەیاند کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان رژێمی سەرۆکی کینیا (دانیل ئارب موی)و موسادی ئیسرائیلیدا هەیەو ئەوان ئامۆژگاریی کینیا یان کردووە کە ئۆجەلان بدەنەوە بە تورکیا.

لەوەش روونتر، زانیارییەکان وا دەگەیێنن کە سیخوڕەکانی موسادی ئیسرائیلی نەخشەی فڕاندنی ئۆجەلان یان داناوەو جێبەجێکردووە، ئەمە دوای ئەوەی ئاگاداری سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهو دەکرێو ئەویش رەزامەندیی پیشانەدا.(57) هەمان رۆژنامە ئەوەش ئاشکرا دەکا کە دەزگای موساد لەچوارچێوەی هاوکاریی ستراتیژی لەگەڵ تورکیادا، زانیاریو هەواڵ لە جیهاندا لە دژی کوردەکان کۆدەکاتەوەو بە تورکی دەگەیێنێ، لەپێناوی ئامانجی هاوبەشدا. دەستەیەکی گەورەی موساد لە تورکیا بنکەیان دامەزراندووە تا هاوکاریی تورکیا بکەن، ئەمەش بە تایبەتی دوای هەرای ئەم دواییەی تورکیا لەگەڵ سوریادا ئەنجامدراوە."(58)

بۆ زێدەتر بەڵگە هێنانەوە، چەند ژمارەیەکی دیکەش لە باوەڕی رۆژنامەکانی جیهانی سەبارەت بە هاوکاریی دەزگا سیخوڕییەکانی جیهانی لە گرتنی ئۆجەلان بڵاودەکەینەوە، تا ئەگەر گومانێ هەبێ، هەڵگیرێ.

رۆژنامەی (صباح)ی تورکی دەڵێ: "دەزگای سیخوڕیی ئامریکا CIA ، دەسبەجێ شوێنی خۆشاردنەوەی ئۆجەلان لە نایرۆبی بە تورکیا دەگەیێنێ." (حورییەت)یش دەڵێ: "بە پاڵەپەستۆی تورکیاو سەفارەتی یۆنانی ناچار دەکرێ ئۆجەلان لە سەفارەت وەدەرنێنین."(60) لەدواییدا دەستگیر بکرێ.

ئەوەی ئاشکرا بوو، دوای تەقینەوەی سەفارەتیئامریکا لە نایرۆبی لە ئابی ساڵی پێشوودا، تا ئێستاش نایرۆبی پڕە لە سیخوڕو شارەزایانی FBI . ئەوان ئۆجەلان یان دۆزییەوە کە لە ماڵی سەفیری یۆنانییە. لە رێگای تەلەفۆنەکەی ئۆجەلان ەوە وەکالەتەکانی موخابەراتی

ئامریکا بۆیان هەڵکەوت بیدۆزنەوەو زانیارییەکان بدەنە واشنتۆن و لەوێ بڕیار درا هەواڵەکان بە تورکیاو کینیا بگەیێنن و ئیسرائیل و بەریتانیاش ئاگادار دەکرێن.(61) سەرچاوە تورکییەکانیش بڵاوی دەکەنەوە کە دەوڵەتی ئامریکا، CIA و دەزگای سیخوڕی ئیسرائیل- موساد هەموویان لە گرتنی ئۆجەلان دا هاوکارییان کردووە.(62)

بەو جۆرە رۆڵی مەترسیداریی موساد لە هاوکاریی ئاسایشیدا بۆ تورکیا دەبینرێ، چ کارێکیش دەکاتە سەر لاوازکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

مەسەلەی کورد گرنگترین مەسەلەی بەرنامەی کاری سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا بوو، بووە هۆی پتر تێکدانی پێوەندییە سەختەکانی بە سوریاوە، هاوکات بووە پاڵنەری بڕیاری بەستنی پەیمانی سەربازی بە ئیسرائیلەوە. ئیسرائیلیش چاک توانی پشتیوانیی لێبکاو پاداشتی بداتەوە.

## ئاکامی رێککەوتننامەکەی ئەدەنە لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە:

1- هەرچییەك هەیە سەپاندنی داخوازییە ئاسایشییەکانی تورکیایە بەسەر سوریادا، یەك تاکەخاڵی تێدا نییە کە داخوازیی سوریای تێدا کۆببێتەوە. بۆیە بە بەڵگەنامەی بێ دەسەڵاتیو خۆ بەدەستەوەدانی سوریا حسێبی بۆ دەکرێ.

2- تەواوی خاڵەکانی بۆ ئابڵووقەدانی بزووتنەوەی کوردە لە سەرانسەری کوردستاندا، بەشە باکوورەکەی بەتایبەتی.

## ئاکامی سەرجەم رێککەوتنەکانی ئیسرائیل و تورکیا بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە نۆ خاڵی داهاتوودا چڕ دەکەمەوە:

1- رۆڵی تورکمانەکانی عێراق بە زەقترین شێوە دەرکەوت. تورکیا وەك لایەنێکی زۆر گرنگ لە سەرووی عێراق دا (خوارووی کوردستان) لە گفت و گۆکانی پارتیو یەکێتی دا دەریخستن و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ نوێنەریان ئامادەبێ. هێزی ئاشتیش لەنێوان پارتیو یەکێتی لەوان دروست بووبوو. هەڵوێستی رەزامەندیی ئامریکا بەرامبەر دەستتێوەردانی تورکیا لە خوارووی کوردستان و هەرێمی کوردستان و یارمەتیدانی دروستکردنی رێکخراوی سیاسیو چەکداریو قوتابخانەی تورك زمان زۆرو زەبەندە بڵاوبۆتەوە. گومانی مەترسیی

بۆ سەر دوا ڕۆژی کورد بەگشتیو خوارووی کوردستان بەتایبەت نەهێشتۆتەوە. بە قەناعەتی من بۆچوونی ئێستای تورکیا بەرامبەر خوارووی کوردستان لە سەر بناغەی دەستکەوتنەوەی ویلایەتی موسڵ نییە، بەڵکو دروستکردنی دەوڵەتێکی تورکمانییە لە ویلایەتەکەدا (خوارووی کوردستان) لە شێوەی کۆماری تورکیای سەرووی قبرص!. وەزیری دەرەوەی تورکیا (دینیز بایکال) دەڵێ: "یەکێك ناتوانێ باسی سەرووی عێراق یان تەنانەت عێراق بکا بێ ئەوەی حسێب بۆ تورکمان نەکا. هەڵەیە سەرووی عێراق بە ناوچەیەکی تایبەت بە کوردەکان بزانرێ، لەکاتێکدا سەدان هەزار تورکمان و عەرەب و ئاشووری و کلدان لەوێ دەژین. ئێمە چاوەڕوان دەکەین لەو کەمایەتییانە شەڕی نێوخۆیان بووەستێنن و مۆڵەت نەدەن ناوچەکەیان ببێتە داڵدەی تیرۆریستان.(64) هێرشی بەردەوامی تورکیا بۆ سەر باکووری عێراق دژی PKK لەراستیدا چارشێوێکە بە تەماعی پەلهاویشتن و فراوانبوونی دەسەڵات.(65)

2- پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی جەنگی ئیسرائیل بۆتە هۆی ئەوەی کە سوپای تورکیا پێویستیی بە یارمەتیی ئەو هەبێ بۆ هەمیشە تازە ڕاگرتن و بەهێزڕاگرتنی چەکی سوپای تورکیا، بەتایبەت فڕۆکەو تانك. هەر یارمەتییەك بۆ سوپای تورکیا لە دژی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

3- پێوەندیی توندوتۆڵی موخابەراتیو ئاسایشیی نێوان ئەو دوانەو گۆڕینەوەی زانیاری لە دژی جووڵانەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردە. هەریەکەیان جگە لە بەکارهێنانی چەندان دەزگای سیخوڕی، ڕاستەوخۆش لە ڕێگای دەستبەسەرداگرتن و چاودێریی ئاسمانیی کوردستان، چ لە لایەن هێزی ئاسمانیی هەردووکیان و چ لە ڕێگای سەتەلەیتی ئیسرائیل ەوە، زیانێکی گەورە لە نەتەوەی کورد دەدا.

جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئیسرائیلی ژنراڵ (ماتان فیلنای) لە سەردانەکەی سەرەتای حوزەیرانی 1996 دا، سەری لە بارەگای هێزەکانی دەرەکی تورکیا دەدا بۆ ئەوەی گوێ لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بگرێ دەربارەی باری ئاسایشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە لەوێ لە 1984 ەوە PKK دژی تورکیا لە هێرش بردندایە.(66)

4- ڕێککەوتنەکانی ئیسرائیل و تورکیا، هەرچەندە زیاتربن، لە ئاسایشیو سەربازیو سیخوڕیو تەکنۆلۆژیو ئاو، دەسەڵات و خۆسەپاوی دەزگای سەربازیی تورکیا بەسەر بڕیاری

سیاسیی دەوڵەتی تورکیادا دەسەلمێنێ. تا ئەو دەزگایەش کاربەدەست و کەڵەگا بێ، چاوەڕوان ناکرێ هەڵوێستی دۆستایەتیو مرۆڤانەو تێگەیشتنیان بەرامبەر مەسەلەی کورد هەبێ.

5- بەکارهێنانی ئەو ڕێککەوتنانە بۆ کاربەسەربردنی تورکیا دەربارەی ئاوی کوردستان و ئەنجامدانی زنجیرە بنبەستەکانی کە لە باکوری کوردستان دا دروست دەکرێن و پەیداکردنی پاڵپشتی سیاسیو دارایی ئەوروپا لەو بارەوە.

6- گرێدانی توانست و هێزی سیاسیو لۆبیی ئیسرائیل بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئامریکا کە (ناوچەی ئارام)ی باشووری کوردستان بخرێتە ژێر چاودێریی تورکیاو لە بەرژەوەندیی سیاسیو سەربازیو ئابووریو تورکیادا بەکاربێ.

7- کەڵك وەرگرتن لە زانیارییە جەنگییەکانی ئیسرائیل کە لە ئەنجامی داگیرکردنی خاورووی لوبنانەوە بەدەستی هێناوە تا تورکیاش بەرامبەر باشووری کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان دا چاوی لێ بکا.

8- هاوبوشیکردنی ڕاستەوخۆی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل لە چاودێریکردنی تەواوی کوردستان و جموجۆڵی خەڵك و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەت لە باکووردا. لە ئابی 1996 دا ڕێککەوتنێکی تەکنۆلۆژی لەنێوان ئیسرائیل و تورکیادا مۆردەکرێ، بەو پێیە فڕۆکەکانی ئیسرائیل و تورکیا لە ئاسمانی هەردوولادا مەشق دەکەن.(67)

9- بەکارهێنانی دەستەواژەی مەترسییە هاوبوشییەکان، دژمنە هاوبەشەکانیانن. سەبارەت بە تورکیا مەترسیی کورد و مەترسیی ئیسلامی دوو هەڕەشەی گەورەن لەسەر ئەو وڵاتە. بەلایەنی ئیسرائیل یشەوە، بزووتنەوەی حزب الله و جهاد و حماس لە پلەی یەکەمدان. بۆیە لێدانی ئەوانە بەیەکەوە ئامانجی سەرەکیی هەردووکیانن.

ئەوانە بەشێکن لە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد، بیرکردنەوەو نەخشەو هاریکاریی هەموو لایەکی گەرەکە، توانستی عەقڵیو شارەزاییو هێزی بازوو، هێزی ئابووری، هێزی زانستیی گشت لایەك دەخوازێ. داخۆ بیر لە قووڵاییو ئاییندەی مەسەلەی کورد بە واقیعییانەو زانستییانە دەکرێتەوە؟! یا بەرژەوەندی پەرستیو خۆ پەسەندی هەر درێژەی دەبێ؟!

+++++++++++++++++++++++

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


1- شؤون الاوسط ، العدد 92 ، شباط 2000 ، مركز الدراسات الاستراتيجية و البحوث والتوثيق، ص 59 .
2- نفس المصدر ، ص 60 .
3- مجلة السياسة الدوليّة ، الدكتور ممدوح أنيس فتحي ، أبعاد نظرية ألامن ألاسرائيلي بعد التسوية الشاملة، العدد 124 ، نيسان 1996، ص 233 .
4- شؤون ألاوسط ، العدد 15 ، كانون الثاني 1993 ، ص 100 .
5- جريدة الحياة ، العدد 12245 ، 4/9/ 1996.
6- مجلة الوسط ، العدد 410 ، 6-12 كانون ألاول 1999 ، ص 30 .
7- مجلة الوسط ، نفس المصدر ، ص 31 .
8- رضا هلال ، السيف والهلال: تركيا من أتاترك الى أربكان ، دار الشروق ، الطبعة اللأولى ، القاهرة ، 1999، ص 172.
9- الباحث العربي ، سها بوليك باشا ، تطور العلاقات بين تركيا و اسرائيل والدول العربية المجاورة ، العدد 48، تموز- تشرين الاول 1998 ، ص 33 .
10- نفس المصدر ، ص 34 .
11- جريدة الشرق الاوسط ، 1994/11/9 .
12- الباحث العربي ، العدد 48 ، ص 34 .
13- شؤون عربية ، العدد 106 ، حزيران 2001 ، ص 126 .
14- الباحث العربي ، نفس المصدر ، ص 35 .
15- نفس المصدر ، ص 35 .
16- هيثم الكيلاني ، تركيا والعرب: دراسة في العلاقات العربية التركية ، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية ، ابو ظبي ، 1996 ، ص 42-43 .
17- مجلة الوسط ، قاسم محمد جعفر ، يقظة الاخلاق والمحاورة: سورية وإيران تواجهان توركيا و إسرائيل، العدد 276 ، 1997/5/12.
18- جريدة الشرق الاوسط ، هدى الحسيني ، تركيا الى أين ؟ العدد 7122 ، الجمعة 1998/5/29.
19- نفس المصدر.
20- نفس المصدر.
21- Turkish Daily News, Wednesday, July 2, 1997.
22- نفس المصدر.
23- جريدة الحياة العدد 12139 ، 1996/5/21 .
24- مجلة الدراسات الفلسطينية ، صبري سياري ، تركيا والشرق الاوسط في التسعينات ، العدد 31 ، صيف 1997 ، ص 39.
25- جريدة الشرق الاوسط ، 1996/4/15.
26- جريدة الحياة ، 1996/5/16.
27- جريدة الحياة ، 1996/6/28.
28- هيثم الكيلاني ، تركيا والعرب: دراسة في العلاقات العربية التركية ، دراسات استراتيجية ، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية ، ابوظبي ، الطبعة الاولى ، 1996 ، ص 40.
29- شؤون عربية ، مجلة قومية فصلية تصدرها الامانة العامة لجامعة الدول العربية ، د. عبدالفتاح علي الرشدان ، التعاون العسكري بين تركيا وإسرائيل ومخاطره على الوطن العربي ، العدد 106 ، حزيران 2001 ، ص 128.
30- القدس العربي ، العدد 3186 ، 1999/8/5.
31- جريدة الحياة 12139 ، 1996/5/21.
32- القدس العربي ، العدد 3170 ، 17-1999/7/18.

33- جريدة الزمان ، الجمعة 1999/9/18.
34- القدس العربي ، العدد 3257 ، 1999/10/27.
35- القدس العربي ، نفس المصدر.
36- Turkish Review of Middle East Studies, Annual 2000/01, 11, p. 142.
37- مجلة السياسة الدولية ، أشرف محمود ، الوزارة اللأئتلافيّة في تركيا بين احتمالات الاستمرار والتغير ، العدد 128 ، نيسان 1997 ، ص 185.
38- شؤون الاوسط ، محمد نورالدين ، حكومة تركية انتقالية ، العدد 80 ، شباط 1999 ، ص 120.
39- شؤون عربية ، العدد 106 ، حزيران 2001 ، ص 132-133.
40- مجلة الدراسات الفلسطينية ، صبري سياري ، تركيا والشرق الاوسط في التسعينات ، العدد 31 ، صيف 1997 ، ص 35.
41- جريدة النهار ، 1997/5/14.
42- مجلة الدراسات الفلسطينية ، صبري سياري ، تركيا والشرق الاوسط في التسعينات ، العدد 31 ، صيف 1997 ، ص 36.
43- جريدة الحياة ، 1998/10/20.
44- Turkish Review of Middle East Studies, Annual 2000/01, p. 143.
45- القدس العربي ، العدد 2928 ، الجمعة 9 اكتوبر 1998.
46- القدس العربي ، العدد 2929 ، السبت والاحد 10-11 اكتوبر 1998.
47- نفس المصدر.
48- محمد نورالدين ، حجاب وحراب: الكمالية وأزمات الهوية في تركيا ، رياض الريس للكتب والنشر ، الطبعة الاولى ، بيروت ، 2001 ، ص 50.
49- القدس العربي ، العدد 2924 ، 1998/10/5.
50- جريدة الحياة ، العدد 13085 ، الجمعة ، كانون الثاني 1999.
51- محمد نورالدين ، حجاب وحراب ، نفس المصدر ، ص 66-68.
52- السياسة الدولية ، دورية علمية تصدر عن موسسة الاهرام ، د. احمد فؤاد رسلان ، التقارب التركى الاسرائيلي من الشرق الاوسط الى القوقاز ، العدد 130 ، اكتوبر 1997 ، ص 115.
53- الدراسات الفلسطينية ، العدد 31 ، صيف 1997 ، ص 38 .
54- القدس العربي ، السنة العاشرة ، العدد 2964 ، الجمعة 1998/11/20.
55- القدس العربي ، نفس المصدر.
56- القدس العربي ، العدد 2965 ، السبت/الاحد 21-1998/11/22.
57- العرب اليوم ، الاحد 1999/2/21.
58- نفس المصدر.
59- الوسط ، الخميس 18/ شباط 1999.
60- نفس المصدر.
61- The Sunday Telegraph, feberuary 21, 1999.
62- The Daily Telegraph, Wednesday, feberuary 17, 1999.
63- مجلة الدراسات الفلسطينية ، العدد 31 ، صيف 1997 ، ص 28.
64- Turkish Daily News, Wednesday, November 8, 1995.
65- الباحث العربي ، د. وليم هيل ، سياسة تركيا الخارجية في عصر مابعد الحرب الباردة والشرق الاوسط ، العدد 46 ، يوليو-اكتوبر 1998 ، ص 10.
66- الحياة ، العدد 12154 ، 1996/6/5.
67- الحياة ، 1996/12/7.

هەولاتامەی کتێب

# له كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لانه‌وه...
# بۆ سیڤه‌ر...
# بۆ لۆزان...
# بۆ هیچ !!

نووسینی: هاوار

له‌دوای برانه‌وه‌ی شه‌ری یه‌كه‌می جیهانیو شكانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تانی هاوپه‌یمانـ ـه‌وه‌، میلله‌تی كورد یه‌كێ بوو له‌و میلله‌تانه‌ی بڕیاری جیابوونه‌وه‌ی درا له ده‌وڵه‌تی عوسمانی به‌پێی بڕیاری كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان و په‌یمانی سیڤه‌ر. به‌ڵام به‌داخه‌وه‌، له ئه‌نجامدا میلله‌تی كورد مایه پووچ ده‌رچوو و هه‌موو ئاواته‌كانی له په‌یمانی لۆزان دا نێژرا.

له‌به‌رئه‌وه‌ی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان ( كوردستانی ئێران ) به‌شێ نه‌بوو له ده‌وڵه‌تی عوسمانیو ناوی له په‌یمانی ( سایكس بیكۆ )دا نه‌هاتبوو ئاینده‌و سه‌ره‌نجامی ده‌ستنیشان نه‌كرابوو، بۆیه هه‌روه‌كو خۆی له‌ژێر سایه‌ی ده‌وڵه‌تی ئێراندا مایه‌وه‌.

په‌یمانی كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان كه له مانگی شوباتی 1920 دا مۆركرا، ( ولسن )ی سه‌رۆك كۆماری ئه‌مریكا، ( كه خاوه‌نی چوارده مادده‌ی به‌ناوبانگی ئه‌و په‌یمانه بوو ٤ مادده‌ی دوانزه‌هه‌مینی میلله‌تی كوردی ده‌گرته‌وه‌ )، یه‌كێ بوو له‌وانه‌ی تیادا بوو به‌شداریی له دارشتنی پێڕه‌و و پرۆگرامه‌كه‌یدا كرد. به ئاشكرا، له مادده‌كه‌دا نووسراوه كه: پێویسته كوردو عه‌ره‌ب و ئه‌رمه‌نی له ده‌وڵه‌تی عوسمانی جیابكرێنه‌وه‌و هه‌ر لایه‌كیان حكومه‌تی

سەربەخۆو تایبەتی هەبێ. بەڵام جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە دواخرا بۆ پەیمانی سیڤەر کە بڕیاری لەسەر بدا.

پاش ئەو بڕیارە ( ولسن ) نەخۆشکەوت و پارتەکەشی لە هەڵبژاردندا دۆرا، بۆیە ئیتر هیچ رۆڵێکی لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کۆمەڵەی گەلاندا نەما.

لەبەر ئەوەی چەندین جار لە کتێب و گۆڤارو رۆژنامەکاندا بە دوور ودرێژی باسی چۆنیەتیی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر و سەرنجامەکەی باسکراوەو لێیکۆڵراوەتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستم زانی تەنها باسی سێ ماددەی گرنگی بکەم، کە بریتین لە ماددەی 62 و 63 و 64 .

<u>ماددەی 62</u>: لە ئەستەمبووڵ دا کۆمیسیۆنێ لە نوێنەرانی حکومەتەکانی بریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا پێکهێنراوە بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی ناوچەیی، واتە بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی رووباری فورات و باشووری رۆژئاوای سنوورێ کە لەدواییدا دەستنیشانکراوە بۆ ئەرمەنستان و لە باکووریشەوە سنووری لە تورکیا و سوریا جیادەکاتەوە، لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتووانی لە نەژادی کورد بن، (کە مەبەستی باکووری کوردستان بووە ).

<u>ماددەی 63</u>: حکومەتی تورکیا لە ساتی مۆرکردنی پەیمانەکەوە گفت دەدا کە ئەو راسپاردانەی بڕیاریان لەسەر دەدرێ، لە ماوەی سێ مانگدا جێبەجێیان بکا.

<u>ماددەی 64</u>: ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا، دوای جێبەجێکردنی ئەم پەیمانە، لەو هەرێمانەی لە ماددەی 62 دا ناویان هاتووە، کوردەکان داوا لە کۆمەڵی گەلان بکەن، بیانەوێ کە سەربەخۆبن و کۆمەڵی گەلانیش بۆی دەربکەوێ کە ئەو هەرێمانە شایانی ئەوەن و بتوانن بە سەربەخۆیی بژین، ئەوا تورکیاش دەبێ بەو داخوازییە قایل بێو دەستبەرداری هەموو مافێکی خۆی بێ، کە لەو هەرێمانەدا هەیەتی و واز لە خەڵکی کوردی ئەو هەرێمانە بهێنێ و نابێ هیچ کۆسپ و بەرهەڵستییەك بخرێتە بەردەمیان، بەتایبەتی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ ( مەبەست باشووری کوردستان بووە )، کە ئەوانیش بچنە پاڵ ئەو حکومەتە کوردییە... بەڵام بەداخەوە، ئەو ئاواتەی کورد نەهاتە دی. هۆی سەرەکیی ئەو ئاڵوگۆڕەبوو لە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانەدا کە پەیماننامەکەیان مۆرکردبوو، بەتایبەتی هەڵوێستی

حکومەتی بریتانیا، کە دوای ئەوەی توانی حکومەتی تورکیای کەمالی لە دەوڵەتی سۆڤیەت دووربخاتەوە، کە لەراستیدا لە سەرەتادا ئەو دۆستایەتییەی نێوان سۆڤیەت و کەمالیەکان بناغەی بەهێز بوون و چەسپاندنی رژێمی کەمالیەکان بوو، هەروەکو لە دەق و سەرچاوەکاندا باسکراوە. بەرامبەر بەو خۆکشانەوەیەی تورکیا لە سۆڤیەت و وازهێنانی لە داواکردنەوەی ویلایەتی موسڵ. ئینگلیزەکانیش بەڵێنیاندا کە دان بە بوونی حکومەتی تورکیاو دەسەڵاتداریی حکومەتی کەمالیدا بنێن و سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە کورد بگۆڕن.

ئەوەبوو، بە زەبری فرۆکەو سوپای بریتانیا، حکومەتی باشووری کوردستان، کە بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود پێکهاتبوو، لەناوبرا. ئەگەرچی پێشتر حکومەتی بریتانیاو عێراق، هەردوو بە جووتە دانیان بە مافی کوردی باشووری کوردستان یشدا نابوو بۆ دروستکردنی حکومەتێ بۆ خۆیان، هەروەکو لەلاپەڕەکانی (255 و 256)ی ئەو راپۆرتە تایبەتەی حکومەتی بریتانیا، بۆ ساڵانی 1920 و 1931 ئامادەی کردووەو ناردبووی بۆ کۆمەڵەی گەلان. ئەمەی لای خوارەوە دەقی ئەو دانپیانانەیە، وەکو لە راپۆرتەکەدا باسکراوە.

لەو کاتانەشدا رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)، ژمارە 17 ی کە لە رۆژی 1923/12/30 دا دەرچووە ئاماژەی بۆ ئەو باسە کردووە. جگە لە پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز سەبارەت بە مافی کورد، بەداخەوە کورد خۆیشی، وەکو لە زۆر هەڵوێستدا روونبۆتەوە، کە چۆن لە ناسکترین کاتدا هەل و دەرفەتی زۆر لەباری لەکیس خۆی داوە، بەهۆی دووبەرەکیی ناوخۆوە کە ئەوەی ئەوجارەیان بریتی بووە لە کێشەی نێوان تاقمی شێخ عەبدولقادری شەمزین، کە تا ئەو ساتە جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانی ( کە ئەو سا هێشتا هەر خیلافەتی عوسمانی بوو ) بە تاوانێکی زۆر گەورە دەزانیو تەنها بەوە رازی بوون کە حکومەتێکی ناوچەییان لە چوارچێوەی حکومەتی عوسمانیدا هەبێ. بەپێچەوانەی تاقمی بەدرخانییەکان و رۆشنبیرانیتری کورد کە سووربون لەسەر داواکردن بۆ دروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆ، کە بەداخەوە ناکۆکیو جیاوازیی بۆچوونی هەردوولایان بوو بە هۆی ئەوەی کەمالیەکان سوود لە ناکۆکییەکانیان وەربگرن و نە سەربەخۆییو نە ئۆتۆنۆمییان بۆ لەئارادا نەمێنێ. هەڵبەت ئەو ئاواتەی کورد لە گۆڕی پەیمانێکی تریشدا

نێژرا کە بریتی بوو لە پەیمانی لۆزان، کە بەهیچ شێوەیەك باسی کورد و مافەکانی تیادا نەکرا.

پەیمانی لۆزان لەگەڵ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بە ئارەزووی کەمالیەکان داڕێژرابوو، هەر وەك تاکتیکێکی دووربینانەش، بۆ دەمکوتکردنی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانەی پەیماننامەکەیان مۆرکرد، هەندێ بەڵێن و بڕیاری لاوازی وشك و بێ پێزی تیادا دەرکرا. بۆیە تورکەکان لە ڕۆژانی دواییدا بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان ویست توانییان وەها لێکی بدەنەوە. مەبەستەکەشیان لە ڕاستیشدا سەری گرت، وەکو لە کۆتاییدا باسی دەکەین.

دەربارەی ئەو ماددانەی پەیمانی لۆزان کە لە 1923/7/24 دا مۆرکرا، پرۆفیسۆر (حەسرەتیان) لە کتێبەکەیدا، کە لە ساڵی 1927 دا لە مۆسکۆ چاپکراوەو (سیاسەت سرتی) لەژێر ناوی (القومیة في ترکیا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە لاپەڕە 42 یدا باسی هەندێ لەو ماددانەی پەیوەندییان بەم باسەوە هەیە، بەم جۆرە کردووە:

<u>ماددەی 37</u>: حکومەتی تورکیا بەڵێنی ئەوە دەدا هیچ بڕیارو یاسایەك دەرنەکا کە ناوەڕۆکەکەی بە پێچەوانەی ماددەکانی ئەم پەیماننامەیەوە بێ.

<u>ماددەی 38</u>: حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدا هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەی ( بێگومان ئەمە دەبوو کوردیش بگرێتەوە ) سەربەستییەکی تەواویان هەبێ، بێ جیاوازی لەڕووی نەتەوایەتی و زمان و ڕەگەزو ئایینەوە.

<u>ماددە 39</u>: هیچ جۆرە فشارو کۆسپ و بەرهەڵستییەك نەخرێتە بەردەمی هیچ هاووڵاتییەکی تورکیاو نابێ ڕێگا لە بەکارهێنانی هەر زمانێ کە خۆی بیەوێ بکاریبهێنێ لە ژیانیو لە کاروباری بازرگانیو ڕاگەیاندن و نووسین یاخود بڵاوکردنەوەی چاپەمنی لە شوێنە گشتییەکاندا بگیرێ.

جگە لەو سێ ماددەیەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان باسی لێوە کردوون، جەلادەت بەدرخان (بلەچ شێرکۆ )یش لە کتێبەکەیدا، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی لەژێر ناوی (القضیة الکردیة)دا باسی ماددەی 44 ی ئەو پەیماننامەیەی لۆزانی کردووە کە لەو ماوەیەدا دەرچووەو دەڵێ:

"بەڵێنەکانی حکومەتی تورکیا لە جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەم پەیماننامەیە، بریتین لە بڕیارێکی نێودەوڵەتی، بۆیە نابێ بەهیچ شێوەیەك لێی پاشگەز بێتەوە."

دوابەدوای مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان، زۆری پێنەچووەو دەرکەوتووە کە بە ئاشکرا هەمووی بریتی بووە لە نووسینی سەر کاغەزو حکومەتی تورکیاش هەمووی پێشێلکردووەو بە ئارەزووی خۆی دەستیکردووە بە دەرکردنی زنجیرەیەك بڕیارو یاسا، کە هەمووی بە پێچەوانەی ماددەکانی پەیماننامەی لۆزان بوون. ئەو حکومەتانەش کە پەیماننامەکەیان مۆرکردبوو، بریتانیاو فەرەنسا و ئیتالیا و ژاپۆن و یۆنان و ڕۆمانیا و یۆگۆسلاڤیا بوون کە هەموویان چاویان لەو پاشگەزبوونەوەیە نوقاندو دەنگیان لێوە نەهات. حکومەتی تورکیاش بەپێی ئەو پرۆژەو نەخشانەی کێشابووی، دەستیکردووە بە کوشتارو ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ و قەدەغەکردنی زمانی کوردیو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان و هەڵوەشاندنەوەو قەدەغەکردنی هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان و لە ئەنجامدا کورد ڕێگای بۆ نەماوەتەوە تەنها ئەوە نەبێ کە بە ناچاری دەست بداتە چەك و بەرپاکردنی زنجیرەیەك بزووتنەوەو ڕاپەڕین و شۆڕشی ناوچەیی یەك بەدوای یەکدا. بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە شۆڕشێ لە سەرتاپای باکووری کوردستان، بە سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی هەموو ناوچەکان بەرپا بکا. ناکۆکیی نێوان کوردی سونیو عەلەوی یش هۆیەکی سەرەکی بوو لە پێکنەهاتنی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو، کە ئەمە باسێکی دووروودرێژەو بە وتارێ لە توێی گۆڤارێدا جێی نابێتەوە.

لەدوای بزووتنەوەو ڕاپەڕینەکانی مەلاتیەو بزووتنەوەی یەکەمی دەرسیم و شکاندنی ئەو ڕاپەڕینانەو شۆڕشە گەورەکانی پیران و ئاگریداغ و دەرسیم یەك لەدوای یەك، حکومەتی تورکیا ژمارەیەك بڕیارو یاسای بۆ تەواو لەناوبردنی کورد دەرکردووە. هەڵساوە بە کاولکردنی ناوچەکوردییەکان و سیاسەتی تواندنەوەیان لە بۆتەی ڕەگەزی تورك دا. هەوڵ دەدەین کورتە باسێکی ئەو بڕیارو یاسایانە بخەینە پێش چاو، هەروەکو لە دەق و سەرچاوەکاندا باسکراون.

لەدوای شۆڕشی پیران، حکومەتی تورکیا بەدرۆ لێخۆشبوونێکی دەرکردووە، کە جێگەی گومان بووە لەلای کورد، چونکە بە ئاشکرا مەبەستەکانی حکومەتی تورکیای تیادا ڕوونبۆتەوە. کەمالیەکان کاتێك بۆیان دەرکەوتووە کە بە ئاسانی کوردیان بۆ لەناو ناچێو

له بۆتەی نەتەوەی تورکدا ناتوێنرێنەوە، مستەفا کەمال رایسپاردووە نەخشەیەکی گشتی ئامادە بکا بۆئەوەی بتوانێ قۆناغ بەقۆناغ جێبەجێی بکا.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، ئەو کارە لەلایەن مستەفا کەمال ەوە بە ئابدین ئۆزمان (عابدین عوسمان) راسپێرراوە، کەیەکێ بووە لە هاوکارو دۆستە نزیکەکانی خۆی. ئابدین ئوزمان یەکسەر دەستیکردووە بە ئامادەکردنی پڕۆژەو نەخشەو لەپاش تەواوبوونی دەستکراوە بە جێبەجێکردنی. دەربارەی ئەم نەخشەیەی ئابدین ئوزمان، زنار سلۆپی (قەدری جەمیل بەگ) لە کتێبەکەیدا کە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لەژێر ناوی (في سبيل كردستان) چاپی بێروت، سالی 1987 ، نووسیویتی: "بەپێی ئەو نەخشەیەی ئامادەکرابوو، حکومەتی تورکیا، لە سالی 1933 دا، یاسایەکی دەرکرد بۆ گواستنەوەی کورد لە ناوچەکانی خۆیانەوە بۆ ناوچە تورك نشینەکان، بە مەرجێ هەموویان لەیەکتر جیابکرێنەوەو بە شێوەیەکی پەرەوازەیی و لێکدابڕاو نیشتەجێ بکرێن و رێگە نەدرێ پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێ. بۆ ئەم مەبەستە، ئابدین ئوزمان راسپێردرا."

دکتۆر عەزیز شمزینی لە کتێبەکەیدا بەناوی (جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی کورد)، وەرگێڕانی (ئەسەسەرد) بۆ کوردی سالی 1985، باسی نەخشەی ئابدین ئوزمان ی بەم شێوەیە کردووەو دەڵێ: "ئابدین ئوزمان لە نەخشەکەیدا ناوچەکانی کرد بە چەند (موفەتشییە)یەکەوە:

1-ناوچەی موفەتشییەی گشتی کە بنکەی لە دیاربەکر بووەو سنووری دەسەڵاتی هەموو ویلایەتی کورد نیشینەکانی: دیاربەکر، بدلیس، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفە، سیرت. ئەمانە هەمووی دەگرتەوەو (ئیبراهیم ناتالی) کە والیی (سیواس) بوو، یەکێك بوو لە دۆستە نزیکەکانی مستەفا کەمال، کە لەگەڵ ئابدین ئوزمان و عەونی دوغمان کران بە رابەرو لێپرسراوانی ئەو بەشە.

2-ناوچەی دووەم: بنکەی لە تورکیا بوو.

3-ناوچەی سێیەم: بنکەی لە (ئەرزروم) بوو.

عەوالنامەی کتێب

4-ناوچەی چوارەم: بنکەی لە (ئەلازیك) بوو. سنووری دەسەڵاتی هەموو ویلایەتە کورد نیشینەکانی (ئەلازیك، دەرسیم، بنگول)ی دەگرتەوە، بەپێی باسەکەی دکتۆر شمزینی نەخشەکەی ئابدین ئوزمان بریتی بوو لە (23) لاپەڕە."

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لە کتێبەکەیدا وەرگێڕانی بۆ عەرەبی لەژێر ناوی (کردستان ترکیا بین الحربین)، چاپی بێروت، ساڵی 1987 ، باسی ناوەڕۆکی ماددەکانی پێشنیازو نەخشەی ئابدین ئوزمان ی بەم جۆرە کردووە:

ماددە: 1 – 2 : دەسەڵاتێکی تەواو بە پۆلیس و کاربەدەستانی حکومەت دەدرێو توانایی ئەومیان دەبێ هەموو پەیوەندییەکی نێوان عەشیرەتەکانی کورد نەهێڵن و لێکیان بترازێنن و ڕێگا نەدرێ هیچ سەرۆك عەشیرەتێ دەسەڵاتی جارانی بمێنێ.

حەسرەتیان بۆ تێهەڵکێشی ئەم ماددەیە نووسیویەتی:

(( ئەم بڕیارە ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کوردیشی دەگرتەوە کە جاران حکومەت خۆی بەکرێی گرتبوون و کردبوونیانن بە کوتەکی دەستی خۆیان دژی کوردە شۆڕشگێڕەکان.))

ماددەی 3 : هەر زەویوزارێ حکومەت بەپێویستی بزانێ، دەکرێن بە موڵکی حکومەت.

حەسرەتیان لێرەدا دەڵێ: "بەپێی ئەم ماددەیە، حکومەت بۆی هەبووە هەموو دانیشتوانی کورد لە هەموو زەویو زارو موڵکی خۆی بێبەش بکا."

ماددەی 4 : ئەو موڵکانەی بەپێی ماددەی 3 دەستیان بەسەردا دەگیرێ، دەدرێن بەو تورکانەی لە (یۆنان )ەوە ڕوودەکەنە تورکیا.

ماددەی 5 : کاربەدەستانی حکومەت دەسەڵاتی ئەومیان پێ دەدرێ، ئەگەر گومانیان لە هەر کەسێك هەبێ نیازی باش نەبێ بەرامبەر بە حکومەت، دەتوانن هەموویان، بەخۆیان و خاووخێزانیانەوە، لەشوێنی خۆیان لابرێن و دووربخرێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی بۆیان دەستنیشان دەکرێ.

ماددەی 6 – 7 : پێویستە هەموو جۆرە هەنگاوێ بنرێ بۆ ئەوەی کورد ناچار بکرێ زمانەکەی خۆی لەبیر بچێتەوە، هەروەها پێویستە کورد تەنها ماوەی ئەوەی هەبێ ئەو کارو فرمانانە بکا کە هێزو ئەرکی لەش ئەو کارەی پێ جێبەجێ بکرێ. (دیارە مەبەست لەم

مادده‌یه ئه‌وه بووه کورد ته‌نها ماوه‌ی کرێکاری‌و حه‌ماڵی‌و نۆکه‌ری‌و کرێگرته‌یی هه‌بێ، نه‌ك ئه‌وانه‌ی له‌ رێگای خوێنده‌واری‌و رۆشنبیری‌و بیرو هۆشه‌وه به‌جێ ده‌هێنران.)

**مادده‌ی 8 :** ئه‌و کوردانه‌ی له‌ ناوچه‌ تورك نشینه‌کان نیشته‌جێ ده‌کرێن، نابێ ژماره‌یان له‌ سه‌دا ده‌ی دانیشتوانی تورکی ئه‌و ناوچانه‌ تێپه‌ڕ بکا.

**مادده‌ی 9 :** وه‌زیری ناوخۆ ده‌سه‌ڵاتی ئه‌وه‌ی پێ ده‌درێ که‌ هه‌موو ره‌وه‌ندو کۆچه‌رییه‌کان، ئه‌گه‌رچی هه‌موشیان به‌ تورك حساب نه‌کرابن، به‌هۆی ئه‌وه‌ی دوورکه‌وتبنه‌وه‌ له‌ فه‌رهه‌نگی تورك، پێویسته‌ ئه‌مانه‌ هه‌موویان، به‌سه‌ر گوندو شاره‌کاندا، به‌ شێوه‌یه‌کی پچڕپچڕو لێکدابڕاو، دابه‌شبکرێن و ئه‌وانه‌ش که‌ له‌ سه‌ر سنووره‌کاندا ده‌ژین و حکومه‌ت گومانی لێیان هه‌یه‌، ئه‌وا پێویسته‌، هه‌روه‌ك چۆن (قه‌ره‌ج)ه‌کان فێری فه‌رهه‌نگی تورك نه‌بوون و له‌ ئه‌نجامدا هه‌موویان ده‌رکران، ده‌بێ ئه‌مانه‌ش هه‌روه‌کو ئه‌و قه‌ره‌جانه‌ ده‌ربکرێن و له‌ وڵاتدا نه‌هێڵرێن.

**مادده‌ی 10 :**

برگه‌ی ئا : پێویسته‌ رێگا به‌هیچ سه‌رۆك عه‌شیره‌تێك نه‌درێ تواناو دوسه‌ڵاتی هیچ شتێکیان هه‌بێ، ئه‌گه‌رچی له‌ دادگاکانی حکومه‌تیشدا، به‌پێی هه‌ندێ بڕیارو یاسا به‌رله‌مه‌ هه‌ندێ ده‌سه‌ڵاتیان پێدرابێ.

برگه‌ی بێ : بریتییه‌ له‌ باسی چۆنێتیی دابه‌شکردنی ئه‌و زه‌وی‌و زارانه‌ی حکومه‌ت ده‌ستی به‌سه‌ردا ده‌گرێ به‌سه‌ر ئه‌و تورکانه‌ی به‌ ئاوارەیی له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات رووده‌که‌نه‌ تورکیا.

برگه‌ی تێ : وه‌زیری ناوخۆ بۆی هه‌یه‌ سه‌رۆك عه‌شیره‌ت و شێخه‌ کورده‌کان بگوێزێته‌وه‌و دابه‌شیان بکات به‌سه‌ر ئه‌و شوێنانه‌ی خۆی به‌ باشی ده‌زانێ. ئه‌گه‌ر هات و حکومه‌ت بۆی ده‌رکه‌وت مانه‌وه‌یان له‌ شوێنه‌کانی خۆیان زیانیان بۆ ئاسایشی وڵاته‌که‌ ده‌بێ.

پرۆفیسۆر حه‌سره‌تیان سه‌باره‌ت به‌ مه‌به‌ستی حکومه‌تی تورکیا، له‌ نه‌هێشتنی ده‌سه‌ڵاتی سه‌رۆك عه‌شیره‌ته‌کان وتوویه‌تی: "ساتێ بۆرژوای تورك بڕیاری نه‌هێشتنی ده‌سه‌ڵاتی سه‌رۆك عه‌شیره‌ته‌کانی کوردی ده‌رکرد، له‌مه‌دا مه‌به‌ستی ئه‌وه‌ نه‌بوو له‌ رێگای ئه‌مه‌وه‌ راده‌ی رۆشنبیری‌و باری ئابووری‌و کۆمه‌ڵایه‌تیی جه‌ماوه‌ری کورد باش بکاو پێشیان بخاو له‌ جه‌ورو سته‌م و چه‌وسانه‌وه‌ له‌لایه‌ن ئه‌و سه‌رۆك عه‌شیره‌تانه‌وه‌ رزگاریان بکا، به‌ڵکو

حکومەتی تورکیا ویستی ئەو یاسایە وەکو کوتەکێکی دەستی بەکاربهێنێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەی کورد، لەگەڵ ئاسانکردن و خۆشکردنی ڕێگا بۆ تواندنەوەی کورد لە بۆتەی تورك دا، کە ئەم ڕاستییە، بە ئاشکرا، لە ماددەی 11 دا بەباشی ڕوونبۆتەوە."

ماددەی 11 : بڕگەی ئا : ڕێگا بە هیچ کەسێ نادرێ لەوانەی زمانی تورکی بە زمانی زگماکی خۆیان نازانن، بەهیچ شێوەیەك گوندێ یاخود گەڕەکێکی نوێ بۆ خۆیان دروست بکەن و تیایدا کۆ ببنەوە. هەروەها بۆیان نییە هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی تایبەتیپێکبهێنن.

بڕگەی بێ : وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی تەواوی دەدرێتێ هەرچی بە باشی بزانێ بیکا بەرامبەر ئەوانەی لە فەرهەنگی تورك ەوە دوورن و دەتوانێ دووریابخاتەوەو لە جنسیەی تورکیش بێ بەشیان بکا.

بڕگەی تێ : بەپێی بڕیارێ چۆنێتیی نیشتەجێکردنی ئەو کوردانە دەستنیشان دەکرێ کە لە شوێنی خۆیان دووردەخرێنەوەو نابێ ڕێگای ئەوەیان پێ بدرێ لەهیچ شوێنێ لەو شوێنانەی تیایدا نیشتەجێ دەکرێن ببنە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو شوێنە تازەیە.

دوای ئەو ماددانە، پرۆفیسۆر حەسرەتیان ئاماژەی بۆ ماددەی 29 ی ئەو یاسایە کردووەو وتوویەتی: "ئەوانەی دانیشتوانی ناوچەی یەکەمن ( کە بەرلەمە باسکراوە)، پێویستە بۆ ماوەی دە ساڵ، لەو شوێنانەی بۆیان تەرخانکراوە، دوورنەکەونەوەو ناشێ بەجێی بهێڵن."

سەیر ئەوەیە، ئەم نەخشەیەی حەسرەتیان باسیکردووە، لەدوای (10 – 12 ) ساڵ تێپەڕبوون بەسەریا ئەوسا حکومەتی بریتانیا، لە دەقە نهێنییەکانیدا باسیکردووە، هەروەکو لە دەقی ژمارە 34977 – 50371 ف ی ڕۆژی 5/10 / 1943 دا بڵاوکراوەتەوە، جگە لە باسی ئەو یاسایە، نامەیەکی (سێر پێرس)یشی تیادایە کە بۆ سەرۆکی وەزیرانی بریتانیا ناردوویەتی.

لەو دەقەدا ئاماژەی بۆ هەندێ بڕیاری حکومەتی تورکیا کردووە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنە ئەو یاسایە کە لەو بڕیارانەدا وتراوە:

1- پێویستە حکومەت ڕێگا بە ڕوودانی هیچ جۆرە ڕاپەڕینێکیتری کورد بە هاندانی بێگانە نەدا. (دەقەکە بۆ تێهەڵکێشی ئەو بڕیارە وتویەتی حکومەت مەبەستی سوریاو سۆڤیەت بووە.)

2- مسۆگەرکردنی نیشتەجێکردنی هاووڵاتیانی تورك لەسەر ئەو زەوی‌و زارانەی حکومەت داگیریان دەکا.

3- نابێ بەهیچ جۆرێ لە هیچ قوتابخانەیەکدا وانەی زمانی کوردی بوترێتەوە.

4- چاککردنی رێگاوبان بۆ ئاسانکردنی هات وچۆ (بێگومان مەبەست ئەوە بووە، بە چاککردنی رێگاوبانەکانی ناوچە کورد نشینەکان هێزەکانی سوپای حکومەت لەکاتی پێویستدا بە زووترین کات بگەنە هەر شوێنێ بزووتنەوەو راپەڕینی کوردی تیا بەرپا بێ.)

5- باشکردنی باری ژیان و گوزەرانی ئەو کاربەدەستانەی تورك، لەوانەی لەناو دەزگاکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا کاروباری بەڕێوە دەبەن و پێویستە خانووبەرەی باشیان بۆ دابین بکرێ بۆ ئەوەی کارەکانیان بەباشی هەڵسووڕێنن.

6- ئەو کارمەندو فرمانبەرانەی تورك کە لەو ویلایەتانەدا کار دەکەن پێویستە شارەزاو لێهاتوو بن و بتوانن مەبەستەکانی حکومەت بەجێ بهێنن.

لە کۆتایی ئەو دەقەدا نوسراوە: "لەبەر ئەوەی سیاسەتی حکومەتی تورکیا لەسەر بناغەیەکی رەگەزپەرستی دارێژراوە، دیارە کاربەدەست و فرمانبەرەکانیشی هەر هەمان رێبازیان گرتۆتەبەر تا هەستی نەتەوایەتی لەناو کەمنەتەوەکاندا بمرێنن... بێ گومان تورك وەکو میللەتێکی رەگەزپەرست و سەوداسەری شەڕ شتێکی‌تری ئەوتۆی لەباردا نەبووە بیکاو نەیتوانیوە خزمەتی فەرهەنگ و شارستانیەت بکا."

لەدوای باسی ئەو نەخشەو یاساو بڕیارانەی حکومەتی تورك ئامادەی کردبوون، کورتە باسێکی چۆنێتیی جێبەجێکردنیان دەخەینە پێش چاو کە کاربەدەستەکانی حکومەتی تورکیا، لەدوای شۆڕشەکانی پیران و ئاگریداغ و دەرسیم، پێڕەویانکردبوو.

یەکەم: شۆڕشی پیران ( بە سەرکردایەتیی شێخ سەعیدی پیران و بە رابەرایەتیی کۆمەڵەی ئازادی):-

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لە لاپەرە 68 ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (ئارمسترۆنگ) کردووە کە دەربارەی دڕندەیی‌و دڵڕەقیی تورکەکان دواوە، نوسیویەتی: "تورکەکان بە ئاگرو ئاسن کوردستانیان کاول کردو دێهاتەکانی دەسووتێنن و باخ و کێڵگەکانی لەناو دەبەن و

وێرانی دەکەن و بەوپەڕی دڕندەییەوە ژن و منداڵیان قەلاچۆ کردووە، بە ئاشکرا قەسابخانەیەکیان داناوە بۆ لەناوبردنی کوردو بەڕاستی دەریانخستووە ئیمڕۆش هیچیان کەمتر نییە لەوەی باووباپیرانیان بەرامبەر بە میللەتانیان کردووە." بلەچ شێرکۆ (جەلادەت بەدرخان) لە لاپەڕە 102 ی کتێبەکەیدا (القضیة الکردیة)، بە دورودرێژی باسی ئەو تاوانانەی کردووە کە تورکەکان لە شەڕی پیرانا لەگەڵ کورد کردوویانە. لە پاشکۆی کتێبەکەیدا ناوی ئەو گوندانەی هێناوە کە کاول کراون و خانوەکانیان سووتێنراون کە بریتی بوون لە 8780 خانوو لەگەڵ کوشتنی 15383 کەس. (سورەیا بەدرخان)یش لە کتێبەکەیدا، کە بە ئینگلیزی، لە ساڵی 1928 دا، لە شاری (فیلادلفیا) چاپکردووە، بە دورودرێژی باسی ئەو تاوانانەی کردووە.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لە هەردوو کتێبەکەیدا، (القومیة في ترکیا) و (کردستان بین الحربین)، ئاماژەی بۆ یاسای ژمارە 1097 کردووە کە ڕۆژی 19 / 6 / 1925 لەلایەن ئەنجومەنی باڵای میللیی تورکەوە دەرکراوە دەربارەی ڕاگوێزانی کورد بە کۆمەڵ لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکیا. بەپێی ماددەی دووەمی ئەو یاسایە، بڕیار بووە هەتا کۆتایی ساڵی 1927 ، ئەو ڕاگوێزانە تەواو بکرێو بە پێی مادده 7 ی هەمان یاسا دەبووایە حکومەت دەستی بەسەر زەویو زارەکانیدا بگرێ. بەوجۆرە بە هەزاران کورد ئاوارەکران و لەناوچە تورک نشینەکاندا بە پەرەوازەییو لەیەکتر دابڕان نیشتەجێ کران.

(ڕۆبەرت ولسن) لە کتێبەکەیدا، چاپی ئەمریکا، ساڵی 1989 ، کە بۆ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران تەرخانکراوە، ئاماژەی بۆ ڕاپۆرتێکی (جۆرج کێلبێرگ)ی باڵوێزی بریتانیا لە ئەستانبوڵ کردووە، کە باسی چۆنێتیی ڕاگوێزانی بە کۆمەڵی کردووەو بە تەواوکردنی ئەو کارە بە زووترین کات ئەنجومەنی باڵای میللیی تورک ملیۆنێك لیرەی تورخان کردووە بۆ زۆرکردنی ژمارەی جەندرمە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا.

دووەم: شۆڕشی ئارارات (ئاگریداغ) بە سەرکردایەتیی ئیحسان نوری پاشا و بە ڕێبەرایەتیی (خۆیبوون). تورکەکان وەك چۆن لە کات و لەدوای شۆڕشەکەی پیران دا ئەوپەڕی دڕندەییان بەرامبەر بە کورد نواندبوو، لەکات و لەدوای شۆڕشی ئارارات یشدا لە جاران زۆرتر، بەوپەڕی بێ ویژدانییەوە بەربوونەتە گیانی کورد. دەربارەی ئەمە، پرۆفیسۆر

حەسرەتایان ئاماژەی بۆ رۆژنامەی (فجر الشرق) کردووە کە لە ژمارەی رۆژی 20 / 3 / 1931 دا وتراوە: "تورکەکان 600 گوندیان کاولکردو دەستیانکرد بە راگویزانی دانیشتوانی ناوچەکە بە کۆمەڵ بۆ ناوچە دوورەکان بۆ ئەوەی لەناو تورکەکاندا نیشتەجێ بکرێن و لەناویاندا بتوێنرێنەوەو هەستی کوردایەتییان بمرێنرێ. (حەسەن عەرەفە)ش لە کتێبەکەیدا (ئەمز بیرون)، وەرگێرانی حامد گەوهەری، چاپی سوید، ساڵی 1985، هەروەها (کریس کۆچیرا)ش لە کتێبەکەیدا باسی تاوانی کاولکردن و درندایەتیی تورکەکانی کردووە.

سادق شەرەفکەندی لە کتێبەکەیدا (کورتە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد) ئاماژەی بۆ وتارێکی (ئەدمۆندز) کردووە کە تیایدا وتوویوتی: "بە چاوی خۆم هەندێ لەو شوێنانەم دیوە کە تورکەکان کاولیان کردبوون و لە شوێنێکی وەکو (بدلیس)دا، کە بەر لە شەڕی ئاگریداغ، ژمارەی دانیشتوانی چل هەزار کەس دەبوو، لە دوای شۆڕشەکە تەنها (3) هەزاری لێ مابوو."

سادق شەرەفکەندی ئاماژەی بۆ باسێکی (ل. رامبۆ) کردووە دەربارەی ئەوەی چۆن تورکەکان ژمارەیەکی زۆریان لە رۆشنبیرانی کورد گرتووەو هەموویانیان بە زیندوویی فڕێداوەتە ناو (گۆلی وان)ەوەو تیایدا خنکاون.

( دەیفد ماکدویل ) لە گۆڤاری (The Kurds) لە لاپەڕە 12 یدا باسی یاسای ژمارە 1850ی کردووە کە حکومەتی تورکیا دەریکردووەو تیا یدا هاتووە کە: "هەر کۆششێ، یا هەر هەوڵ و تەقللایەك لەلایەن هەر کاربەدەستێکی تورکەوە درابێ، ئەو کارە تاقە کەسێ کردبێتی ، یا چەند کاربەدەست و فرمانبەرێکی دەزگاکانی حکومەت کردبێتیان، ئەو کارە چ سوپایی بووبێ، یاخود سیڤیل، لەنێوان 20 / 6 / 1930 تا دیسەمبەری 1930 بۆ مەبەستی دامرکاندنەوەو لەناوبردنی بزووتنەوەی یاخیبووەکان کرابێ، یاخود بۆ دابینکردنی ئاساییش لە ناوچەکانی (Zelm) – لام وایە مەبەستی ناوچەی زیلان بێ کە یەکێ لەشەرە گرنگەکانی شۆرشی ئاگریداغی تیادا کراوە)و لە ناوچەی (Evrcis)و ئاگرێو ئورفە لەگەڵ دەوروبەری (پولومور) لە ناوچەی ئەرزنجان، یا هەر شوێنێکی ئەناتۆلیا، لەبەر ئەوەی ئەو رووداوو کوشتارو کردارانە هەمووی بۆ سوودو پەرژەوەندیی وڵات کراون،

بۆیە هیچیان بە تاوان نازمێررێن و ئەوانەی ئەو کارانەیان کردووە نابێ بە تاوانبار بژمێررێن.

سێیەم: شۆڕشی دەرسیم بە سەرکردایەتیی ( سەید رەزا ) ئەم شۆڕە بەدوا شۆڕشی کورد دەژمێررێ لە باکووری کوردستان دا. بە داخەوە سەرەنجامی ئەم شۆڕشە وەکو ئەوانەی بەر لە خۆی وابوو. سەید رەزا لە شۆڕشەکانی تری بەر لە شۆڕشی دەرسیم هیچ هاوکارییەکی نەکردبوو. وەکو بەر لەمە وتمان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێوان سونیو عەلەوی. تورکەکان بەوپەڕی توندوتیژیو دڵڕەقییەوە شۆڕشەکەیان دامرکاندەوەو بەربوونە گیانی دانیشتوان بێ گوێدان بە تەمەن و بەشدارنەبوون لە شۆڕشەکەداو هەرچییەکیان ویست دژی ژن و منداڵ و پیر کردیان.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لە هەردوو کتێبەکەیدا، کە بەر لەمە باسمانکردوون، بە دووردرێژی باسی تاوانی تورکەکانی کردووەو لەوە دواوە کە، هەرچەند شۆڕش براببووەوەو دوای ئەو هەمور کوشتارەی لە کورد یان کردبوو پەلاماری دانیشتوانی ئەو گوندانەشیان دا کە دانشتوانەکانیان بەهیچ شێوەیەك بەشدارییان نەکردبوو لە شۆڕشەکەدا. ئەوەی لەو پەلاماردانەدا لە کوشتن رزگاریان بووبوو حکومەت هەموویانی ئاوارە کردو دەستی گرت بەسەر موڵك و زەوی و زارەکانیاندا. لەم رووەوە حەسرەتیان ئاماژەی بۆ کتێبی ( Istatistic Yillig ) چاپی ساڵی 1951 کردووە کە لە لاپەڕەکانی 37 تا 72 لیستێکی بۆ ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات تەرخانکردووەو لەوەدا وتراوە: "لە بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە ساڵی 1940 دا لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە ساڵی 1935 دا دەردەکەوێت ژمارەیان لە ساڵی 1940 دا (498865) کەس کەمتر بووە لەوەی ساڵی 1935 و لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەدا هیچ جۆرە بەسەرهات و نەخۆشیی کوشندە بڵاونەبۆتەوە لەو ناوچانەدا، بۆیە دەبێ بوترێ هۆکەی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کوشتارە بێ ئەندازەیەی لە دانیشتوان کراوە لەگەڵ ئەو راگوێزانەی بە کۆمەڵ بەپێی نەخشەی حکومەت هەموویان لە شوێنی خۆیان هەڵکەنراون و پەرەوازە کراون. لە شوێنە چۆڵ و بیابانەکاندا یا بە دابەشکردنیان لە ناوچە تورك نشینەکاندا بە نیازی تواندنەوەیان لەناو کۆمەڵگای تورکەکاندا. جگە لە باسی ئەو نەخشەو یاساو بڕیارانەی حکومەتی تورکیا

دریکردبوو، ئێمەش بەر لەمە کورتەیەکمان خستبووە بەرچاو. دوو باسی تر ماوە بەپێویستم زانی کورتەیەکیان پێشکەش بکەم کە بریتین لە باسێکی پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەگەڵ لیستێ لەو یاسایانەی حکومەتی تورکیا دژی کورد دەریکردووە کە ئینستیتیوتی کورد لە پاریس لە فەرەنسییەوە کردوویەتی بە ئینگلیزی:

## سەرچاوەی یەکەم : باسەکەی حەسرەتیان:

1- تورکەکان هەر لە سەرەتاوەو لە دوای پەیمانی لۆزان ەوە لە ساڵی 1924 دا نەخشەو پرۆژەیەکی تایبەتی ئامادەکردبوو بۆ چۆنیەتیی گواستنەوەی کورد و بڕیاربوو بەپێی ئەو پرۆژەیە دووسەد هەزار کورد لە شوێنەکانی خۆیانەوە بگوێزنەوە بۆ ئەو شوێنانەی خۆیان بۆیانیان دەستنیشان کردبوو. سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتییە لە بڵاوکراوەی (رۆژهەڵاتی تازە)، لاپەڕە 128 ی ژمارە یەکی ساڵی 1925.

2- لە حوزەیرانی 1927 دا ئەنجومەنی باڵای میللیی تورك یاسایەکی دەرکرد دەربارەی گواستنەوەی کورد لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوای تورکیاو بڕیاردرا دەست بەسەر هەموو زەوی‌و زارو موڵکیاندا بگرێ.

3- لە وتارێکی ئەمینی گشتیی (پارتی گەلی کۆماریی تورکیا) کە (رەجەب بەکر) بوو، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1931 دا خوێندبوویەوە، وشەی (نەتەوە)ی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە. "ئێمە هەموو دانیشتوانی وڵاتی تورکیا بە یەك نەتەوە دەژمێررێین، چ لە رووی سیاسەتەوە بێ یاخود لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەمە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە بە خۆیان دەڵێن لە نەتەوەی کورد یا (چەرکەس) یا (ئەلبوماك) ن . لەسەر هەموو کەمالیەکان پێویستە ئەو رستانەی هەتا ئێستا بە هەڵە دەربارەی ئەو ناوانە بەکاردەهێنران هەموویان راستبکرێنەوە کە ئەم هەڵانە لە میراتیی باووباپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە (مەبەستی خلافەتی عوسمانییە)." وتارەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ: "ئێمە ئەوانە بە نەتەوە ناژمێرین کە ژمارەیان پێنج هەزار ، یا دە هەزار ، یا سەد هەزارەو یا با ملیۆنێکیش بێ."بۆ وەرامی ئەم وتارەی پرۆفیسۆر حەسرەتایان باسیکردووە، جێگەی خۆیەتی گفت و گۆیەکی (عیسمەت ئینونۆ)و کوردێ لەو کوردانەی لەگەڵ کەسوکارو خاووخێزانیانەوە

گوێزرابوونـەوە، هـەروەکو (زنـار سـلۆپی) لـە لاپـەڕە 171 ی کتێبەکەیـدا باسـیکردووە، پێشکەشی دەکەین: "ساتێ عیسمەت ئینونۆ لە ساڵی 1935 دا بۆ پشکنین و گەشت دەچێتە دەشتاییەکانی دیاربەکر، کە دەبینێ حکومەت ژمارەیـەکی زۆری لـە تورکـەکان لـەو شوێنانەدا نیشتەجێ کردووە، بە لووتبەرزییەوە بـە کوردێ دەڵێ: "لام وایـە لـە سایەی خـواوە ئێستا لەو تورکانەی لەناوتاندا دەژین ئومێدەوارم فێـری هەنـدێ شت بـووبن." لـە وەرامـدا گەنجـە کوردەکە دەڵێ: "بـەڵێ جـەنابی پاشا ئێمـە بـەهۆی ئەوانـەوە فێـری زمـانی کـوردی بـووین." عیسـمەت یـش پێـی دەڵێ: "کوڕم، خـراپ نییـەو شـتێکی زۆر باشـە گـەر پیـاو فێـری چـەند زمانێ بێ."

4- لـە حـوزەیرانی 1934 دا ئەنجومـەنی میللیـی تـورك یاسـایەکی دەرکـردو پرۆگرامێکـی ئامـادەکرد بـۆ چـۆنێتیی ئـاوارەکردن و دابەشـکردنی کەمەنەتـەوەکان. بـەپێی ئـەو یاسـایە تورکیا کرا بە چەند ناوچەیەکی ئیدارییەوە.

یەکـەم: ئـەو ناوچـانەی پێویسـتە تـەنها تـورکی تیـادا نیشـتەجی بکـرێ (دیاربـەکر بریتی بووە لـەو ناوچـە کوردییانـەی دانیشـتوانی ئـاوارەکرابوون و تورکیـان لـە جێـی ئـەوان نیشتەجێ کردووە).

دووەم: ئـەو ناوچـانەی بـۆ ئاوارەبووەکـان تـەرخان دەکـرێ، بـە مـەرجێ ئـەو ئاوارەبووانە ناچار بکرێن تەنها بە زمانی تورکی فێری زانست و رۆشنبیری ببن.

سێیەم: ئـەو شـوێنانەی پێویسـتە لەبـەر هـۆی ئـابووریو تەندروسـتیو رۆشـنبیریو سیاسیو سوپاییەوە چۆڵ بکرێن، رێگە نـەدرێ بـەبێ پرسـی کاربەدەسـتانی لێپرسـراو کەسـی تیـادا نیشـتەجێ بکـرێ (بێگومـان مەبەسـت لـەو ناوچـە کوردییانـە بـووە کـە دانیشـتوانیان گوێزرابوونەوە).

5- لـە سـاڵی 1934 دا گەلـێ ماددەیتر خرایـە سـەر ئـەو یاسایانەی پێشوو، کـە بـە پێـی هـەموویان دەسـەڵات درا بـە کاربەدەسـتانی تـورك بـە ئـارەزووی خۆیـان لەگـەڵ کوردەکانـدا رەفتـار بکـەن و گواسـتنەوەیان جێبـەجێ بکـەن بـۆ ئـەو شـوێنانەی بۆیـان تـەرخان دەکـەن. حەسـرەتیان لـە هـەمان باسـیدا نوسـیویەتی: "(نیهـال ئادسـز) کـە یـەکێ بـووە لـە تونـدڕەوە رەگەزپەرستەکانی تورکی کەمالی، لـە وتارەکەیـدا وتویـەتی: پێویسـتە دەسـەڵاتی ئەوانـەی بـە

رەگەز تورکن بەسەر هەموو دانیشتواندا زاڵبێ‌و ئەوی خۆی بە تورک نەزانێ نابێ لە هیچ دەزگایەکی حکومەتدا کاربکاو پێویستە لە وڵاتیش بکرێتە دەر (سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتییە لە راپۆرتێکی پەیامنێری ئەکادیمیی علومی سۆڤیەت، ژمارە 8، لاپەڕە 101 ساڵی 1949. هەروەها (جمال گویرسیل)ی سەرۆك کۆماری تورکیا، هەروەکو حەسرەتیان لە لاپەڕە 82 ی کتێبەکەیدا باسیکردووە، لە رۆژی 1960/11/4 دا لە شاری دیاربەکر خوتبەیەکی دابوو، بە قەدوباڵی (زیا کوێك ئەلب)ی نووسەری فاشیستی تورکدا هەڵی دابوو، بە گوێگرانی وتبوو:

"لای ئێمە کورد نییە، چونکە تورك و کورد هەردوولایان بە رەچەڵەك هەر دەچنەوە سەر رەگەزی تورك و لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا لە تورك بەولاوە کەسیتری تیادا نییەو بەدەستەوەیە یاسایەکی تازە دەرچێ ئەوی خۆی بە تورك نەزانێ سزا دەدرێ."

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەی دووەم: بریتییە لە وەرگێڕانەکەی ئینستیتیوتی کوردی لە پاریس لەژێر ناوی (قەدەغەکردنی رۆشنبیرێتیی کورد)، کە بەم شێوەیە باسیکردووە:

1- لە ساڵی 1924 دا یاسایەکی تازە بڵاوکرایەوە دەربارەی رێبازی نەتەوایەتیی تورك کە بەو رێبازە وتراوە ( کەمالیزم )و پاراستنی ئەو ئایدیۆلۆژییە سپێرراوە بە سوپا. بەپێی ئەو یاسایە، هەرکەس رەخنەی لە مستەفا کەمال خۆی، یا لە ئایدیۆلۆژیاکەی بگرتایە بە تاوانبار دەژمێرراو سزا دەدرا.

2- لە ساڵی 1926 دا، بەپێی ماددەکانی 41 و 42 ی ئەو یاسایەی پێشوو، کورد بۆی نەبوو بە هیچ جۆرێ پێناسەی خۆی وەکو کوردێ باس بکاو نابێ هیچ کۆمەڵ و رێکخراوێکی هەبێ.

3- لە یاسایەکی تردا، ژمارە 2820، وتراوە نابێ هیچ پارتێکی سیاسی لە تورکیا دان بە بوونی کورد دا بنێ یا پارێزگاری لە بوون و لە بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریی کورد بکا.

4- لە 1926/3/3 دا یاسایك بڵاوکرایەوە لەژێر ناوی ( قانونی عقوباتی تورکی ). لە برگە 4 ی ماددە 141 یدا وتراوە: "ئەوانەی بە ناوی رەگەزایەتییەوە هەوڵ بدەن

بەشێ یا هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لە یاسادا دەستنیشانکراون لاواز بکەن یاخود تێکیان بدەن، بۆ ( 12-5 ) ساڵ زیندانی دەکرێن."

5- بە پێی برگە 5 ی هەمان ماددە 141 ی پێشوو، ئەوانەش کە دەبن بە لایەنگری ئەوانەی برگە 4 ی پێشوو دەیانگرێتەوە، پێویستە ئەوانیش بۆ هەمان ماوە زیندانی بکرێن.

6- بە پێی برگە 6 ی هەمان ماددەی پێشوو وتراوە: "ئەگەر ئەو کردارانەی بە تاوان دەژمێررێن بەپێی ماددەکانی ئەو یاسایە، پێوەندییان بە دەزگاکانی حکومەتەوە هەبێ یاخود کارەکان لە ناو خانوو هۆڵی دەزگاکانی حکومەتدا بکرێن، ئەوا دەتوانرێ سێ یەکی ئەو ماوەیەشی بخرێتەسەر کە تاوانبار سزای پێدراوە.

7- بە پێی برگە 8 ، هەر کۆبوونەوەی رێکخراوێ کە لە دووکەس پتر تیایا بەشدار بن ئەوا ماددەکەی پێشوو دەیانگرێتەوە.

8- لە برگە 3 ی ماددە 142 ی هەمان یاسادا وتراوە: هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ئەو دەسەڵاتانەی بە کاربەدەستان دراون لە رێگەی پروپاگەندەی رەگەزییەوە، تاوانبار بۆ (5 تا 10 ساڵ) سزا دەدرێ.

9- برگە 4 ی ماددە 142: هەرکەسێ لایەنگری ئەو تاوانبارانە بێ کە لە برگەی پێشوودا باسیانکراوە، بۆ ماوەی (2 تا 5 ساڵ) زیندانی دەکرێن.

10-برگە 5 ی ماددە 142: ئەگەر ئەو تاوانەی لە برگەکانی 3 و 4 ی ماددەی 142 دا باسکراون، لەو شوێنانەدا رووبدا کە لە برگە 6 ی ماددە 141 دا ناویان هاتووە، ئەوا سزاکان سێ یەکی ماوەکەیان دەچێتە سەر.

بێ گومان جگە لەو یاسایانەی باسکراون، تا ئێستا هەرجارەو هەر ساڵە چەند یاسایەکیتر لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەرچووە کە هەموویان دژی میللەتی کورد بوون.

بۆ نموونە: لە ساڵی 1983 دا، رۆژی 24 ی مارت ، یاسای ژمارە 2820 دەرچووە دەربارەی پارت و کۆمەڵ و رێکخراوەکانی ناو تورکیا، گەلێ مەرجی قورس و گران دانراوە بۆ رێگرتن لە هەموو جۆرە چالاکییەك کە لەگەڵ بەرژەوەندیی کەمالییەکان دا گونجاوبێ و هەمووشی دژی کورد بووە.

هەروەها لە ساڵی 1983 دا رۆژی 10 ی ئەیلوول، یاسای ژمارە 2392 دەرچووە کە تایبەت بووە بە چاپکردنی بڵاوکراوەکان بە رۆژنامەو گۆڤارو فیلم و هەموو جۆرە چالاکییەکیتری لەو جۆرە.

لە راستیدا باسی هەموو بڕیارو یاساکانی حکومەتی تورکیا کە بە لێشاو یەك لە دوای یەك دەرچوون، ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایێن. لە کۆتایی ئەم باسەدا، بە پێویستم زانی ئەوە بخەمە پێش چاو کە کەمالیەکان تەنها هەر دژی کوردی باکوور نەوەستاون، بەڵکو چاویان بەرایی نەهاتووە کورد لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا هیچ مافێکی نەتەوایەتیی رەوای خۆی دەسگیر بێ. لەو رووەوە، هەوڵدەدەین کورتەیەك لە هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بخەینە پێش چاو لە رۆژهەڵات و لە باشووری کوردستان.

هەموو کتێب

<u>یەکەم: دەربارەی رۆژهەڵاتی کوردستان:</u>

ساتێ لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزراو ئەو حکومەتە لە ماوەیەکی کەمدا کاروباری خۆی ریکخست و داوودەزگا پێویستییەکانی دامەزراندو کورد لە باشوورو باکووری کوردستاندا شادمان بوو، بە هیوای ئەوەی لەو بەشەیدا ببێتە چرایەکی رۆشنکەرەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی بۆ بەشەکانیتری رۆشنبیران و ئەفسەران و چەکدارانی کورد بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی بوون بە هاوکاری تێکۆشەرانی کوردی رۆژهەڵات، لەو رۆژانەدا رژێمی تورکی فاشستی ئۆقرەی لێ بڕاو دەستیکرد بە پەلەقاژەو هاواری بردە ئامریکای ئاغای بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو حکومەتە کوردییە.

دەربارەی هەوڵدانی تورك بۆ تێکدانی کۆماری کورد لە مەهاباد، گۆڤاری گزنگ لە ژمارەی 11 ی ساڵی 1996 دا ئاماژەی بۆ بەڵگەنامەیەکی ناو ئارشیڤی حکومەتی سۆڤیەت کردووە، لە ژمارە 594 / و ، 4 ، د ، 5188 . لەو بەڵگەنامەیەدا، باسی رووداوەکانی ساڵانی 1935 تا 1938و 1940 تا 1945 و لە لاپەڕەکانی 10 تا 14 ی هەمان بەڵگەنامەدا باسی هەڵپەو پەلەقاژەی تورکی تیادا کراوە بۆ مەبەستی لەناوبردنی کۆماری مەهاباد بەم شێوەیەی خوارەوە: "رۆژی 5 ی مانگی سەپتەمبەر ، سکرتێری گشتیی وەزارەتی دەرەوەی

توركيا رايگه‌ياند، له‌وانه‌يه حكومه‌ته‌گه‌ی سوپای خۆی بنێرێته سنووری ئێران."ده‌رباره‌ی ئه‌مه، وه‌زيری ده‌ره‌وه‌ی بريتانيا (سێر بۆلارد) وتويه‌تی: "ده‌رباره‌ی ئه‌مه، له‌گه‌ڵ هاوتای خۆيدا له حكومه‌تی شوره‌وی قسه‌ی كردووه‌و له وه‌رامدا وه‌زيری ده‌ره‌وه‌ی شووره‌ويش به (سێر بۆلارد)ی وتووه توركه‌كان دڵنيا بكا كارێكی وا نه‌كرێ دژی به‌رژه‌وه‌ندييه‌كانی حكومه‌تی توركيا بێ."

به‌ڵگه‌نامه‌كه له‌سه‌ری رۆيشتووه‌و ده‌ڵێ: "لای سێر بۆلارد وايه توركه‌كان له ژماره‌يه‌ك له سه‌رۆك عه‌شيره‌ته‌كانی كورد بۆ ( باكۆ ) ته‌نها مه‌به‌ستی رۆشنبيری بووه."

له 15 ی سه‌پته‌مبه‌ردا حكومه‌تی توركيا نامه‌يه‌كی تری نارد ده‌رباره‌ی چالاكيی كورده‌كان، تيايدا وتراوه: "هێزی داگيركه‌ری شووره‌وی پشتيوانی له كورد ده‌كا. ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ی سۆڤيه‌ت بۆته هۆی نيگه‌رانيی حكومه‌ت و له‌وانه‌يه هۆی تێكچوونی پێوه‌ندیی نێوان توركياو حكومه‌تی سۆڤيه‌ت و ئه‌نجام به‌وه گه‌يشتووه بارودۆخێكی نائارام و پڕ له مه‌ترسی هێناوه‌ته ئاراوه."

سه‌رنجی به‌ڵگه‌نامه‌كه بۆ ئه‌م بۆچوونه‌ی توركيا به‌م جۆره بووه: "هه‌رچه‌ند راپۆرته‌كانی توركيا زيادرۆييان تێدايه، به‌ڵام له‌وانه‌شه ببێته هۆی تێكچوونی پێوه‌نديی سۆڤيه‌ت و توركيا." له به‌شی دووه‌می ئه‌و به‌ڵگه‌نامه‌يه، ئاماژه‌ی بۆ نامه‌يه‌كی (مۆلۆتۆڤ) كردووه كه نارده‌ويه‌تی بۆ ( كريس )ی باڵوێزی بريتانيا لای حكومه‌تی سۆڤيه‌ت كه تيايدا وتراوه: "حكومه‌تی ئێران خۆی به هيچ شێوه‌يه‌ك گله‌يی پيشان نه‌داوه ده‌رباره‌ی هه‌ڵوێستی سۆڤيه‌ت به‌رامبه‌ر به كورده‌كان و له كاتی كۆبوونه‌وه‌يه‌كی ( ئاغای فرووغی )ی سه‌ره‌ك وه‌زيرانی ئێران له‌گه‌ڵ باڵوێزی شووره‌ويدا.

ئاغای فرووغی رايگه‌ياندبوو ئينگليزه‌كان پشتيوانی له كورده‌كان ده‌كه‌ن و هه‌ندێ جار له هه‌ندێ شوێن دژی حكومه‌تی ئێرانيش هانيان ده‌ده‌ن، كه به‌مه ئيتر حكومه‌تی توركيا هيچ به‌ڵگه‌يه‌كی ئه‌وتۆی به‌ده‌سته‌وه نامێنێ كه بڵێ شووره‌وی هانی كورده‌كانی ئازربايجان ده‌داو ئه‌و هاتوچۆكردن و په‌يوه‌ندييانه‌ش تا ئێستا كراون ته‌نها بريتی بووه له چاوپێكه‌وتنی چه‌ند كوردێك و سه‌فه‌ره‌كه‌شيان ته‌نها به مه‌به‌ستی فه‌رهه‌نگی بووه نه‌ك بۆ هيچ مه‌به‌ستێكی‌تر. هه‌روه‌كو (سێر بۆلارد)يش بۆی چووه، بوونی هێزی شووره‌ی له‌و ناوچانه‌دا

کارێکی کەمیان کردۆتە سەر دانیشتوان، کە ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ دڵنیابوونی حکومەتی تورکیا."

## دووەم: دەربارەی باشووری کوردستان:

هەڵوێستی حکومەتی تورکی کەمالی بەرامبەر بە کورد لە باشووری کوردستان باسێکی یەکجار دووروودرێژە. لەسەرەتادا تورکەکان بەتەمای داگیرکردنەوەی ویلایەتی موسڵ بوون بە باشووری کوردستانیشەوە، بەڵام ساتێ ئەو ئاواتەیان سەر ی نەگرت و بایاندایەوە بەرەو دۆستایەتیکردن لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوادا، بەتایبەت لەگەڵ حکومەتی بریتانیا، بەوە قایل بوون لە دۆستایەتیی وڵاتی سۆڤیەت دووربکەونەوە بەرامبەر بەوەی حکومەتی بریتانیا دان بە حکومەتی تورکیادا بنێو دەستبەرداری لایەنگیریکردنی کورد بێتەوە لە باشووری کوردستان دا. بەو جۆرە حکومەتی بریتانیا، بۆ دڵنیاکردنی حکومەتی تورک لەلایك و بۆ مسۆگەرکردنی ناردنی نەوتی کوردستان بە ناو خاکی تورکیادا بە لوولە بۆ سەر دەریای سپی، ئیتر بۆ یەکجاری حکومەتەکەی شێخ مەحموودی بە زەبری فڕۆکەی ئاسمانیو بە بۆردومانکردنی شاری سلێمانیو بنکەکانی هێزەکانی شێخ مەحموودی هەڵوەشاندەوەو ئیمرۆش هەمان حکومەتی تورکی کەمالی وازی لە باشووری کوردستان نەهێناوەو هەروەکو کەڵەگا بۆ تێکدانی حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان لە باشوور، هەرجارە بە بیانوویەك ماڵی کورد وێران دەکا کە بەداخەوە یەکنەبوون و ناتەبایی خۆشمان هۆی سەرەکییە بۆ ئەو کەڵەگاییەی ئەو رژێمە. لێرەدا ئەو دوو دێرە شیعرەی حاجی قادر یاددەکەمەوە کە دەڵێ:

هەتا وەك ئاگری بن کان لەگەڵ یەك — ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەك

لەبەر حیزی بخۆییو ناتەبایی — لەژێر حیزی حیزان بوینە دۆشەك

# ئەزموونی ئێمە ٧

(لەگەڵ رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقدا)

نووسینی: د. مەحموود عەلی عوسمان

ئەم ووتارە هەوڵدانێکە باسی ئەزموونی تاڵی خۆمانە لەگەڵ رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق لە ماوەی ئەو چل ساڵەی رابردوودا. جا لە بواری گفتوگۆدا بێ یان شەڕ، هەوڵدانێکە لەلایەن کەسێکەوە کە لە هەموو هەڵچوون و داچوونەکانی ئەم ئەزموونە سەرنجراکێشەدا ژیاوە. بۆ وەستان لە گرنگترین ویستگەکانیدا.

بێ ئەوەی بچمە ناو باسی دوورودرێژی مێژووییەوە، گرنگی بە (سەردەمی کۆماری) دەدەم، کە لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958 ەوە، بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم دەستی پێکرد. شۆڕشەکە دەرهەق بە مەسەلەی کورد باش بوو، مافەکانی کوردی ناساند. لە هەمووی گرنگتر، خاڵی سێی دەستووری کاتی بوو کە رایگەیاند کوردو عەرەب لە وڵاتدا هاوبەشن.

بەداخەوە لە مانگی نۆ ی ساڵی 1961 دا پێکدادانی چەکداری لە نێوان هەردوولادا دەستی پێکرد، بێ ئەوەش هیچ ساتێکی ئارام یان گفتوگۆی بەخۆیەوە نەبینیو تا کەوتنی رژێمی (قاسم) بەردەوام بوو. ئەم شەڕو پێکدادانانە کە لەلایەکەوە یارمەتیدەر بوو لە رووخانی (قاسم)دا لەلایەن پارتی بەعسەوە، لەلایەکیتریشەوە کوردیان تووشی قوربانیو نارەحەتیی زۆر کرد. رژێمی پارتی بەعس کە، لە مانگی شوباتی 1963 دا، لە ئەنجامی کودتایەکی خوێناویدا دەسەڵاتی گرتە دەست، لە هەموو روویەکەوە، لە رژێمەکەی پێشوو خراپتر بوو. دەسەڵاتی تازە چەندین خولی شەڕو گفتوگۆی لەگەڵ کورد ئەنجام دا. ئەم پیادەکردنەی کینە –خۆشەویستییەی رژێم ئەوەی پیشان دەدا کە دەیەوێ بزووتنەوەی کورد یان بە رێی شەڕ لەناوبەرێ یان بە رێی گفتوگۆ دەستیبەسەردا بگرێ.

لە سەرەتای هێرشی جینوسایدی حوزەیرانی 1963 دا، لە کوردستان، بە مەبەستێکی تاکتیکی، حکومەت بۆ ماوەی چوار مانگ لەگەڵ کورد دا کەوتە گفتوگۆوە. لەو ماوەی گفتوگۆیەدا، لە دەی ئاداری 1963 دا بەغدا، بە رەسمی، رایگەیاند کە دەیانەوێ کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو لەسەر بنچینەی ناناوەندی (لامرکزی) چارەسەر بکەن.

لە ئەنجامدا، بزووتنەوەی کورد پێشنیازێکی لە سەر بناغەی ناناوەندی (لامرکزی)، سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی پێشکەش کرد. حکومەت نە بەمە رازی بوو نە هیچ شتێکی دیکەشیدا.

کاتێکیش کە لە ئاداری 1963 دا، هەمان توخمە بەعس، لە سوریا، بە کودتا هاتە سەر حوکم، فەرمانڕەوایانی عێراق ئەوەندەیتر لەوەڵامدانەوەی داخوازییەکانی کورد ساردبوونەوە. دەشیانویست گلەییەکە بخەنە سەر (ناسر) سەرۆکی میسر لە کاتێکدا کە لەگەڵ هەردوو بەعسی سوریاو عێراق، سەبارت بە یەکێتی عەرەب، لە گفتوگۆدا بوو. بەڵام کاتێك کە سەرۆکی وەفدی گفتوگۆ (جەلال تاڵەبانی) بە یاوەری (فوئاد عارف)، لە قاهیرە چوونە دیدەنی (ناسر)، دەرکەوت کە ئەمە هەمووی دەنگۆی بێ بنج و بنەوانە. بە پێچەوانەشەوە، (ناسر) لەگەڵ ئەوەدا بوو ئاشتی لەگەڵ کورد بکرێو دژی شەڕ بوو لە کوردستان دا.

لە هەمان کاتیشدا، پارتی بەعس هەوڵی دەدا ئەوە بۆ (ناسر) و بزووتنەوەی نەتەوە پەرستانی عەرەب بسەلێنێ کە کورد جوداخوازن و هەڕەشە لەسەر یەکێتیی عێراق و لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب دروست دەکەن.

ئەم دەنگۆیانە نە هیچ بناغەیەکیان هەبوو، نە کەسیش باوەڕی پێدەهێنان، بەتایبەتیش، کە سەرکردایەتیی کورد داخوازییان ئەوە بوو کە قەوارەیەك پێك بێ کە زامنی پارێزگاریی یەکێتیی خاکی عێراق بێو دەسەڵاتەکانی دەرەوەو پاراستن و دارایی و مەسەلە ناوەندییەکانی دیکەی دەوڵەت لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا بهێڵێتەوە.

هەڵبەتە لایەنی کوردی داوای ئەوەی دەکرد کە دیموکراسی بۆ عێراق و هەبوونی کورد و مافەکانی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تاکپەرستی بەغدا بپارێزرێن. لەوەش زیاتر، لەو

یادداشتەدا کە لایەنی کوردی دایان بە (کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ی قاهیرەی نێوان میسر و عیراق و سوریا)، هەروا بە جیهانی عەرەبی، تێڕوانینی کوردیان بە روونی خستە ڕوو.
یادداشتەکە ئەوەی دەردەبڕی لە بارودۆخێکدا کە عێراق بیەوێ لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبیدا فیدرالیزم پێك بهێنێ، دەبێ کوردستان لە چوارچێوەی عیراق دا ئۆتۆنۆمیی تەواوی خۆی هەبێ‌و لە بارو دۆخێکیشدا بیەوێ لەگەڵ دەوڵەتێ یان زیاتری عەرەبی یەکێتیی عەرەبی پێکبهێنێ، ئەو کاتە کورد یش دەبێ قەوارەی خۆی هەبێ‌و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێ‌و دەبێ حسابی گەلێکی سەربەخۆی دۆستی عەرەبی بۆ بکرێ‌و نابێ بە بەشێ لە نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم بدرێ. هەروا لایەنی کوردی، لەو یادداشتەیاندا، پشتیوانیی تەواوی خۆیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازو خواستەرەواکانی عەرەب دووپاتکردەوە. رژێمی عیراق، دەرفەتی گفتوگۆی بۆ قازانجی خۆی و بۆ خۆئامادەکردن بەکار هێنا. لە حوزەیرانی 1963 دا پەلاماری سەربازیی بەربلاوو خوێناویی کاولکارانەی کوردستانیدا. پەلامارەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو (جادەی هاملتون) و ناوچەی بارزان بوو، واتە ئەو ناوچانەی کە (مستەفا بارزانی)ی لێ بوو.
ئەم شەرە شەڕی جینوساید بوو. سیاسەتی لەناوبردنی نەتەوەو سوتاندنی خاك پیادەکراو کوشت و بڕییەکی بێ ئەندازە ئەنجام درا.
ئێران و تورکیاش، بۆ بەڕێوەبردنی هێرشێکی سەربازی، لەرێی کارمەندانی پەیوەندییانەوە لە کەرکوك، هاوکاریی خۆیان ئەنجام دا. لەو کاتانەدا من لە ناوچەی بارزان لەگەڵ (جەنەڕاڵ بارزانی) دا بووم. بە چاوی خۆم فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران و تورکیام دەدی کە لە بۆمبابارانکردنی ناوچەکەدا هاریکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراقیان دەکرد. ئەگەرچی عیراق لە بواری مافی مرۆڤدا رێکۆردێکی رەشی هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دژی کۆمۆنیزم بوو، رۆژئاوا، بەتایبەتیش ئەمریکاو بەریتانیا پشتیوانییان لێدەکرد. ئەگەرچی سیاسەتەکانی رژێمی عیراق لەلایەن رای گشتیی خەڵکەوە، لە تەواوی دنیادا تاوانبار کرابوون و سۆڤیەتیش، کە لە سەرەتادا بە توندی دژی تاوانەکانی رژێم لە کوردستان دا وەستابوو، وردەوردە بەرەو هەڵوێستی نەرمتر پاشەکشێی کرد. تەنانەت داوایان لە (مەنگۆلیا)ش کرد کە ئەو داواکارییەی بکێشێتەوە کە پێشتر سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی

## ئەزموونی ئێمە لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دا

مرۆڤ لە کوردستانی عیراقدا دابووی بە نەتەوە یەگگرتووەکان. تا دەهات رژێم زیاتر لەناو تاوان و تەنگوچەڵەمەکانی خۆیدا رۆدەچوو. تا کار گەیشتە ئەو شوێنەی چۆن بە کودتا هاتنە سەر حوکم، بە هەمان شێوەش ئاوەژوو کرانەوە. خاڵێکی سەیرو سەرنجڕاکێش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کورد، ئەو کاتەی داوای ئەوەی دەکرد کە کێشەکەیان لەسەر ئاستێکی جیهانی باس بکرێ، بەو بیانووە رەت دەکرایەوە کە ((مەسەلەیەکی ناوخۆییەو تایبەتە بە عێراق ))، بەڵام لە راستیدا هیچ کاتێ تایبەت نەبووە بە عیراقەوەو هەردەم چەندین وڵات بە راستەخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەشداریی شەڕی جینوسایدی خەڵکی کوردستانیان کردووە.

دوای پارتی بەعس، قۆناغێکی نوێ هاتەکایەوەو پێنج ساڵی خایاند. لەو قۆناغەدا (عەبدول سەلام عارف) دەسەڵاتی گرتە دەست، تا لە رۆژی 13 ی نیسانی 1966 دا، لە رووداوێکی نادیاری هەلیکۆپتەردا کوژرا. دوای ئەویش (عەبدول رەحمان عارف)ی برای دەسەڵاتی کەوتە دەست. هەتا ئەو کاتەی لە 17 ی تەمووزی 1968 دا پارتی بەعس هاتەوە سەر حوکم.

هەردوو رژێمی برایانی عارف، ناسیۆنالستی عەرەبیو ناسری بوون. یەکەمیان لەوەی دووەمیان زۆر دڕندەتر بوو.

لەو ساڵانەدا، کوردان رووبەڕووی شەڕی زۆر بوونەوە. بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمی عارف ی یەکەمداو لە ساڵی 1965 و نیوەی یەکەمی 1966 دا. شەڕی ئەمجارەش وەك شەڕی سەردەمی بەعس لە 1963 دا، شەڕێکی دڕندانەو شەڕی جینوساید بوو، هەموو جۆرە چەکێکی تێدا بەکارهات، بەڵام وەك هەمیشە، ئەمجارەش نیشانەکانی خۆی نەپێکا.

ئەو قۆناغە، دوو ماوەی ئاگربەست و گفتوگۆی بەخۆوە دی: یەکەمیان لە دەی شوباتی 1964 دا دەستیپێکرد کە تێیدا رێککەوتننامەیەکی زۆر لاواز، لەنێوان بارزانی و عارف دا، ئیمزا کرا کە شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو. قبوڵی خێرای بارزانی لەبەر ئەوە بوو کە دەیویست ماوەیەکی ئارامی لەگەڵ عێراقدا هەبێ، تا لەو ماوەیەدا ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی، (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی)، بەلایەکدا بخا. هەر ئەو ناکۆکییەش بوو کە بووە ماکی شەڕی ناوخۆ، ئەو شەڕەی کە زۆرمان لێ چەشت و هێشتاش هەر دەیچێژین.

ماوەی دووەمی خامۆشی، لە 29 ی حوزەیرانی 1966 دا لەگەڵ (عەبدولڕەحمان عارف)و حکومەتی (دکتۆر بەزاز)دا دەستیپێکرد. ئەگەرچی ئەمیان لەوی پێشوویان باشتر بوو، بەڵام مافەکانی کورد وەك دەخوازرا نەسەلێندران. دوای سەرکەوتنی ڕێککەوتننامەی یەکەم لە مانگی شوباتی 1964 دا، حکومەت شەڕێکی دڕندانەی دژی کورد بەرپا کرد. بەڵام لەدوای سەرنەگرتنی ڕێککەوتننامەی دووەم لە حوزەیرانی 1966 دا، ماوەی دوو ساڵ بە نەشەڕ نەئاشتی درێژەی کێشا. تا ئەو ڕۆژەی پارتی بەعس لە ساڵی 1968 دا هاتنەوە سەر حوکم. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، لە 1963 وە تا 1968 ، داخوازییەکانی کورد هەروەك خۆیان مانەوە. واتا لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی مافەکانی کوردو دیمکراسی بۆ عیراق دا مایەوە. هەڵبەتە داخوازیی سەرەکیی کورد ئۆتۆنۆمی بوو لەناو عیراق دا.

هەرچەندە سەرکردایەتیی کوردی، بە کەمتریش لەوەی کە لە دوو خولی گفتوگۆی 1964 و 1966 دا داوای دەکرد، ڕازی دەبوو، بەڵام لەگەڵ ڕژێمدا نەگەیشتنە هیچ ئاشتییەکی ڕاستەقینە. ئەم سەرنەگرتنەی ئاشتی لەخۆیدا یەکێ بوو لەو هۆکارانەی کە ڕێیان بۆ پارتی بەعس خۆشکرد تا لە 17 ی تەممووزی 1968 دا بە کودتا حوکم بگرێتە دەست.

ئەم ئاڵوگۆڕە، بۆ خەڵکی عیراق بە گشتیو بۆ کورد بەتایبەتی، مایەی بەدبەختی بوو.. هەردوولا تاقیکردنەوەی تاڵیان پێشتر لەگەڵ بەعسدا چەشتبوو. ڕژێمی بەعسیش پێنەدەچوو هیچ لە ڕابردوو فێربووبێ. دەستەی پێشووی مەکتەبی سیاسی (جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد)یان هێناو بەهێزیانکردن و هانیان دان کە شەڕ لە دژی بزووتنەوەی کورد بەسەرکردایەتیی (مستەفا بارزانی) بکەن، بە مەبەستی ڕیزەکانی کورد لەتلەتکەن. لە هەمان کاتیشدا، هەر لە ساڵی 1968 دا، لەپێناوی تێکشکاندنی بەرەنگاریی کورد، هێرشێکی سەربازییان لە کوردستاندا، بۆ ماوەی چەند مانگێك، دەستپێکرد. بەڵام کاتێك ئەم سیاسەتەیان شکستی هێنا، ڕژێمی تازە کەوتە پەیوەندی کردنەوە بە (مستەفا بارزانی)و سەرکردایەتیی پارتییەوە. سەرەتا بە ناڕاستەوخۆ؛ لە ڕێگای (عەزیز شەریف)ەوە بوو کە کەسایەتییەکی ناوداری عیراق و ئەندامێکی چالاکی بزووتنەوەی ئاشتی جیهانی بوو..

هەروا لەرێی سۆڤیەتەوە، بەهۆی (یەڤگینی بریماکۆڤ)ەوە، کە ئەوکاتە نوێنەری رۆژنامەی ((پراڤدا)) بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. کاتێکیش وەڵامی کوردی پۆزەتیڤ بوو، وتووێژی راستەوخۆ لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی 1969 دا دەستی پێکرد.

سەرەتا، لە 31 ی کانوونی یەکەمی 1969 دا، وەفدێکی رەسمییان هاتە کوردستان و نامەی سەرۆك (بەکر)یان بۆ (بارزانی) هێنا. لەو گفتوگۆیانەدا کە ماوەی سێ مانگی خایاند، من سەرۆکی وەفدی کوردی بووم و (سەدام حوسێن)یش سەرپەرشتیی لایەنی عیراقی دەکرد.

دوای ماوەیەك لە گفتوگۆ و هەڵکشان و داکشانی زۆر، رێککەوتننامەی 11 ی ئاداری ساڵی 1970 لەلایەن (مستەفا بارزانی و سەدام حوسەین)ەوە مۆرکرا. بەندە راگەیاندراوەکانی رێککەوتننامەکە چەند خاڵێکی گرنگی تێدا بوو، وەك؛ ناساندنی ماڤ ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، مافە رۆشنبیرییەکان، ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کوردستان. قەرەبووکردنی زەرەروزیان بەرکەوتووان و بەشداریکردنی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیدا.

دەبووایە هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە، لەپاڵ پرۆسەی ئاساییکردنەوەی وەزع و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی شەڕو بەعەرەبکردن بەڕێوەبرێن.

رێککەوتننامەکە چەند خاڵێکی نهێنیشی تێدا بوو، وەك؛ رێگاپێدانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵوەشاندنەوەی هێزە جاشەکانی کورد، کشانەوەی بەشێك لە هێزەکانی سوپا لە کوردستاندا، رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو شێوەی پاسەوانی سنوور لەناو هێزەکانی پۆلیسدا، ئەنجامدانی ئامار لە ناوچە مشتومڕلەسەرەکان لە ماوەی ساڵێکدا لە رۆژی راگەیاندنی ریککەوتننامەکەوە، ئەوەش بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر ئەو ناوچانە، بۆ ئەوەی بخرێنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی یان نا؛ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی باڵای ئاشتی بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە لە ئەندامانی سەرکردایەتیی هەردوولا. گێڕانەوەی کوردان بۆ سەر ئیش و کاری پێشوویان و قەرەبووکردنەوەیان. هەروەها رێکخستنەوەی ئاڵاو دروشمی کۆماری عیراق بە شێوەیەکی وا کە دەربڕی کوردو عەرەب بێ. ئەم رێککەوتننامەیە زۆر گرنگ و مێژوویی بوو بۆ کورد و بۆ سەرانسەری عێراق یش. لایەنی خراپیشی ئەوە بوو کە رژێمی بەغدا، لەوەدا کە رژێمێکی دیکتاتۆری و توندڕەوو تیژ بوو، هاوکاریی و کارکردن لەگەڵیدا زۆر سەخت بوو. ئامادە نەبوون هیچ خاڵێ بخرێتە ناو

ڕێککەوتننامەکەوە کە پەیوەندیی بە دیموکراسی و ئازادیی خەڵکی عیراقەوە هەبوو. بە پێچەوانەوە، ڕژێم لەسەر سیاسەتی زوڵم و ستەم و تۆقاندنی خەڵکی بەردەوام بوو. ئەمە لەخۆیدا شەرمەزارییەکی ڕاستەقینە بوو بۆ لایەنی کوردی کە دەبووایە ببنە هاوکاریان.

بەداخەوە، دوای چوار ساڵ لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار، جێبەجێکردنەکەی بەو شێوەیە نەبوو کە نەخشەی بۆ کێشرابوو. تەنها دوای چەند مانگێ لە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە، گێروگرفت و مشت ومڕی زۆر سەریانهەڵداو تا دەهاتیش گیروگرفتەکان لە زیادبوون و کەڵەکەبووندا بوون. وردەوردە ئێمەش لەوە گەیشتین پارتی بەعس، کە نەیتوانیبوو بزووتنەوەی کورد تێك بشکێنێ، دەیویست بەم ڕێیە هەڵیتەکێنێ.

کە دییان کورد ئامادە نییە لێگەڕێ ئەوان جڵەوی پرسی کورد بگرنە دەستی خۆیان و سیاسەت و ڕابەرێتیی ئەوانیان قبوڵ نییە، کەوتنە هەڵێنانی کۆمەڵێ هەنگاوی وا کە ڕێککەوتننامەکەیان خستە مەترسییەوە.

لە کانوونی یەکەمی 1970 ، لە بەغدا هەوڵی کوشتنی (ئیدریس بارزانی)یان دا. لە مانگی ئەیلوولی 1971 دا وەفدێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێ پیاوی ئایینیی ناسراوی شیعەو سوننە بۆ کوشتنی (مستەفا بارزانی) ناردران. ئەم کارە زۆر بە وردی نەخشەی بۆ کێشرابوو. من لەکاتی تەقینەوەکەدا لەگەڵ بارزانی بووم. لەو ژوورە، تەنها ئەو دووەمان سەلامەت دەرچووین. هەر یانزەکەسی ئەندامانی وەفدەکە کوژران. لە ئێمەش دوو پێشمەرگە کوژران و چواردەش بریندار بوون. یەکێ لەو دوو ئۆتۆمبیلەی وەفدەکەی هێنابوو لە دەرەوەی ژووری چاوپێکەوتنەکە تەقینەوەو ئەوەکەی تریشیان لەلایەن مەفرەزەی هەندەسەی خۆمانەوە بەتاڵ کرایەوە. وێڕای ئەمانەش، ڕژێم لەسەر سیاسەتی دەرکردنی کورد لە کەرکوك و لەو ناوچانەش کەوا مشتومڕیان لەسەر بوو بەردەوام بوو.

هەروا تۆڕەکانی جاسوسی و ئەمنیی خۆیان لە کوردستاندا بەهێزتر کردوڕێگاشیان دان کە بەربنە گیانی ئەو کوردانەی لەناوچەکانی مشتومڕدا چالاك بوون.

هەندێ هۆی دەرەکی یارمەتیی ڕژێمیاندا لە خۆئامادەکردنیان بۆ شەڕێکی تازە دژی کورد. وەك؛ پەیماننامەی هاوکارییان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا لە نیسانی 1972 داو بە تەواوی زیادبوونی داهاتی نەوت لە 1973 دا؛ هاوکارییان لەگەڵ سۆڤیەتدا بە بەخشینی بڕە

## ئەزموونی ئێمە لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دا

نەوتەکانی رومێلە بە سۆڤیەت پاڵی بە حزبی شیوعیی عێراقییەوە نا کوردستان بەجێ بێڵێو بچێتە بەغداو ببێتە ئەندامی ((بەرەی پێشکەوتووخواز)) کە پارتی بەعس رابەری بوو. رژێم بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی لە وولاتدا، هیچ هەنگاوێکی نەنا.

چاوەڕێی ئەوەیان لە هەمووان دەکرد کە قبوڵی رابەرایەتیی ئەوان بکەن. ئەوەی ئەوەشی قبوڵ بەنەبوو بە دوژمن لەقەڵەم دەدراو رەفتاری دوژمنیشی لەگەڵ دەکرا. هەڵبەتە ئەمە بزووتنەوەی کوردیشی دەگرتەوە.

ئێمە لای خۆمانەوە، ئەوەندەی پەیوەندیی بە خۆمانەوە هەبوو، پەیوەندییمان لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل نەپچڕان، بەڵکو تەنها کەممان کردەوە. لە ساڵی 1972 دا پەیوەندییمان بە ئەمریکاشەوە کرد. ئێمەی کورد پێمان وابوو کە چارەسەری کێشەکەمان لە رێی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو وولاتانەو بەتایبەتیش لەگەڵ ئەمریکادا دەدۆزینەوە. ئاشکرا بوو کە هەڵسەنگاندنەکەمان چەوت بوو. گەلەکەشمان لە هەرەسی 1975 دا باجێکی زۆری دا. پەیوەندییە دەرەکییەکانی کورد، پەیوەندیی کوردو رژێمیان بەرەو گرژیی زیاتر بردو هۆکاریش بوون لە بنبەستی ئەو بارودۆخەدا بە شەڕی ساڵی 1974 شکایەوە.

دوای ساڵێ لە هێرشی سەربازیو بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێ لەلایەن بەغداوە، بۆ رژێمی (بەکر و سەدام) روونبووەوە کە ناتوانن لە رێی هێزەوە کورد بشکێنن. لە ئەنجامدا، بۆ پچڕاندنی پەیوەندیو بەستنی رێی دەرەوە لە کورد و گەمارۆدانی شۆڕشەکەی، پەیماننامەی ئاداری 1975 ی جەزائیریان لەگەڵ (شا)دا مۆر کرد کە، بە گوێرەی ئەوە دەستبەرداری بەشێ لە سنوورەکانی خۆیان بوون بۆ رژێمی (شا). هەر ئەمەش بووە هۆی هەرەسی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی 1975 دا. پەیماننامەی جەزائیر سەودایەك بوو لەسەر حسابی مەسەلەی کورد ئەنجام درا. ئێران و عێراق کەتنە هاوکاریی تەواوی یەکترو ئەمریکاو زۆر وولاتی تریش پشتیوانییان لەو سات و سەودایەدا کرد.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و دەستپێکردنی شەڕی نوێ، من لە سەرکردایەتیی پارتی سۆشیالیستی کوردستاندا، شان بە شانی یەکێتیو پارتیو حزبی شیوعیو پارتەکانیتر کارم دەکرد.

لە ساڵی 1979 دا، ئەو کاتەی کە ئێمە لە شاخ بووین، هەندێ رووداوی گرنگ لە ناوچەکەدا روویاندا. لە مانگی شوباتدا (خومەینی) هاتە سەر حوکم.

لە 31 ی ئاداردا (مستەفا بارزانی) لە ئەمریکا مرد. (سەدام حوسەین)یش لە مانگی تەمموزدا بووە سەرۆك. من لە مانگی ئۆکتۆبەردا چوومە بەغدا. چوومە لای (سەدام حوسەین) کە ئەوکاتە سەرۆك بوو. بەڵام لە دوای دوو سەعات لە وتوویژ ئەوەم بۆ دەرکەوت کە خۆی زۆر بە بەهێز دەبینێو تەنانەت لەسەر بناغەی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 ش ئامادەی هیچ سەودایەك نییە. لەو کاتانەدا، بزووتنەوەی کورد کەرت و پەرت و بەدەست شەڕی ناوخۆوە دەیناڵاند. سەرکردایەتیی پارتی لەگەڵ ئێراندا بوو، بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵی رازیکردنی رژێمی (خومەینی)ی دەدا. یەکێتیش لە بەرەو ئێران چووندا پێشبڕکێی لەگەڵ پارتیدا دەکرد و پێی وابوو کە کارێکی راست دەکا. حزبی شیوعی عێراقیش زۆر نەبوو پارتی بەعس لە بەرەی پێشکەتنخوازی وەدەری نابوو، پەنای بۆ کوردستان هێنابوو، کەوتبووە دژایەتی رژێمەوەو هەوڵی هاوکاریشی لەگەڵ ئێراندا دەدا. ئێمە، پارتی سۆشیالیستی کوردستان، هەرچەندە لە هەل و مەرجی زەحمەتداو لەژێر هەڕەشەی ئەو پارتانەدا بووین، بڕوامان بە پشت بە ئێران بەستن نەبوو، بە تایبەتی کە کورد دەیان ساڵ پەیوەندیی بێبەرهەمی لەگەڵ ئێراندا هەبوو، بەڵکو ئێمە لامان باشتر بوو، کە ئەگەر رژێمی عیراق رازی بێو پارتە کوردیەکانیش پەسەندی کەن، کە لەگەڵ عیراق دا بکەوینە مامڵەوە. هیچ لایەنێ هاوکارییان نەکردین و هەوڵی ئێمە لێرەدا کۆتایی هات.

لە ساڵی 1984 یشدا، یەکێتی بۆ ماوەی ساڵێ لەگەڵ رژێم لەگفتوگۆدا بوو، بێ ئەوەی بگەنە هیچ ڕێککەوتنێك کۆتایی هات. لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 1980 دا، بەهۆی سیاسەتی سەرکێشانەی خۆیەوە پەیماننامەی ساڵی 1975 ی جەزائیری کە لە دژی شۆڕشی کورد ئیمزا کردبوو، هەڵوەشاندەوەو کەوتە شەڕێکی هەشت ساڵەوە دژی ئێران.

کورد زۆری لەو شەڕە چەشت، بەتایبەتیش کاتێ پارتە کوردییەکان، چونکە خۆیان لە دژی رژێمی (سەدام) لەو شەڕەدا بوون، هاوکاریی چەکدارانەی ئێرانیان لەو شەڕەدا کرد.

پارتە کوردییەکان، بەوەی کە پێیان وا بوو ئێران لەو شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ، بەشداریی چالاکیی چەکدارانەی سوپای ئێرانیان کرد. کاتێکیش کە رژێم کەوتە تۆڵە

سەندنەوە لە کورد، خەڵکی کورد لە ئاکامی ئەو چالاکییانەی پارتە کوردییەکان لەگەڵ ئێراندا، نارەحەتیو ستەمێکی زۆری بەرکەوت.

ئەو کاتە، لە 30 ی نیسانی 1988 دا، من بە واشنتۆن پۆست و رۆژنامەکانی ترم ووت کە ئەم چالاکییە هاوبەشیانەی کوردو ئێران هەڵەن و نەدەبوایە پارتە کوردیەکان خۆیانی تێوە نەگلێنن. لەوەش زیاتر چاوەڕوانیی کورد بۆ ئاکامی شەڕەکە هەڵە بوو، هەروا زۆریش گران کەوت. لە ماوەی شەش مانگی دیماهی شەڕەکەداو دوای ئەوەش ئاگربەست، لە نێوانی بەغداو تاراندا راگەیەندرا، سوپای عێراقی هێرشی ئەنفالی لە کوردستاندا دەستپێکرد. لەو هێرشە جینوسایدەدا سەدو هەشتاو دوو هەزار هاووڵاتیی کورد رەشبگیر کران و راپێچی خوارووی عێراق کران و هەر لەوێش لە بیابانەکانی عیراقدا، بە زیندوویی خستیاننە ژێر گڵەوە. لە ماوەی 1987 و 1988 داو لە کاتی هێرشی ئەنفالیشدا چەکی کیمیاوی بە بەربلاوی لەکوردستاندا بەکارهات. مەسەلەی هەڵەبجە لای هەمووان ئاشکرایە.

کورد بوو بە قوربانیی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و دواتریش ئاگربەستی نێوانیان. لەکاتی شەڕدا، ناوچەیەکی زۆری کوردستان کاول کران و خەڵکەکەشیان لە ئۆردوگای زۆرە ملێی نزیک شارە گەورەکان پەستێنران و هەل و مەرجێکی زۆر سەختی ژیانی خۆیان و خێزانیان بە ناچاری بەشداریی هێزە جاشەکانی رژێمیان دەکرد. ئەمەش بۆ خۆی بەرەو دواوەچوونێکی دیکەی خەڵکی کورد بوو. خۆ ئەگەر لە مانگی مایسی 1988 دا بەرەی کوردستانی لە نێوان پارتە کوردییەکاندا دروست نەبووبا، ئەوا زۆربەی دانیشتوان ناچار دەبوون یان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی ناو کوردستاندا خۆیان ببیننەوە یان دەبوایە رێگای پەنابەری بەرەو ئێران و تورکیاو وڵاتانیتر بگرنە بەر. بەرەی کوردستانی تەسلیمی واقعی تاڵ نەبوو، بەڵکو سوور بوو لەسەر ئەوەی بە هەموو شێوەیەك درێژە بە خەبات بدا.

لە مانگی ئابی 1990 دا کە هێزەکانی (سەدام) کوێتیان داگیر کرد، بارودۆخەکان گۆڕان.

سەر موڵکەکانی خۆیان و بەشێ لە خانووبەرەشیان دروستکەنەوە. داگیرکردنی کوێت بووە هۆی شەڕی کەنداو، رژێمی بەغدا بەمە کۆتایی نەهات.

لەو کاتەوە کە لە ساڵی 1990 ەوە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە کەوتە ژێر ئابلوقەی ئابووری، زەرەرو زیانێکی زۆر فراوان بەسەرتاپای عیراق گەیشت.

لـەدوای شـەڕ، خـەڵکی عێـراق دژی رژێـم راپـەڕین و بەشـێکی زۆری وڵاتەکـەیان، 14 پارێزگایان

لە کۆی 18 پارێزگا لە زوڵم و ستەمی (سەدام) ئازاد کرد. بەڵام کاتێ رژێم چرای سەوزی لەلایەن ئـەمریکاوە بـۆ هـەڵکرا بـۆ بـەکارهێنانی هەلیکۆپتـەری جـەنگی لـە هێرشـەکانیدا، توانی زۆر بە توندی راپەڕینەکە تێك بشکێنێ. رژێمی (سەدام) مایەوەو هەموو شارو ناوچە ئازادکراوەکانی خواروی هێنایەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.. لەوەش زیاتر هێزەکانیشی بۆ شارە سەرەکییە کوردییەکان گەڕانەوە.

خـەڵکی لـە ئاکـامی شـەڕ، لـە راپـەڕین و لـە سیاسـەتی ئـەمریکی بـێ ئومێـد بـوون. ترسـی زۆریشیان لـەوە هـەبوو کـە رژێـم دووبـارە بـە چـەکی کیمیـاوی لێیانـدا. ئەمـەش بـووە هـۆی ئەوەی ملیۆنان بەرەو شاخەکان و بـەرەو سـنوورەکانی تورکیـاو ئێـران راکـەن و تووشـی بـارو زرووفێکـی زۆر سـەخت و دژواری ژیـان بـبن. ئەمـەو کۆچـی تراژیـدی و بەکۆمـەڵی خـەڵك و پیشـاندانی لـە میـدیادا، جیهـانی راچڵەکاند. لـە ئـەنجامی ئەمەشـدا ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیارنامەی ژمارە 688 ی دەرکردو ( safe haven ) سـەیف هێڤن – ی لە کوردستانی عیراقدا دامەزراند.

دوو رووداوەکەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کراو بـەرەنگاریی کـوردیش، رژێمـی بەغدایان ناچار کرد کە هێرشەکەی بەنیوە ناچڵی بوەستێنێ. دوای ئەو هـەموو رووداوە دینامیکییانـەو دوای ئەوەش کە حکومەتی عیراقی پەیوەنـدیی بـە بـەرەی کوردسـتانییەوە کـردو ئـارەزووی خـۆی بۆ ئاشتی دەربڕی، بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەغدادا کەوتە گفتوگۆوە.

ئەو کاتـە مـن لـە دەرەوە سـەرکردایەتیی وەفـدی بـەرەی کوردستانیم دەکـردو بـە مەبەسـتی تێگەیانـدنی وڵات و پشتیوانی پەیداکردن بۆ مەسەلەی کورد، سەردانی جۆرەها وڵاتمـان کـرد، لەوانە ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤیەت.

کاتی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدادا کاتێکی نادروست بوو. دەبووایە بـەرەی کوردستانی بایـەخی بـە لایەنی جیهانی دابا. باشتر وابـوو کـە هـەوڵی بەدەسـتهێنانی پشـتیوانیی جیهانی و زەمانـەتی پاراستنی خـەڵکی کـوردی دابـا، بەتایبـەتیش دوای ئـەو هـەموو رووداوانـەو دوای ئـەوەش کـە بڕیارنامەی ژمارە 688 یش دەرچووبوو.

بە هەر حاڵ، من کە لە مانگی حوزەیرانی 1991 دا گەڕامەوە کوردستان، پارتی سۆشیالیستی کوردستان و بەرەی کوردستانیش بڕیاریان دا کە من لە گفتوگۆدا نوێنەرایەتیی پارتی سۆشیالیستی کوردستان بکەم. من بەشداری خولی چوارەمی گفتوگۆم کرد لە هەولێر و هەروا خولی پێنجەمیش لە بەغدا کە گرنگترین خول و دوا خولی ڕەسمیی گفتوگۆی ڕژێم و بەرەی کوردستانی بوو کە لە 1991/8/21 دا کۆتایی هات. زۆربەی ئەوانەی کە بەرژێم ئاشنا بوون، پێیان وابوو کە مادام ڕژێم لە کوێت شکاوەو بە تەواویش لە جیهان دابڕاوە، لە گفتوگۆدا نەرم دەبێ.

لە ڕاستیدا مەسەلەکە بە پێچەوانەوە بوو.، لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە کورد بۆ هێنانەکایەی ئاشتی چووبوو و تەنها داوای ئەو خاڵانەشی دەکرد کە پێشتر لە بەیاننامەی ئادار دا لەسەری ڕێککەوتبوون، کەچی نەمانتوانی لەگەڵیاندا بگەینە هیچ ڕێککەوتنێك. زۆر کەمتر لە ساڵی 1970 نەرمیو تێگەیشتنیان پیشاندا.

بۆ پیشاندانێکی وێنەیەکی ڕوونی وەزعەکەش، ئەو خاڵانە دەستنیشان دەکەم لەسەریان پێکنەهاتین.

بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لە ساڵی 1970 دا لەسەر ناوچەکانی مشتومڕ ڕێککەوتبووین، ئەمجارە بە هیچ شێوەیەك ڕژێم ئامادەی وتوێژ نەبوو لەسەر ئەو ناوچانە.

1- هەروا بەوەش ڕازی نەبوو کە بۆ بڕیاردانی ئاییندەی ئەو شوێنانە، ئاماریان تێدا ئەنجام بدرێ. لای ئەوان، کەرکوك و هەندێ ناوچەی‌تر جێی قسەلەسەرکردن و مشتومڕ نەبوون. ئەمە تاکە گیروگرفت نەبوو، بەڵکو بە مەبەستی گۆڕینی سروشتی دیموگرافیی ئەو ناوچانە، هەڵمەتی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزانی کوردیش لەو ناوچانەدا بەردەوام بوو. ئەم بەزۆر میللەت گۆڕینە بەشێك بوو لە سیاسەتی توانەوەی میللەت، بە مەبەستی گۆڕینی ناسنامەی میلليی کوردی و تورکمانی، یان دەرکردنیان بۆ ئەو ناوچە کوردییانەی کە مشتومڕیان لەسەر نەبوو. ئەمە تا ئێستاش هەڵوێستی ڕژێمە بەرامبەر بەو ناوچانە کە لە ساڵی 1970 دا ڕازی بوون بە ناوچەی مشتومڕیان بناسن.

2- ئەوان لەسەر ئەوە سووربوون کە دەبێ دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات و کارمەندەکانیان بگەڕێنەوە کوردستان و ڕاستەوخۆ لە هەموو ڕوویەکیشەوە بە سەرۆکەوە ببەسترێنەوە.

هەروا ئەوەشیان قبوڵ نەبوو کە بەڕێوەبەرایەتیی کوردی ماف پێشنیارکردنی پاڵێوراوانی بۆ ئەو پۆستانەش هەبێ، بەڵکو دەبوایە ئەوانیش لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان بکرێن.

3- بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ساڵی 1970 دا لەسەری رێککەوتبووین کە ئەندامانی پارتی رێیان پێدرا بگەڕێنەوە ناو سوپا، کەچی ئەمجارە لەسەر ئەم خاڵە هیچ جۆرە نەرمییەکیان نیشان نەدا. بەلای ئەوانەوەهێزەکانی سوپا بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە پەیوەستەو پارتی بەعسیش تاکە پارتێکە کە توانای کارکردنی لەناو سوپادا هەبێ. هیچ پارتێکیتر بە پارتە کوردییە رێگاپێدراوەکانیشەوە، ماف ئەوەی نەبوو لەناو سوپادا کار بکا.

4- لە رێککەوتننامەی 1970 دا، ئەنجومەنی یاسادانان لە کوردستاندا، ماف یاسادانانی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەبوو، بەڵام ئەمجارە وتیان کە ئەو ئەنجومەنە تەنها دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ کە پێشنیازەکانی بداتە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوەندی و تەنها ئەو دەتوانێ بڕیاریان لەسەر بدا.

5- یەکێ لە بیانووەکانیان سەبارەت بە ئامادەنەبوون بۆ وتوویژ لەسەر مەسەلەی کەرکوك، ئەوە بوو گوایە ئەمە دەبێتە زەمینەخۆشکەری ئابووری بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی جیا.

لە هەمان کاتدا داخوازیی لایەنی کوردیان سەبارەت بە دانانی بودجەیەکی سەربەخۆی هەرێمی کوردی رەتکردەوە. بودجەی پێشنیارکراو لە داهاتی ناوچەیی و لە داهاتی نەوت پێك دەهات و بەگوێرەی رادەی دانیشتوانیش دەستنیشان دەکرا.

6- هەروەك ساڵی 1970 بەشداری کورد لە حکومەتی ناوەندیدا لە ئەندامێتیی وەزارەتەکان تێنەدەپەڕی. شوێنە گرنگەکانی وەك وەزارەتەکانی دەرەوە؛ بەرگری؛ دارایی؛ نەوت و وەزارەتی ناوخۆ نەدەدرانە کورد.. بۆیە کورد نەیدەتوانی لە عێراقدا بەشداریی پرۆسەی بڕیاردان بکات. ئەم مافە بە ماف ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی پارتی بەعس مایەوە.

7- ئەمجارەش، هەروەك 1970 ، بە دامەزراندنی دادگایەکی دەستووری رازی نەبوون کە بڕیار لەسەر کێشەکانی نێوان دەسەڵاتی ناوەندو دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیدا بدا.

بەڵکە دەیانویست لەجیاتی ئەمە، ئەم کارە بدەنە دەست دادگای شۆڕش ( cessation court) کە ئاسایی هەموو ئەندامەکانی لەلایەن سەرۆکی عیراقەوە دەستنیشان دەکران.

8- دەربارەی کرانەوەش لەگەڵ خەڵکی عیراقدا، هیچ جۆرە نەرمییەکیان نەدەنواند، تەنانەت بۆ شتی وەك: دانانی یاسای روخسەتپێدانی پارتەکان و ئازادیی رۆژنامەگەریش. ئەوان لەسەر ئەوە سوور بوون کە پارتی ئەوان هەموو دەسەڵاتەکانی وەك خۆی بمێنێتەوەو ئەوەشیان لە ئێمە رەچاو دەکرد کە ببینە هاوکاریان.

ئەوان پێیان وا بوو کە خۆیان نوێنەرایەتیی عەرەب دەکەن و ئێمەش هی کورد، ئیدی حسابیان بۆ کەسی دی نەدەکرد.

9- مەسەلەی گفتوگۆ. مەسەلەی دەیان هەزار کوردی فەیلی بوو کە لە بەغداو لە شوێنەکانیتردا دەژیان، ئەمانە هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون و بە ئێرانی لەقەڵەم درا بوون و ئامادەی بەدواکەوتنی رێبازی بەعس نەبوون، دەچەوسێنرانەوەو جیاوازییان دەرهەق دەکراو بۆ ئێران دەرکرابوون. کێشەی فەیلییەکان خاڵێکی گرنگی مشتومڕی ناو گفتوگۆکان بوو، زۆر لە ساڵی 1970 زیاتر. حکومەت سەبارەت بە داواکردن بۆ گێڕانەوەیان بۆ عیراق و بۆ زەرەرو زیان بژاردنیان و بۆ دانی رەگەزنامەی عیراقی پێیان، ئامادەی لێدوانێکی جدی نەبوو. وتیان: دوای گەیشتنە رێککەوتن باسی دەکەین.

10- لە میانەی گفتوگۆدا مەسەلەی بێ سەروشوێن بوونی سەدو هەشتاو دوو هەزار هاووڵاتی کاتی هێرشی ئەنفال و هەشت هەزار بارزانی ساڵی 1979 و حەوت هەزار کوردی فەیلیش کە لە کاتی جیاجیادا براون وروژێنرا. ئێمە پرسیارمان لە چارەنووسی ئەوانە دەکرد. ئەم مەسەلەیە، جگە لەوەی کە تراژیدیایەکی مرۆڤایەتییانەیە، زۆر گیروگرفتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی بۆ کەس و کاری قوربانیەکان خوڵقاندووە. ئەوان نەك هەر وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەدەدایەوە، بەڵکو بە وروژاندنیشی نارەحەتییان پیشان دەدا.

ئەم خاڵانە، عەقڵیەت و بەرنامەی بەرەو خراپترچوونی رژێمی عیراقی پیشان دەدا، بەتایبەتی ئەوان کە لە کوێت تێکشکابوون و لە شەڕی دوای ئەوەشەوە گلابوون.

سەیریش نییە کە ئەمان بەم تێکشکان و ئابڕوو چوونەیان دەوت سەرکەوتن.

دوای چل ساڵی پڕ لە هەڵچوون و داچوون، ژان و تراژیدیا، دەستکەوت و رەنج بەباچوون، سەرباری هەموو ئەو تاوانانەش کە دژ بە کورد کراون، کەچی هێشتاش کورد وەك پێشووی، هەر دیموکراسی بۆ عیراق و فیدرالیزمیش لەباتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان داوا دەکا.

دوای ئەو هەموو رووداوانە سروشتی بوو کە داخوازیی کوردیش بەرەوپێش بچێ.

هەرچۆنێ بێ فیدرالیزم بە پێچەوانەی ئۆتۆنۆمییەوە گارانتیی ماف و هەبوونی کورد دەکا، بەتایبەتیش کە کورد لەگەڵ رژێمێکی تاکپارتی و دیکتاتۆر مامڵە دەکات کەبە هیچ شێوەیەك رێز لە یاسا ناگرێ.

لە ئەنجامی ئەزموونی شەڕو گفتوگۆمان لەگەڵ ئەم رژێمەی ئێستادا، ئەوەمان لا روونە کە ئەم رژێمە قابیلی گۆڕان نییە.. کردارەکانیان، پێوانەکانیان، عەقڵیەت و سیاسەتەکانیان هەردەم بە نەگۆڕی ماونەتەوە.

لە ساڵی 1991 ەوە لەدوای سەرنەگرتنی گفتوگۆشمان لەگەڵیاندا، هیچ نیشانەیەکی وا نەبوو کە رژێم گۆڕابێ. ئەوان هێشتا هەر دیکتاتۆرو ستەمکارو تیرۆریستن.

هەڵەیەکی گەورەو زۆر ترستاکیشە کە ئەگەر پارتێك یان تاقمێك و تەنانەت چەند تاقمێکیش پێکەوە پێیان وابێ کە دەتوانن لەگەڵ رژێمێکی ئاوادا بگەنە چارەسەر.

خۆ ئەگەر لە گفتوگۆ بەولاوە رێگاچارەسەرێکیتر نەبێ لەگەڵ بەغدادا بگررێتەبەر، ئەوا سەرکردایەتیی کوردی لە وڵاتی سێیەم و بە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم و بەگوێرەی بڕیارنامەی 988 ی نەتەوە یەکگرتووەکان گفتوگۆ بەڕێوەبەرێ نابێ گفتوگۆکان بە نهێنی بەڕێوە ببرێن.

دەبێ چۆن زۆر کێشەیتر لە جیهاندا، لەژێر چاودێریی جیهانیدا بەرێوە دەچن. وەك دەرەنجام، من پێم وایە کە هەم کوردو هەم رژێمی عیراق یاخود رژێمەکان و هەم کۆمەڵگای نێونەتەوەییش ئەگەر بیانەوێ پرسی کورد لەو وڵاتانەدا کە کوردی تیا دەژی بە رێگەیەکی ئاشتییانەو لەسەر بنچینەی دیموکراسی چارەسەر بکەن، هەقە ئەم وانانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

1- پاراستنی یەکێتیی کوردو خۆ بەدوورگرتن لە بەیەکدادان، بەتایبەتیش بەیەکدادانی چەکداریو هەوڵ بدرێ هەموو گیروگرفتەکان لە رێی وتووێژەوە چارەسەر بکرێن. ئەم

یەکێتییە کلیلی سەرکەوتنی خەباتی ئێمەیە. هەر لەم رێیەشەوە، دەتوانین مەسەلەکەمان بەرەو پێش بەرین و بیگەێنینە ئاستێکی جیهانی.

2- خەباتمان، لەو وڵاتانەدا کە تیا دەژین، لەپێناوی دیموکراسیدا برەو پێبدەین. دیموکراسی زامنێکی گرنگی ئامانجەکانمانە.

تەنانەت لە حاڵەتێکدا ئەگەر مافەکانی کورد بسەلمێنرێن، بەبێ هەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی و دەسەڵاتی یاسا، ئەو مافانە نایەنە جێبەجێ کردن. رێککەوتننامەی 11 ی ئاداری 1970 ش نموونەیەکی ئاشکرای ئەمەیە.

3- دەبێ پارتە کوردییەکان، لە کاروبارياندا و لەناو کۆمەڵگای کوردەواریشدا چاودێری دیموکراسی بکەن و خەباتی سیاسییان بەهێزکەن. لە هەمان کاتیشدا، بۆ پاراستنی خۆیان و مەسەلەی کورد، دەستبەرداری هێزی چەکداریی خۆیان نەبن.

4- پێویستە لەدەرەوە، لۆبی کردنی بەردەواممان بۆ مەسەلەکەمان هەبێ، بە مەبەستی پەیداکردنی پاراستنی نێونەتەوەیی بۆ خەڵکی کورد. بۆ ئەوەش لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسوخواس لەسەر کورد بکرێ و هەروا بۆ ئەوەش گارەنتی نێونەتەوەیی پەیداکەین بۆ هەر چارەسەرێ کە لەگەڵ بەغدادا پێدەگەین.

5- هەقە سەرکردایەتیی کوردی زۆر بە دیقەت رووداوەکانی پێشوو لێکبداتەوە، وانەو پەندیان لێوە فێربێ و هەوڵ بدا دووبارەو سێبارەیان نەکاتەوە، بەڵکو کەڵکیان لێ وەرگرێ و لەخزمەتی بەرەوپێشەوەبردنی بزووتنەوەکەماندا بەکاریان بهێنێ.

6- دەبێ رژێمی عیراق و خەڵکی عیراق یش بە گشتی لەوە تێبگەن کە گیروگرفتی کورد بە رێگای زەبرو زەنگ چارەسەر ناکرێ و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکیش بە چەکی کیمیاویشەوە ناتوانێ کۆتایی پێبهێنێ. مەسەلەی کورد، پرسی خەڵکانێکە کە بەدوای دانپێدانانەدا دەگەرێن.

لەراستیشدا، ئەگەر ئێمە مەبەستمانبێ عێراقێکی نوێی ئاییندەی رووناك دروست بکەین، دەبێ هەموو خەڵك، بە عەرەب و کورد و تورکمان و ئەوانی تریشەوە ئازادیی ویست و خواستیان هەبێ.. دەبێ ئەو مافە بۆ هەمووان قبوڵ بکرێ و رێزی لێبگیرێ. یەکێتیی عیراق، ئەو کاتە بەهێز دەبێ کە لەسەر بناغەی ئازادیی ویست و خواستی خەڵك دروست دەکرێ.

توندوتیژی تەنها توندوتیژی بەرهەم دێنێو پرسی کوردیش ئاڵۆزتر دەکا. ئەوەش کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی ئەم رژێمەی ئێستادا روویداوە، بەلگەیەکی روونی ئەم راستییانەن.

7- دەبێ کۆمەلگای نێودەوڵەتی لەوە بگا، کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە کە لەچەند وڵاتێکدا دەژیو بێ بەشە لە هەموو مافێك و پرسیان بێ وەڵام و چارەسەر ماوەتەوە.

ئەوەی رژێمە جۆراوجۆرەکان کردوویانە لە دژی کورد، پێشێلکردنی ئاشکرای یاسای نێونەتەوەیی و ماف مرۆڤ و بڕیارنامەی جنێڤ و لائیحەی نەتەوەیەکگرتووەکانە.. هەتا پرسی کورد، لەسەر بنچینەیەکی رەواو دادپەروەرانە چارەسەر نەکرێ، نە لەم وڵاتانەو نە لە ناوچەکەشدا ئاشتیو ئاسایش و ئارامیی تەواو نایێتەکایەوە.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ ئەوە راگەیێنم کە کۆنفرانسێکی جیهانی، لەبابەتی ئەو کۆنفرانسەی بۆ کێشەی فەلەستین بەسترا، پێویستە بۆ باس و لێکۆڵینەوەی کێشەی کوردو دۆزینەوەی چارەسەر بۆی، ببەسترێ. هەتا ئەمە نەیێتە دی، خەلکی ئێمە لە عیراق و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا، لەبەر ئەوەی هەمیشە لەژێر هەڕەشەی رژێمە نادیموکراتییەکاندایەو هەردەمیش دەیانەوێ کێشەی ئێمە بە هەڕەشە لەسەر یەکێتی و ئاسایشی نەتەوەییان بخەنە پێش چاو، پێویستیان بە پاراستنی نێونەتەوەیی هەیە.

تێبینی: ئەم نووسینە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی.

++++++++++++++++++++++++++++++++

حەمەی عەزیز ( خاڵە حەمە )

# بەدواداچوونی بیرەوەرییەکانم

لە ژمارە سێی گۆڤاری ( باسکار )دا، نووسینێکی بەندە لەژێر ناونیشانی (بیرەوەری: ئاوڕێ لە رابووردوویەکی نزیک) بڵاوکراوەتەوە، تیایدا ئاماژەم بۆ رووداوی ساڵی 1964ی ناو شاری سلێمانی کردووە. لەو نووسینەدا هەوڵمداوە راستییەکان چۆن بوون وەك خۆیان بیانخەمە پێش چاوی خوێنەری بەڕێزی کورد. تیایدا ناوی گەلەك لە برایانی کورد هاتووە، هەندەکیان لەژێر کاریگەریی بارودۆخەکەی ئەوسا بەجۆرێ رۆڵیان هەبووە. جا یەکێ لەدوای سیو پێنج ساڵ ژیوان دەبێتەوە یا بزەی سمێڵی دێ. ئەوە بۆتە مێژوو. خەڵکی هۆشیاریش ئەوانەن لە گوتارو کردەوەکانیاندا بیر لە داهاتوو دەکەنەوە.

کاتێ کە توندڕەوی باڵ بەسەر بیرکردنەوەو بۆچوونی مرۆڤێکدا دەکێشێ، ئەهریمەنی شەڕو بەدیو خراپەو ویژدانی سرکەر بە دەردێکیان دەبەن، رق و قینیان سەربکاو کورتبینانە دەکەونە پەلاماردان. دوور لە رەچاوی لایەنی رێزو ئەدەبی نووسین، دوور لە شێوازی نووسینی سەردەم، بێ رەچاوکردنی لایەنی تەمەن، پەنا دەبەنە بەر درۆو بوختان دروستکردن و وشەی بێ رێزو بێ سەروبەر، کە لە هیی کەسانی ئاسایی ناچن. پێم وایە توندڕەوەکان لە روانگەی بیرکردنەوەی ئارەزووی یەکلایەنەی خۆیانەوە رەفتار لەگەڵ هەرشتێکدا دەکەن.

من زۆرم لا چاك بوو ئەگەر كاك حەمە رەشید پێی وابوو سەروبەری گوناهی کارەساتی ئەوسام لە ملی ئەو ناوە - کە وام نەنووسیوە – مافی خۆی بوو لە چوارچێوەی رێزو ئەدەبی نووسیندا، بێ دەرچوون لە باسەکە، بە بەڵگەو بابەتانە، داکۆکی لەسەرخۆی بکردایە.

وا لە خوارەوە ئەوەی ئەو بە حسێبی داکۆکی لەخۆی نوسیویەتی، پیادەچەمەوەو شتێکی دەخەمە سەرو درۆو بوختانیش، کە ئەو پەنای بۆ بردوون، ئاماژەیان بۆ دەکەم و راستییەکان چۆنن دەیانخەمە پێش چاوی خوێنەری بەڕێزی کورد.

## چەند چالاکییەکی پێش شۆڕشی ئەیلوول

لەگەڵ کاک نوری ئەحمەدی تەها پێوەندییەکی نزیکی برایانەو رێزدار لەناوانماندا بوو. رۆژێ لە رۆژان، وابزانم حەوتووی چوارهەمی مانگی 8 هەشتی ساڵی 1961 ، وتی با پێکەوە مام جەلال بگەێنینە دۆڵی خەلەکان. ئەوکاتە من بەرپرسیاری گەیاندنی نان بووم بۆ بەرەکانی بازیان و دەربەندیخان. خوالێخۆشبوو کاک ساڵح ی پەنچەرچی، کە دوکانی لە شەقامی سەیوان بوو، مرۆڤێکی کوردپەروەرو چاك بوو، لەگەڵ کاک نوری بە پیاسە چووینەلای. کاک ساڵح جێبێکی لاندرۆڤەری هەبوو.

کاک نوری پێی وت: "کاتت هەیە بە جێبەکەت سەفەرێکی کورتمان لەگەڵدا بکەی؟"

وتی: "بەسەر چاو".

دوکانەکەی داخست و لەگەڵیا چووینە ماڵی خوالێخۆشبوو قادر تەگەرانی لە باکووری شاری سلێمانی. بەڕێز مام جەلال و کاک عەبدوڵا ئاغای پشدەری لەوێ بوون.

دوای سڵاوو چاك و چۆنی، وێکڕا کەوتینە رێ و لە پشتی حامیەی ئەوسای سلێمانییەوە لە شار دەرچووین.

مام جەلال برێ باسی گەشتەکەی خۆیی بۆ کردین کە بە سەرکەوتوویی ئەنجامی داوە. کاک نوری بەدووی وتەکانی ئەودا، ( بەیان )ی ژمارە یەکی بە دەنگی بەرز بڵاوکردەوەو لە ناویا گەلی کوردی کردە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆو بارزانیی نەمری کردە سەرۆکی کۆماری کوردستان و بەڕێز کاك ئیبراهیم ئەحمەدی کردە سەرەك وەزیران و مام جەلال ی کردە وەزیری دەرەوە. خۆی کردە وەزیری بەرگری ... تا دێت، ئێمەش هەموو لە چەپڵەمان دا.

لە چایخانەکەی کانی سارد عەلی عەسکەریو جەلال عەبدولرەحمان لەوێ چاوەڕێیان دەکرد. لە کاتی 7 ی ئێوارە، وتیان کاك عومەر دەگا. تا ئێمە گەیشتینە لای قەیاغەکە، کاك عومەر

مستەفاش گەیشت. هەموو پێکەوە گەڕاینەوە چایخانەکەی کانی سارد. تا نیوەشەو لەوێ بووین.

پاشتر، ئێمە، ئەوانەی لە سلێمانییەوە هاتبووین، خواحافیزیمان لە یادبەخێران کاک عومەرو کاک عەلیو کاک جەلال کردو لە ڕێگەی قەیاغەوە ڕوومانکردە دۆڵی خەلەکان. لەوێش چاومان بە یاد بەخێران کاک هەباسی مامەند ئاغاو کاک جوانی کۆییو کاک سدیق ئەمین و هیتر کەوت. دواتریش چووینە بنکەی خوالێخۆشبوو باپیر ئاغای بابەکر ئاغای میراودەلی.

بەڕێز مام جەلال سەبارەت بە بارودۆخی ئەوساو هەڵوێستی نادروستی میری بەرامبەر مافە ڕەواو ئاساییەکانی گەلی کورد دوا.

باپیر ئاغاش لە وەرامدا وتی: "قولاپ لە قوڕقوڕاگەمان بنێن دەست هەڵناگرین. چما ئێمە لە جوو کەمترین بوونە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان؟"

تا ئەوساش، لە نێو کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا جوو بڕێ بە کەم سەیر دەکران!. لە بەرەبەیاندا، کاک نوریو کاکساڵح و بەندە ماڵ ئاواییمان لە بەڕێزان مام جەلال و عەبدوڵا ئاغاو ئەوانیتر کردو بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە.

ڕۆژی 1961/9/5 کاک نوری ئەحمەد تەها وتی: "ئەڵێی چی من و تۆ و حەمە ڕەشیدی حەموش ئاغا سەفەرێکی چەند ڕۆژی پێکەوە بکەین؟".

وتم: "خێر، بۆ کوێ؟" بە پێکەنینەوە وتی: "ئەچین سەرەك وەزیرانی کوردستان ئەهێنینەوە."

تێگەیشتم مەبەستی لە کاک ئیبراهیم ئەحمەد بوو. کاک ئیبراهیم فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووبوو، لە بەغدا بوو. ئەو کاتە من بە ڕەسمی نەقلیاتێکم هەبوو بۆ گوازتنەوەی خەڵك لەنێوان سلێمانیو بەغدا، ناوم نابوو نەقلیاتی سەیوان لەژێر ئوتێلی شەمێران دا. وەکیلی نەقلیاتی ( النصر ) بووم کە لە شەقامی ئەمین بوو لە بەغدا.

بە کاک نوری م وت: "باشە کەی دەفەرمووی بە سەیارەکانی نەقلیاتەکە دەڕۆین؟".

کاک نوری وتی: "خەمی سەیارەت نەبێ. پێش ئێستا لەگەڵ کاک موحەممەدی دانساز قسەم کردووە. سەیارە جێبەکەی ئەو دەبەین."

هەر ئەو رۆژە، پاش نیوەرۆیەکی درەنگ کەوتینە رێ. پێش رۆژئاوا بوون گەیشتینە دەربەندیخان. لای خوالێخۆشبوو ئەفسەری پۆلیس بەرێز کاک عوسمانی مەلا لاماندا. کاک مەلا عوسمان یەکێ بوو لە ئەفسەرە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانی کورد. دوای چا خواردنەوەو کەمێ حەسانەوە، ماڵئاواییمان لە کاک مەلا عوسمان کردو بەرەو بەغدا کەوتینە رێ.

لەو رێگایە، کاک نوری وتی:"من ئەفسەری خانەنیشینم، حەمە رەشید حەموش ئاغا شوفێری منە. تۆ بەرپرسیار دەبی لە سەلامەتی کاک ئیبراهیم. واتە ئەگەر لەوسەرەوە لە یەکێ لە خاڵەکانی پۆلیس راگیراین ئەوا من و شوفێرەکەم ئێوە ناناسین. ئێمە لەسەر رێگا تووشی ئێوە بووین و دەستتان لێراگرتووین و سوارمانکردوون، بەڵام تۆ بە بست لە کاک ئیبراهیم دوور نەکەویتەوە"

... لە رێگا، وابزانم لای گوندی _ گوڵە جۆ _ لاماندا. کاک نوری لێپرسراوی گوندەکەی بانگ کردو راسپاردەیەکی پێدا نار بۆ لای خوالێخۆشبوو کاک حیلمی عەلی شەریف کە ئەو کاتە لەو ناوچەیە بوو. دووبارە کەوتینە رێ. نیوەشەو گەیشتینە بەغدا. لە ( ئوتێل ئەمین ) لە شەقامی ئەمین دابەزین. رۆژی دوایی، رۆژی 1961/9/6 بوو، یادی رۆژی رەشی ئەیلولی ساڵی 1930 بوو کە جەماوەری سلێمانی گەورەترین خۆپیشاندان و نارازیبوونی بە رووی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیو رژێمی عێراق دا بەرپاکردبوو.

بە نیازی زۆرهێنان بۆ سەر رژێم کە چیتر مافە رەواکانی گەلی کورد پشت گوێ نەخاو بەندی سێی دەستووری کاتیی عێراق کە بریتی بوو لەوەی کوردو عەرەب شەریکن لە عێراق دا پیادە بکات، بڕیاری مانگرتنێکی گشتیی درابوو لە کوردستان. مانگرتنەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا بوو. ئەو رۆژە ئێمە سەردانی خوالێخۆشبوو کاک عەلی شاڵی ی خاوەنی نەقلیلتی مەرجان مان کرد. لەوێش چاومان بە خوالێخۆشبووان عەقید نوریی مەلا مارف و موقەدەم سەید عەزیز شەمزینی کەوت.

لەو دانیشتنەدا لە دوکانی کاک عەلی، کە پتر لە دوو سەعاتی خایاند، بە تێروتەسەلی دەنگ وباسمان لەگەڵ یەکتر گۆڕیەوە.

کاك نوریی مەلا مارف ئەفسەری خانە نیشین بوو. وتی:"من ئامادەی خزمەتم. هەرکات پێویستتان بە من بوو ئاگادارم بکەن دەگەڕێمەوە کوردستان."

پاشان ئێمە گەڕاینەوە ئوتێل و لە ڕێگا کاك نوری وتی:"لەسەر خوا بەیانی بەغدا بەجێدەهێڵین. سەید عەزیز تا بەعقوبە بە سەیارەکەی خۆی کاك ئیبراهیم دەهێنێ."

بەپێی بەرنامەیەك کە لە نێوان کاك ئیبراهیم و سەید عەزیز و کاك نوری ڕێکخرابوو ڕۆژی 1961/9/7 شاری بەغدامان بەجێ هێشت و لەبەردەمی بەنزینخانەی شاری بەعقوبە هەموو بە یەك گەیشتینەوەو کاك ئیبراهیم هاتە لای ئێمەو سەید عەزیز گەڕایەوە.

کاك ئیبراهیم پێناسەیەکی پەیمانکاری (مقاول)ی پێبوو. وابزانم بە ناوی عەبدولهادی یا ناوێکیترەوە بوو. دەمانچەیەکی تۆپڵی بچووکی پێبوو دایە دەستی من و پاشتر وتی:"فیشەکەکانی لێ دەربهێنە ئەگەر بە بێ فیشەك پێمان بگیرێ سزای کەمترە."

دوو شتی ئەو کۆچە کورتەم لەیادە پێم چاکە باسیان بکەم:

یەکەم: }ئەو کاتە من دڵ گەرم و هێشتا کەم ئەزموون بووم.{ پەلەم بوو کاك ئیبراهیم بە سەلامەتیو بە زوویی بگاتە کوردستان و خوتبەکەی کاك نوری کە لە بەردەمی بەرێزان و یاد بەخێران مام جەلال و کاك عەبدوڵلا ئاغای پشدەریو بەندە لە ڕێگەی سلێمانی لای چایخانەکەی کانی سارد لەنێو سەیارەکەی کاك ساڵحی پەنچەرچیدا دابووی بە ڕاست بگەڕێ، بۆیە ڕوومکردە کاك حەمە ڕەشیدی حەمووش ئاغاو وتم: "ئەگەر گەلی کورد بووە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەوا من و تۆ شانازیی هەندەمان بەسە کە هاوکاریمان لە ڕزگارکردنی سەرەك وەزیرانی کوردستاندا کردووە."

دووەم: لەو ڕێگایەدا بارودۆخی ئەوساو لەشکرو شۆڕش هاتنە بەر باسکردن.

کاك ئیبراهیم دژی گردبوونەوە چەکدارییەکە بوو، منیش داکۆکیم دەکردو دەموت: "دەرەنجام هەر سەردەکەوین. من بۆ سەلماندنی ڕاو بۆچوونەکانی خۆم ئاماژەم بۆ شۆڕشی جەزائیر کرد کە چۆن چۆکیان بە دەوڵەتی داگیرکەری فەرەنسا دادا.

ئەو وتی: "ئەوان ناوچەی ڕزگارکراویان هەبوو، پشیوانیان هەبوو."

منیش وتم: "ئێمە ڕێگەی دەربەندی بازیان و دەربەندیخانمان گرتووە، دەشتوانین سلێمانیش بگرین. بەو جۆرە ئێمەش ناوچەی ڕزگارکراومان دەبێ!.."
بە سەلامەتی گەیشتینە قەڵای شیروانە. کاك حیلمی عەلی شەریف، یادی بەخێر، لەگەڵ هەندەك چەكدار لەوێ چاوەنواڕیان دەكرد.
نانی ئێوارەمان لەو چایخانەیەدا خوارد. سێ چوار سەعات لەوێ ماینەوە، پاشان کەوتینەڕێ. پێش ئەوەی بگەینە دەربەندیخان، کاك حیلمی لە ئێمە جیا بووەوە. لە سەعاتی سێی بەرەبەیان گەیشتینە سلێمانیو لەلای گونجی حەسەن بەغداییو نیزیك ماڵی خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی دانساز من و کاك حەمە ڕەشید حەمووش ئاغا لەوان جیابووینەوە. ماڵی کاك حەمە ڕەشید سەر لەو نێزدیكانە بوو.
پاش ماوەی ئەو شەوە لە ماڵی کاك حەمە ڕەشید ماینەوە.
دوای ئەو هەموو ناکامیو نۆچدان و نەهاتییانەی ئەوکیان گرتین و ئەو هەموو قوربانییانەی دامان، پاش ژەهربارانکردنی کوردستان و ئەنفال و شەڕی نێوخۆیی، ئێستاش داگیرکەران هەر ڕۆژە پەلپ و بیانوویەکمان پێدەگرن و کنەمان تێدا دەکەن و لێناگەڕێن ئاشتی بچەسپێو بیروڕەفتاری توندو تیژی وێرانکەر بۆ هەمیشە گۆڕبکرێ.
لە خولیای ئەو خەمانەدا، هەرچەندە گەلی کورد بەرەنگاری هێرش و زوڵم و زۆری ڕژێمی بەغدا دەبووەوەو ناچاری ڕەوو هەناسەساردی دەکراو دەگەیێندرایە ئاستی مەرگ، یا دووچاری شەڕی نێوخۆیی دەبۆوە، هەموو ڕابووردووم وەك شریتی سینەما بەپێش چاوو هەست و بیرکردنەوەمدا ڕادەبوورن و لە پەستیدا وڕێنە ئاسا لەبەرخۆمەوە دەموت: "خۆزگە کاك ئیبراهیم هەر سوور بووایە لەسەر شێوازی دیپلۆماسی لە بەرگەگرتن و خەباتی ساردی دوور لە چەك!.

## ڕەواندنەوەی چەند پەڵە هەورێك

1- بەپێی ئەو زانیارییانەی من هەمن لە هاوینی ساڵی 1967دا دوو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بە ناوی جەمال سابیر و کەریم دانزێر بۆ سەردانی کەسوکاریان بە نهێنی چووبوونەوە شاری سلێمانی. شەوێك دەبنە میوانی قوربانی ڕەشید لە گەڕەکی چوارباغ.

وەك ئەوسا بلاوكرایەوە، لە نیوەشەودا لەلایەن چەكدارانی باڵی م.س.ی ی كۆنەوە كە ئەوسا بنكەو بارەگایان لە شاری سلێمانیو دەوروبەریدا هەبوو، هێرش دەكرێتە سەریان، هەرسێكیان دەكوژرێن. هەواڵی كوشتنیان لەكاتی خۆیدا لە چاپەمەنییەكانی پارتیو شۆڕشدا بلاوكراوەتەوە. من ئەم قوربانییە دەناسم، بەلام نەم بیستووە كۆمۆنیست كوشتبێتی، نەشمزانیوە ئەگەر كاژیك بووبێ. ئەمە لەلایەكی ترەوە لە ساڵەكانی 1964و تا 1967، ئەو ماوەیەو دوای ئەو ماوەیەش پێكەوە لە بەرەی شۆڕشی ئەیلوول دا بوون. ئەمە بێجگە لەوەی ئاساییە هەركەس پێشمەرگە بێت فرمانی سەرووی خۆی ئەنجام دەدا.

2- ریشەی ناكۆكیی نێوان قوتابیانی كوردستان و قوتابیانی بەنێو عێراقی و ئافرەتانی كوردستان و ئافرەتانی عێراق و لاوان و گەنجان زۆر كۆنترە لە ساڵەكانی 1967و 1964و 1961 كە شۆڕشی تێدا بەرپا بووە. ئەو راستییانە هەموولایەك دەیانزانێ كە پێوەندییان بە كوشتنی قوربانی ناوێك یا كاژێكەوە نییە.

3- خوالێخۆشبوو سەید عەزیز شەمزینیو بەڕێز كاك عەلی عەبدوللا لە یانەی مووچەخۆرانی قەلادزە دانرابوون بۆ چەند رۆژێك. كاژیك نە رێكخستنی چەكداریی خۆی هەبووە، نە ئەوانیش پاسەوان بوون لەسەریان. ئاساییشە پاسەوانانی ئەو زاتانە هەر دەبێ لە دەستەی تایبەتی سەركردایەتی بووبێ. كاك عەلی عەبدوللاش خۆی لەژیاندایە، چاكتر دەزانێ كە پاسەوانەكانی كێ بوون. پاشان ئەوسا هەركەسێك پاسەوان بووبێ فرمانی سەركردایەتیی شۆڕشی ئەنجامداوە. من لە روونووسی بیرەوەرییەكانمدا ئاماژەم بۆ ئەوە كردووە كە مەودایەك لەگەڵ كۆمونیستەكان بووم كە لە قۆناغی بزووتنەوەی سیاسی، دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە كوردستاندا رۆڵی بەرچاویان هەبوو. منیش وەك هەزارانیتر لە خەڵكی چەوساوەی كوردستان، تا قەناعەتم بە رێبازی ماركس هەبوو دڵسۆزی بووم.

ئەو رەنجە رابووردووە هەرچۆنێك سەیری بكرێ، من لە ریزی ئەواندا بەزۆری فێری دیسپلین و پێبەندیو رێكخستن بووم، كە خوداش رێنوێنی كردم و رایچڵەكاندم و خستمیە سەر رێبازی نەتەوایەتی. فەزلەكەی هەر بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، كە بە هەڵە لە پرسی گەلی كوردیان دەڕوانیو ئەو ماوە رابووردووەش، كە لە یەكەم خۆپیشاندانەكانی شاری سلێمانییەوە دەستپێدەكا و بەتایبەتی لە خۆپیشاندانی، وابزانم، رۆژی 1947/6/18 كە

لەگەڵ ئەوان و سەدانیتردا هاوارمان دەکرد "بژی کوردو کوردستان.. بژی ئازربایجان.. بژی قەبیلەی بارزان.. عەفوی عام بۆ زابتەکان"

پۆلیسی سوارەو پیادە لە بەردەمی ماڵی پارێزگاری ئەوسادا پەلاماریان داین و دایانینە بەر دارو قامچیو راویاننناین و بڵاوەیان پێکردین. هەرچی خۆپیشاندانی تریش بووە، تا کراوم بە سەرباز هاوبەشیم تیادا کردووە، تا ئەو رۆژەی بە تەواوی لە کۆمۆنیستەکان دابڕاوم بە شانازییەوە لەو خەبات و رابووردووە دەنوارم.

لە سەردەمی سەربازیمدا کە ئەوسا پارتی کۆمۆنیست چەند رێکخستنێ بوو، یا لەژێر چەند ناوێکدا کاریان دەکرد، بۆ خۆشم نەمدەزانی ئەوانەی پێوەندیی بە منەوە دەکەن لەکامیانن. بۆ چەند جارێ لەسەر جادە خوالێخۆشبوو سەعید فەرەج م دیوە. لە شۆڕشی ئەیلوول دا، لە چەمی رێزان ئەو برینپێچ بوو. دۆستایەتیو برادەریمان بەردەوام بوو. هەرچەند بهاتایە بۆ ماوەت سەری لێدەدام.

من لە کەرکوک ماوەیەك لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکەی فەلاح، کە بە خێزانەوە لە کەرکوک بوو، لە ماڵێکدا ژیاوم و کارم کردووە.

کاتێك لەگەڵ کاژێك تێکەڵ بووین، بەرێز مامۆستا هەردی و خوالێخۆشبوو مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین خەڵکیان راسپاردبوو کە سۆراخی رابووردووی من بکەن. لەو رووەوە پێوەندییان بە کاکەی فەلاح یشەوە کردبوو. هیچ زیان و گومانێکم بەرامبەر برا کۆمۆنیستەکان و خەڵکیتر نەبوو. ئەوەی شایانی باسە، کاکەی فەلاح هەرچەند بۆی رێکبکەوتایە لە بەرهەمەکانی خۆی بە دیاری بۆ دەناردم. پێوەندییەکی برایانەو رێزدار لە نێوانمادا هەبوو.

ماوەیەکیش لەگەڵ برای بەرێز مامۆستا دڵزاری شاعیردا لە کەرکوک لە ماڵێکدا ژیاوم. رۆژێ وەك هەموو رۆژانیتر خێزانەکەی چووبووە دەرەوە بۆ شت کرین. منداڵێکی بچووکیان هەبوو لە بێشکەدا بوو. لەچاو رۆژاندا لە هاتنەوە دواکەوت. لەبەر خۆمانەوە وتمان "خۆ ناکات شتێکی بەسەرهاتبێ." لەسەرەتا کەوتینە بیرکردنەوە ماڵەکە بەجێ بهێڵین. لە درزی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەمانکرد پۆلیس و هەندەك خەڵکمان بینی، یەکێکیان سیخوڕێکی

ناسراو بوو. هەرچەند لەمەوبەر بەتەمابووین منداڵەکەش لەگەڵ خۆمان بەرین، بەڵام ڕێگەی دەرەوەمان نەمابوو.

کاك دڵزار وتی: "چارە نییە، دایکی گیرابێ یا خێر هەر دەگەنەوە یەك."

لە حەوشەکەدا پێپلکە هەبوو بۆ سەربان. لەیادمە کاك دڵزار لە نێوقەدی پێپلکانەکەدا هەڵوێستێکی کردو نیگایەکی لە منداڵی خەوتووی ناو بێشکەکە کرد کە وابزانم ناوی ئازاد بوو. چووینە سەربان و بە سەربانی ماڵاندا ڕۆیشتین تا گەیشتینە جادەیەك لە پشتەوە خۆمان فڕێدایە حەوشەی ماڵێ و بەپەلە لەو ماڵە چووینە دەرەوە، وێکڕا چووینە حەوشەی ماڵێك لە گەڕەکی ئیمام قاسم، لە ڕێگەی ئەو ماڵەوە کەوتینە سۆراخی خێزانی کاك دڵزار، دیاربوو گیرابوو.

ئیتر هەر ئەو ڕۆژە پاش نیوەڕۆ من شاری کەرکوك م بەجێ هێشت و بۆ ژیان و بۆ نیشتەجێی ڕێم تێنەکەوتۆتەوە.

مامۆستا دڵزارو خێزانەکەی دەزانن و شاهیدن من لە کەرکوك نەگیراوم. بە نیزیکی ساڵێ دوای ئەو ڕووداوە، لە شاری بەغدا لە کەمیندا گیراوم. سەدەها خەڵکی کۆمۆنیستم لە شارەکانی کەرکوك و سلێمانی ناسیون یەکێکیان لەسەر قسەی من نەگیراون، کە لە بەندیخانەش دەرچووم و گەڕاومەتەوە شاری سلێمانی، پێوەندیی دۆستانەو برایانەم لەگەڵ زۆربەی برا کۆمۆنیستەکانی سلێمانی هەبووە کە یەکێکیان کاك حەمە ڕەشید شانە بوو. ئەو پێوەندییە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی هەندەکیان بە ئاشکرا کەوتنە سووکایەتی کردن بە وشەی کوردیو ناوی کوردستان و سووربوونیان لەسەر ئەوەی کورد ئوممەنی یە!. تا دێت ئیتر لەو کاتەوە من لێیان دابڕاوم.

سەبارەت بەوەی کە گوایا پێشمەرگەی هێزی خەبات پاسەوانیان لە بارەگای لقی 4 کردبێ لە ساڵی 1964دا لە قەرەتۆغان، دەڵێم: "هەرکەس مەودایەك پێشمەرگایەتیی لە شۆڕشی ئەیلول دا کردبێ، دەزانێ هەموو دامودەزگا مەدەنییەکان وەك بارەگاکانی لق و ناوچەکان، دادگاکان، بەندیخانەی ماوەت .. تا دێت هەموویان هەرچەندە بارەگاکانیان لە سنووری دەستەڵاتداریی هێزێکدا بووە، بەڵام بۆ خۆیان پاسەوانی تایبەتیان هەبووە، پێشمەرگەی هێزەکانیش تەنها فەرمانی بەرپرسیارانی خۆیان ئەنجام دەدا." لیژنەی لێکۆڵینەوەی یەکەم



ههەواڵنامەی ئێزە

بە سەرۆکایەتیی بەهەشتی عەقید شێخ سالّح بوو کە فەرماندەی هێزی قەرەداغ بوو. لیژنەی دووەمیش بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو عەونی یوسف بوو. دوو دەستە پێشمەرگەیان لە بارەگای سەرکردایەتیی پارتیو شۆڕشەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوو، دەستەیەکیان بە بەرپرسی بەڕێز کاک سادق عەقراوی، دووەمیان بە بەرپرسی بەڕێز کاک مستەفا نێرەویی بوو.

سەبارەت بەوەی کە لە ساڵی 1964دا بەڕێزان بەهەشتیی جوانەمرگ کاک ئیدریس بارزانیو کاک مەسعەد دووقۆڵی پێکەوە سەفەریان بۆ سلێمانیو ناوچەی دەوروبەری کردبێ.

هەندەی من ئاگادارم، هیچ جارێ ئەو دوو زاتە پێکەوە سەفەریان بۆ سلێمانیو شوێنیتر نەکردووە. جارێ لەپێش رووداوەکانی ناو شاری سلێمانی مستەفا بارزانی نەمر کاک مەسعودی بۆ سلێمانی ناردووەو خوالێخۆشبوو کاک هەباس ئاغای ئاکۆیی لەگەڵدا ناردبوو بۆ ئەنجامدانی کاروباری ژنهێنانی ئیدریس بارزانیو تا گەڕاونەتەوە بەندە لە خزمەتیاندا بووم. لەدوای رێککەوتننامەی 1970/3/11و لەپێناوی سستنەبوون و نەپچڕاندنی پەوەندیی نێوان سەرکردایەتیو جەماوەرو بۆ بەهێزکردنی پێوەندیی یەکسەری جەماوەر بە سەرکردایەتییەوە، پێشنیازم ناردە خزمەت سەرۆك بارزانیی نەمر کە خۆی یا بەڕێزان کاك ئیدریس و کاك مەسعود پێکەوە گەشتێ بکەن بە کوردستانداو گوێ لە خواست و سکاڵاکانی جەماوەر بگرن. دەرەنجام بارزانیی نەمریش نیازەکەی لا چاك بوو، بەڵام فەرمووبووی بەرەودوا کاك ئیدریس و کاك مەسعود بچن. فەرمووبوویشی کە منیان لەگەڵدابم. ئەوە بوو لە مانگی 5ی 1970دا کاك مەسعود دەستی بە گەشت کردو بەڕێز کاك دوکتۆر مەحموودو بەندەی لەگەڵدا بوو.

چووینە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو کەرکوك و زۆربەی شارەکانی ئەو پارێزگایانەو شاری خانەقین و گەشتێکی سەرکەتووبوو. هەر لە پایزی 1970دا کاك ئیدریس دەستیکرد بە گەشتی ناوچەی بادینان، تەنها منی لەگەڵدا بووم و چووینە پارێزگاکانی موسڵ و دهۆك و زۆربەی شارەکانی سەر بەو دوو پارێزگایە گەڕاین، وەکو شارەکانی ئەلقۆش و تەلەعفەرو تلکێف و سنجارو زوممارو شێخان و ئەترووش و ئاکرێو ئامادیەو سمێل و زاخۆو .. تا دێ ئەویش گەشتێکی سەرکەوتوو بوو.

لە مانگی 11ی 1970دا بارزانی نەمر کاک ئیدریس ی نارد بۆ بەغدا. لەو سەفەرەشدا بەندە لە خزمەت جوانەمەرگ کاک ئیدریس دا بووم. لەپێشدا لە ڕێگەی هەولێرو کەرکوکەوە چووینە شاری سلێمانی. ئەو لە ماڵی خوالێخۆشبوو موحەممەدی ئەورەحمان (حەمەی ئەورەحمان) ئاغای خەزووری لایدا، منیش چوومە ماڵی خوشکم.

ڕۆژی دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، لە ماڵی حەمە ئاغاوە بەڕێکەوتین بەرەو بەغدا. بەهۆی تەلەفۆنێکەوە کە لە هەولێرەوە کرابوو، ڕۆژی 1970/12/6 بەپەلە گەڕایەوە. داوای لە من کرد بۆ ئەنجامدانی هەندێ ئیش وکار، کە مابوو دوو ڕۆژێتر بمێنمەوە. ئێوارەی ئەو ڕۆژە 6 لەسەر 7ی 1970/12 لە بەردەمی ئوتێل ئۆپرا دا لە بەغدا لە سێ لاوە درایە بەر گوللەو بەڕێز کاک عەریف حەمید بەرواری، کە بەجیا بۆ ئیش و کاری حەرەسی حدود هاتبوو لەگەڵماندا، لە سەیارەکەدا برێندا بوو. مەبەستم لەو ڕوونکردنەوەیە ئەوە بوو کە بارزانی نەمر وەك بەرنامەیەك کە بۆ خۆی لەبەری کردبوو حەزی نەدەکرد دووقۆڵی کوڕەکانی بنێرێ بۆ کارێك لەناو کوردستان.

هیچ کات کاژیك لەگەڵ شەهید ئەحمەد تۆفیق پەیمانێکی نەبەستووەو هاوئاهەنگییەکی نەبووە. کاژیك دەستەو کۆمەڵی چەکداری تایبەتی خۆی نەبووە تا لەگەڵ لایەنێکی چەکداریتر هاوئاهەنگی، یا ڕێککەوتن بکا.

لەگەڵ ئەوەدا کە شەهید کاك ئەحمەد تۆفیق برادەرو هەڤاڵی پێشمەرگایەتیم بووە، بەڵام لەرووی بیرییەوە لە کاژیك نێزدیك نەبووەو هاوئامانجی نەبووە تا لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگی بکەن.

هەلگرانی بیری نەتەوەیی بە سەدانیان هاوبەشییان لە شۆڕشی ئەیلول دا کردووەو بە دەیانیش شەهیدیان داوە، مەگەر هەر لەبەر ئەوە بدرێنە بەر گلەو گازاندە کە دڵسۆزی گەلی خۆیان و شۆڕش بوون و بەبێ مەرج و گیان لەسەردەستان فرمانی بارزانی نەمرو سەرکردایەتیی شۆڕشیان ئەنجامداوە!.

ساڵی 1964 بە نوێنەرایەتیی سەرۆك بارزانی چوومە بەغدا بۆ بینینی نوێنەرانی حیزبی تحریری ئیسلامی. ڕۆژێك لەبەردەمی دوکانێکی تایپ و ڕۆنیۆدا لەگەڵ دوو برادەر وەستابووین، بە ڕێکەوت کاك ئەحمەد تۆفیق بەوێدا ڕۆیشت، ئێمەی دی لایدا.

دوای سڵاو وتی: "ئەوە چی ئەکەن لێرە؟" وتم: "سەیری ئەم دەزگایانە ئەکەین."
پاش گەڕانەوەم بە حەفتەیەك بەڕێز کاك حەبیب محەممەد کەریم پێی ڕاگەیانم کە ئەحمەد تۆفیق پێی وتوون منی لە بەغدا دیوە خەریکی کڕینی ڕۆنیۆ بووە، ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ دیارە بۆ کاژیکی ئەکڕێ یا کڕیویە، ئەگەر هاوئاهەنگییەك لەنێوان کاژیك و شەهید ئەحمەد تۆفیق ببوایە ئەو بینینەی بەو جۆرە نەدەگەیاندە کاك حەبیب.
کاژیك دەستی هیچ کوردێکی بە خوێنی کوردێکیتر سوورنەکردووە. پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول سەر بە یەك حیزب و بگرە یەك ئایین و یەك بیرو ڕێبازی تایبەتی نەبوون، هەموو خاوەن بیروباوەڕە جیاوازەکان، لە هەموو ئاینزاکان، لە کوردو هەموو کەمەنەتەوەییەکانی نێو کوردستان، لە هەموو چین و توێژاڵە جیاکانی کۆمەڵگای کوردستان، لەژێر چەتری شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتیی بارزانیی نەمردا خەباتیانکردووەو فرمانەکانی سەرووی خۆیان ئەنجامداوە.
پێشمەرگەیەکی خاوەن بیری نەتەوەیی سەر بە کاژیك بووبێ یا پارتی، یا سەربەخۆ بووبێ وەك هەزاران پێشمەرگەیتر، ئەو فرمانانەیان ئەنجامداوە کە فەرماندەرەکانی سەرووی خۆیان پێیان سپاردوون، کاژیك هیچ کات فەرمانی کوشتنی کەسی دەرنەکردووە. کەسێکە بە نەتەوەیی ناسراو یا بە کاژیك فەرمانێکی ناڕەوای سەرووی خۆی ئەنجامدابێ، فەرماندەکە کاژیك نەبووە.
من لای خۆمەوە بە ڕێزو تەقدیرەوە لە کۆششی شەهید کاك ئەحمەد تۆفیق دەڕوانم؛ ئەو کەسێکی چالاك و لەبەرچاو بوو لەنێو کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بووژاندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران!. ئەو توانی بۆ یەکەمجار جۆرنالیستی ئەمریکی دانا ئادەمز شمیدت، کە کتێبێکی لەسەر شۆڕشی ئەیلول و گەلی کورد نووسیوە لەژێر ناونیشانی (کۆچێك بۆ لای پیاوە ئازاکان لە کوردستان) بگەیێنێتە کوردستان. ڕژێمی عێراق یش هەر بیرو بیانوویەکیتری بۆ دروستکردبێ هەر لەسەر ئەو کۆششە مەزنەی شەهیدی کردووە.

بەندە بۆ خۆم بە شاهیدی سەدەهاو بگرە هەزارەها مرۆڤی کورد،تووڕەو رق هەلگر نیم. هەر چییەکم پێکرابێ‌و هەرچیم خرابێتە دوا، وتوومە پەنا بەخوا، گەردنی ئەوانەشم ئازادکردووەو یارمەتیشم باشتر داون کە لەلایەن رژێمەوە نێرراون بۆ کوشتنم.

لەبەر نەرمی‌و پشوو درێژیم لە کارکردنداو لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانداو لە کاروباری ئیداریدا رۆڵی لەبەرچاوم هەبووە. بەو هۆیەوە هەڤاڵ و برادەرەکانی کارم لەگەڵ دەکردن پێیان دەوتم بەحر. ئەو ڕەوشی میهرەبانی‌و نەرمە کە فەرمان فەرمای بیروبۆچوون و رەفتارم بوو تایبەتمەندییەکی سروشتییە لەگەڵمدا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ببوە یارمەتیدەرێکی گەورەش بۆ ئەوەی برا دەسەڵاتدارەکان تکاکانم رەتنەکەنەوە، لە بەرەڵلاکردنی دەیان مرۆڤی کوردی گیراو بە تۆمەتی جاسووسی‌و جاشێتی‌و یا سەر بە لایەنێکی نەیار، یا تۆمەتی‌تر. ئەو راستییانە بەڕێز کاك مەسعود بارزانی‌و بەرپرسیارانی‌ترو خودی بەرەڵلاکراوەکان کە هێشتا زیندوون ئاگادارو شاهیدن. کاك حەمە رەشید ئەحمەدی شانەش بۆ خۆی کە لەسەر کاری ناسیاسی گیرابوو لەو برا کوردانەیە کە بە یارمەتیی بەندە لە لێواری گۆڕ رزگاری بووەو بەڕێی رێزەوە بەرێمکردووە!.

بیری نەتەوایەتی مولکی دەستەو توێژاڵ و کۆمەڵێکی تایبەتیی نێو کۆمەڵگا نییە. لە روانگەی بۆچوونی خۆمەوە بیرێکی مرۆڤدۆستانەی خۆڕسکی سروشتی پاك و خوداییەو هیچ مرۆڤێکی لێ بێبەش نییە. هەستێکی تەمەن درێژە بە درێژیی تەمەنی کۆمەڵگا.

کەسانیش چەندو چۆن ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆیان روون و گەش دەکەن و چەند سوود وەردەگرن و چۆن دەیخەنە قاڵبی رێکخستنەوەو چ ناوێك لەو رێکخستنە یا ئەو رێکخستنانە دەنێ، چەند رێکخستن لێرەو لەوێ دروست دەبن و تەمەنی هەریەکەیان چەند درێژ دەبێ، ئەوە باسێکی‌ترە. پارتی‌و یەکێتی، رێکخستنە مارکسییە کوردی‌و کوردستانیەکان، رێکخستنە ئیسلامییەکانی نێو کوردستان بڕوایان بە مافی گەلی کوردو رزگاری‌و سەربەخۆیی کوردستان هەبێ، بڕوایان بە ئازادی‌و یەکسانیی مرۆڤ هەبێ، ئیدی چ شێوازێ لە تێکۆشان لەبەردەگرن و بە چەند قۆناغ بگەنە ئەنجام، ئەوا هەموویان دەکەونە خانەی پێڕەوانانی بیری نەتەوەیی. لەبەر رووناکیی ئەو راستییانەی سەرەوە، هەرکەس بەهۆش و

ژێـر بـێو بـە دەسـتی ئەنقەسـت گەمـەو مەسـخەرە بـە بـیری نەتـەوەیی گـەلی کـوردو بـە هەڵگرانی ئـەو بـیرە بکـا، بیـەوێ یـا نەیـەوێ خـۆی دەخاتـە ریـزی مرۆڤـانی نائاسایی‌و بگـرە نەیار بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد. ئەگـەر کۆمـەڵێك کـوردی رۆشـنبیری دڵسـۆزی گـەلی کـورد لـەدوای جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە بـۆ یەکـەمجار رێکخسـتنێکی نەتـەوەییان لـەژێر نـاوی کاژیـك دروسـتکردبێ، لـە کۆششـەکەی خۆیانـدا سـەرنەکەوتبن، هۆکـاری ئـەو سـەرنەکەوتنەش دەیـان و ئاشـکراو دیـارن، رەوا هـەر ئەوەیـە وەك لـە کەلـەپوورێکی نەتەوایەتی لەو رێکخستنە بنواری‌و بە رێـزو قەدرزانینـەوە سـەیری کۆششـی ئـەو سەربازە دڵسۆزانەی هەڵگرانی بیری ئازادی‌و یەکسانیی کوردو کوردستان بکـرێ، سـەرنەکەوتنی ئـەوان سەرنەکەوتنی دوژمن و داگیرکەران نییە تاکە کەسێك دڵـی پێخۆش بـێو بدرێنـە بـەر تـیرو توانج.

## با بێمە سەر (دۆم):

ئا: خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ ﴿ وخلقناکم من نفس واحده ﴾. بەم ئایەتـە پـیرۆزە خودا هەموو مرۆڤی یەکسان کـردووە. هـەروەها لـە کتێبـی پـیرۆزی دیـان ەکانـدا دەفـەرموێ ﴿خەڵکی هـەموو بـرای یـەکن ﴾. زەردەشـت دروودی خـودای لەسـەر بـێ هـەموو مرۆڤـی بـە نێرومێی‌یانـەوە یەکسان کـردووە. مـرۆڤ هـەرە شاکاری بەرهـەمی سروشـتی پـاکی خوداییـە، کەسـیان لـە کەسـیان گـەورەترو زیـاتر نـین. هـەروەك هـەر گیانلەبـەرێکی‌تر گـەورەبوون و زیادیانکردووە.

پاشتریش بە نیازی ژیان چاککردن و بەرەوپێشەوەبردن کەوتوونەتـە بەربـەرەکانێی سروشـت و یـەکتر. لێرەوە شـەرو بەیەکـدادان و دابـڕین دەسـتی پێکـردووە. لـەوەوە لەسـەرەتای هـۆزو خـێڵ و کۆمـەڵی گـەورەتر سـەریانهەڵداوە. هـەروەك ئێسـتا بـەهێزتر لاوازو لـەخۆی بـێ هێزتری چەوساندۆتەوە، هەر ناوێك لـە هۆبـەکان و خێڵـەکان و کۆمـەڵگاکان نـرابن، هیچیان لە تایبەتمەندیی هاومرۆڤانیان کەم نەکردۆتەوە. ناویان دۆم بێ یا قـەرەج، ئاغـا بـن یـا شـێخ و بەگ، هەژار بـن یـا دەوڵەمەنـد .. تـا دێ نابنـە بەڵگـەی نـەنگی‌و تـاوان. دۆمـیش مـرۆڤن و خەڵکی خودان، ئەوی ژێر بێ بە سووکی سـەیریان ناکـا. لـەم وڵاتـەی مـنی لـێ دەژیـم دەیـان نـاوی وەك گـورگ و شـەیتان و چوارپێ‌و باڵدار هـەن و کەسـیش لێـی نەکردوونەتـە عەیبـە.

وشەی دۆم وشەیەکی ئاریایی‌و ئەورووپیی کۆنە، تا ئێستاش وەك ناوی گەورەو نازناو لە ئاڵمان بەکاردەهێنرێ، لەهەمانکاتدا هێماشە بۆ پیرۆزی‌و شکۆداری. بەشێك لەکڵێسە مەزن و دێرین و گرنگەکان، بەتایبەتی کاتۆلیکەکان بەو ناوە ناسراون.

ب: بێمە سەر باسەکە؛ باوکم ناوی عەزیزی قادری عەزیزە، ئاغاشیان بە عەزیزی سێیەم وتووەو قادریش لە دۆڵی شینکایەتی بە مام قادر ناسراوە، ئەمە قسەی خوالێخۆشبوو نوری بەگی ئینحسار بوو کە لە ساڵی 1963 ، چ خۆی چ لە رێگەی تۆفیقی کوردیەوە پێی راگەیاندووم. باوکم لەدایکبووی گوندی (وڵاخلو) سەر بە دۆڵی شینکایەتی‌و ماوەت ە، بە رەچەڵەك لە هۆزی کاکێشان بووە. بە نێزیکی لەپێش 125 سەدو بیست و پێنج ساڵەوە بووە بە نیشتەجێ لە سلێمانی. پاشتر برایەکی بە ناوی رەسوڵ چۆتە سلێمانی. هەردوکیان سەرگەرمی کاروکاسبی بوون و بەباشی سەرکەوتوون و بوونەتە خاوەنی خانووبەرەی خۆیان. باوکم کیژی سۆفی عەلییەکی هێناوە کە خوشکەزای حاجی عەلی ئاغای ساڵح ئامان بووە کە پاشتر بووە بە دایکی من. مامیشم خوشکێکی خوالێخۆشبوو رەشە ناسکەی هێناوە. خانووەکەی باوکم کە تەمەنی لە 100 سەد ساڵ بەولاترەوە بوو، وەرەسە لە ساڵی 1990دا فرۆشتیان. خانووبەرەی ماڵی مامم لە گەرەکی مەلکەندی هێشتا بەپێوەن.

باوکم نێزیکی 50 پەنجا نەوەی هەیە، زۆربەیان خوێندنی ئامادەیی‌و پەیمانگاکانیان تەواوکردووە، بەشێکی‌تریان رشتەی زانستی‌ی جۆربەجۆریان لە زنستگاکانی عێراق و کوردستان و هەندەران تەواوکردووە.

وەك هەموو، یا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان تێیاندایە سەر بەم رێکخستن یا ئەو رێکخستنە رامیارانەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی کوردستاندا هەن یا سەربەخۆن.

باوکم مرۆڤێکی نەوسن بوو، منیش هەروام!. لەگەڵ دوا پارووی هەر ژەمێك دەکەوتە تەگبیری ژەمی دواتر. لە ساڵانی بیستەکاندا لەگەڵ خوالێخۆشبووان حاجی ئیبراهیمی خەزووری میرزاکەریمی وەستا ئەحمەدو حەمە تێکەو رەشە تەیناڵ دۆست و دانیشتووی گەرەکێك و ناوچەیەك بوون، بێجگە لە وەستا ئەحمەد، جارەبار لەگەڵ ئەوانی‌تردا کاروکاسبیی کردووە، تەنانەت وەك خۆی بۆی گێڕاومەتەوە؛ ساڵێ لەگەڵ خوالێخۆشبوو رەشە تەیناڵ قۆنتەراتی دابینکردنی کاو جۆی ساڵێ بۆ وڵاخەکانی سوپای عێراقی لە

سلێمانی دەگرنە ئەستۆ. ئەوکاتە تەنی کا بە هەشت رووپێ قۆنتەرات دەکەن، بەڵام ساڵ وەرناچەرخێ نرخی تەنی کا لە بازاڕ دەچێتە دوانزە رووپێ. بەو هۆیەوە تووشی زیانێکی زۆر دەبن.

رۆژێك لە میوانداریيەکی باوکم بۆ برادەرو دۆستەکانی لەمەیانی گاڵتەو گەمەی نێوانیان رەشە تەیناڵ بە باوکمی وتووە: "عەزیز مردووت مرێ ئەڵێی دۆمی هەر خەمی ورگتیو بیری دوارۆژت نییە."

لەوەرامدا باوکم وتوویەتی: "ئارەزووی خۆتە، چیم پێ ئەڵێی بڵێ، بەڵام خێرت ئەگا لێمگەرێن با شێوازی ژیانیخۆم نەگۆڕم."

لە سەرودەمێکداو بگرە تا ئێستاش ناتۆرەلێنان وەك نیمچە هونەرێکی دواکەوتووانە بایەخی هەیە! دەیان ناوی وەك: قەموور، کەچەڵ، کوێر، شەل، کەرەبۆز، رووت، بێکراس، سواڵکەر، زیرە، سیسە، فشە، عفریت.. تا دێ لە نێو شاردا هەن و هەمووشی خۆیان لە یەکیان ناون، کەم لەوانە کاڵای پڕ باڵان. ئەمە واو لە هەموو سیجلاتی عێراقیدا، وەك دەفتەر نفوس، دەفتەری خدمەی عەسکەریو جنسیەی عێراقی، لە شوێنی شۆرەت قادر نووسراوە. خۆزگە وا بووایە وەك کاك حەمە رەشید نووسیویەتی، ئەوسا بۆ خۆم لەدوویان دەگەڕام و پەیدامدەکردن و دەبوومە خزمەتکارو بچووکیان و تا یەزدان توانایی بدایە خزمەتم دەکردن و داکۆکیم لێدەکردن.

لە خاڵی 7ی لاپەرە 7ی نووسینەکەی کاك حەمە رەشید دا ئەمەی خوارەوە نووسراوە: لە لاپەرە 78ی باسکاردا خاڵە حەمە ئەڵێ: "عەبەو عوسمان بەجۆرێ گریابوون کاك ئیسماعیل عارف ئەندامی مەکتەبی سیاسی کەوتبووە لوشکەلوشك و دەستی کردبوو بە گریان و ئەمری ئەو کارەی داوە. باشە کاکە حەمە بە شەرەفت مۆر بە کەمال بەرقی بێو ئەمر بە ئیسماعیل عارف بێ گوناهی من چییە؟. با هەندێ بگەرێمەوە بۆ دواوە، شارێکی دووبەرەکیو هەموو چەکدار عەگید سدیق مەندوبی سامیو فەخرەدین بارزانیو کاك عەقید نوری ئامر هێزو رەشید سندی بە جێبەکەی وەلی ئەبو شوارب بەناو شاردا بێ ئەکجۆز لێیبخورێ، محەممەدی دەروێش نا درو زۆریتر کە هەموویان کرابوون بە کوڕی سێولەباخەڵ و ئیسماعیل عارفی سەڵەوات ئەبێ چاوەنواڕی چی لەو رۆژە بکرێ کە

جەنابتان سەرێك بوون لە فیتنەکە، شەوانە تۆ لەگەڵ رەحمەتی مامۆستا فەرمیدوون ئەچوونە کانی ماسی کاژیکنامەتان بۆ ئەوانە ئەخوێندەوە کە جەنابتان ئەلێن رێکخستبوومن بە تۆو مامۆستا فەرمیدون م وت بەباشی نازانم شەو ئەچنە کانی ماسی بۆ عەسرەکەی تۆو مامۆستا هاتن جەنابت دەفتەرێکت پێبوو ناوی هەموو پێشمەرگەکانی تیادا بوو. وتت: ئەمانە هەمووی کاژیکن کە هەر ئەوەندەش بوون. کاك فەرمیدون کتێبێکی دەرهێنا. وتم: ئەمە چییە؟. وتی: کاژیکنامەیەو ئەمە هەموو کەسێك نایبینێ. وتم: ئەبێ ئەمە موسحەفە رەشی برا یەزیدییەکان بێ."

من هەرگیز وشەی دوور لە رێزو دوور لە رێزی ئەدەبی نووسین نە بەرامبەر کۆنە برادەرو کۆنە هەڤاڵی پارتیو شۆڕشی ئەیلول و دەربەدەریم کاك ئیسماعیل عارف هیچ مرۆڤێکیتریش بەکارنەهێناوە. لە لاپەڕە 78دا ناوی کاك ئیسماعیل عارف نەهاتووە!، بەڵکو لە لاپەڕە 87دا هاتووە. ئەمەش دەقی نووسینەکەی من: (لەکاتی ناشتنی تەرمی عەلی فەرەج، ئیسماعیل عارف ئەندامی مەکتەبی سیاسیی نوێ ئامادەبووە. جوانەمەرگبوونی عەلی فەرەج بەو شێوەیەو بە کوڵ گریانی عەبەو عوسمان، هەموو ئەوانەی لەسەر گۆڕەکەبوون هاتبوونە گریان و بە عەبەو عوسمان یان وتبوو: "دەبێ تۆڵەی بکەینەوە." هەموو پێشمەرگەکان وتبوویان: "باشە" و دەیانوت:

"رەزامەندیی ئیسماعیل عارف یشیان وەرگرتووە"و جانتای کاغەزو مۆر بە کەمال بەرقی بوو. هەر لەوێ، ئەو فرمانە پڕ شەرمەزاریو دواکەوتووانەیان پێ نووسیبوون کەسیش نەیوتبوو با پێشەکی ئاگاداری بارەگای بارزانیو م . س بکەین و بزانین ئەوان ئەلێن چی.

ئەو لەلای خۆیەوە، دوای سووکایەتیکردن بە کاك ئیسماعیل عارف، بە بێرێزی باسی خوالێخۆشبووان و یادبەخێران کاك عەقید نوری ی مەلا مارف، شەهید فەخرەدین بارزانیو خێرەدینی برایو کاك رەشید سندیو وەلی ئەبو شوارب و کاك محەممەدی دەروێش نادرو .. تا دێ کردووە.

عەگید سدیق کە نوێنەری بارزانیی نەمر بوو ناوی لێناوە مەندوبی سامیو لێرەشەوە لابەلا پەلاماری بارزانیی داوەو بیری ئەوەی نییە ئەوکاتە خۆی لێپرسراوی لیژنەی

پێشمەرگەی سلێمانی بوو، پێوەندیی یەکسەری بە بارزانیو م.س وە بووە. ئەو ناتەواوییانەی ئێستا بە لاقرتەوە باسیان لێوەدەکا خۆیشی بەرپرسیاری دەیگرێتەوە.

پاشتر دەڵێ: من لیستەی پێشمەرگەکانم پێوتووەو تووەمە هەموو کاژیکن. شەو لە کانی ماسی ماوینەتەوەو کاژیکنامەمان بۆ پێشمەرگەکان خوێندۆتەوە!. من شەوێ لە قەرەتۆغان ماومەتەوە کە بارەگای لیژنەو بارەگای لقی4 پێکەوە لەوێ بوون. هۆکەش ئەوە بوو مرۆڤێ مرۆڤێکیتری کوشتبوو. کەسوکاری کوژراوو کوژەریان زوو گرتبوو دابوویاننە دەست پێشمەرگەو ئەوانیش بردبوونیانن بۆ بارەگای لیژنە. کەسوکاری کوژەریش پەنایان بردبووە بەر پۆلیس و وتبوویان دەمانەوێ میری دادگاییەکە بکا. پارێزگاری سلێمانی، ناوی حاجی عەبدولڕەزاق بوو، کێشەکەی گەیاندبووە سەرۆك بارزانی. ئەویش شەهید عەقید عەبدەلرەحمان ی قازیی ناردبوو بۆ سلێمانی بۆ چارەسەری ئەو گرژییە. لەو کاتەدا کە هێشتا کاك عەبدولڕەحمان ی قازی لای حاجی عەبدولڕەزاق بوو، هێزێکی پۆلیس بەرەو قەرەتۆغان خرابوونە رێ. پێش ئەوەی بگەنە کانی ماسی پێشمەرگە رووبەروویان بوونەوە. هەردوولا سەنگەریان لەیەکتر گرت. ئیتر کاك عەبدولڕەحمان ی قازی گەیشت و لەسەر ئەوە رێککەوتین کە ئێمە قاتیلەکە لای خۆمان راناگرین، بەڵام بەم شێوازەیش تەسلیمی ناکەین و خۆمان بە پێشمەرگەدا دەینێرین بۆ لای پارێزگار.

ئەوەی شایانی باسە ئێمە بەنیازبووین بینێرین بۆ دادگای شۆڕش کە لە چوارتا هەبوو. ئەوەی رێنوێنیی ئەو هێزە پۆلیسەی کرد خوالێخۆشبوو ئەنوەری خوجێ بوو. پاش کشانەوەی هێزە پۆلیسەکە، کوژەرمان لەگەڵ نامەیەك، بە پێشمەرگە یاد بەخێر کاك عەلی حسێن ئەسعەددا نارد. بەڵێ، شەوی ئەو رۆژە من لە قەرەتۆغان مامەوە. شۆڕشی ئەیلول شۆڕشی هەموو توێژاڵ و چین و رێبازو ئایدۆلۆژیەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان بوو. ئەگەر من یا خوالێخۆشبوو مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین کاژیکنامەمان بۆ ئەوانەی سەربە کاژیك بوون یا کۆمۆنیستێ کتێبێکی مارکسیی بۆ هاورێکانی خۆی خوێندبێتەوە بەوە گوناهێ نەکراوە تا رەخنەی لێ بگیرێ. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوەی کاك حەمە رەشید نووسیویەتی راست نییە، چونکە کاژیك رێکخستنێکی نهێنی بوو. ئاسایی تا ئەو کاتەو پاش ئەو کاتەش رێکخستنە رامیارییە نهێنییەکان لە شانە پێکدەهاتن و دەستووراتی

کۆبوونەوەی شانەو ژمارەی ئەندامانی هەرشانەیەك لای ئەوانەی بە نهێنیی حیزبایەتییان کردووە شاراوە نییە. من بەرپرسی ڕێکخستنی پێشمەرگەکان بووم. لسیتەکەی جەنابت ئاماژەت بۆ کردووە ناوی خۆشتی تێدابوو، وەك بەرپرسی یەکەمی لیژنەو بەرپرسی کەرتی یەك کە بریتی بوو لە گەڕەکەکانی گۆیژەو دەرگەزێن. چۆن دەگرێ ناوی ئەوانەی سەر بە کاژیك بوون بیخەمە بەردەستی تۆ !؟ مامۆستا فەریدون برادەری نێزدیکی تۆ بوو. ئەو نە بەرپرسیار بوو نە پێشمەرگەی ناوشار بوو، ئەگەر لە ماڵی خۆتان یا لە ماڵی ئەوان وەك دوو برادەر باسی کاژیك و کاژیکنامەتان کردبێ ئەوە ڕێی تێئەچێ.

لە خاڵی 8ی لاپەڕە 7ی نووسینەکەیدا ئاماژەی بۆ نووسینی لاپەڕە 88ی باسکار کردووە، کە من باسی ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەم کردووە لەگەڵ ئەو لیژنە لێکۆڵینەوەیەی بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو کاك عەونی یوسف نێررابوو. پاش هەندەك وشەو بۆ هێنانەوەی بێ سەروبەرو نادروست نووسیویەتی: "من یەك پرسیار ئاڕاستەی خاڵە حەمە ئەکەم تەنها بڵێ بە شەرەفم وانییە، هەموو شتێکم قبووڵە. ئەمەش پرسیارەکەیە: بە حسابی تۆ لەو چەپەرەی لێی گیرابووی دەستت نەکرد بە گریان وتت ئەگەر بەرەڵلا کرام ئەچمە لای سابیرە لووتە ئەبم بە جاسووس، ئەگەر کوژرام تەقاعدی ئەدەن بە خێزانەکەم."

ئێمە هەمووی 14 ڕۆژ گیرابووین، لەلایەن خوالێخۆشبوو کاك عەلی شەعبان و پاسەوانەکانەوە هیچ جۆرە بێ ڕێزییەکمان لەگەڵ نەکراوە. لەپاڵ خواردنی پێشمەرگایەتیدا هەر دوو سێ ڕۆژ جارێك یا لە ماڵی خوشکی من یا لەلایەن ماڵی خوشکی خوالێخۆشبوو عەلی برایم دەرویش کە لە قەلادزە بوون دوو سێ مەنجەڵ چێشت و گۆشت و خواردن و میوەو چاییمان بۆ دەهات.

بەهۆی پێوەندیی دۆستانەم لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە هەباسی مامەند ئاغا خەڵکی گوندی بێتواتەش ڕێزیان لێدەگرتین. بەمجۆرە من هیچ کەمایەسییەکم نەبوو تا بەتەنها من تەنگاو بکا.

من هیچم نەکردووە. سەرۆك بارزانیو وەها لێپرسراوێتر لە نێویاندا کاك حەبیب و کاك دوکتۆر مەحموود شاهیدم بوون کە من بۆ تکاو لەسەر داوای دوکتۆر چووبوومە لای



هەواڵنامەی کتێب

سەرۆك بارزانی تا لە ئێوە تووڕە نەبێ لەسەر گرتنی خوالێخۆشبوو مامۆستا هەمزە عەبدوللا، ئیتر من بۆچی بگریم ؟!.

من لەپێش شۆڕشی ئەیلول دەوە بڕوام بە شەرعییەتی حکومەتی بەغدا لەسەر کوردستان نەمابوو. لەو رووەوە لەگەڵ دەیان لاوی کورد دەمەتەقەم لەسەر ئەو باسە کردووە، هەمیشە وتوومە تا میریی عێراق، بە گەلانی عەرەب و کوردو کەمەنەتەوەییەکانەوە بە بەشێ لە نەتەوەو وڵاتی عەرەب سەیر بکات ئەوا واتای کوردستانی عێراق وەك واتای قەیسەریی نەقیب و قەیسەریی وەسمان پاشای لێدێ. ئەگەر خۆمان بەو شێوە ناوهێنانە راهێنا ئەوا بۆ خۆشمان ئەوە دەسەلمێنین کە بەشێکین لە نەتەوەو وڵاتی عەرەب!.

لە رووبەری نووسینەکانی ئەوسادا دروشمی (کوردستان بۆ کوردو یەکسانی بۆ گەل)مان هەلگرتبوو. پەستییەك کە ئەوسا هەمبوو ئەوەبوو لیژنەی لێکۆڵینەوەکە قبووڵی پێشنیازەکەی بەندەی نەکرد کە لەگەڵ هەموومان لێکۆڵینەوە بکرێ گوناهکار کێ بوو سزا بدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا پەستیە من هەرچەندێ بووبێ، دنەی ئەوەی تیادا نەکردووم بچمە بن باڵی رژێم. ئەگەر خوانەکردە بهاتمایەسەر بڕیاری وەهاش ئەوا ئیحتیاجم بەوە نەبوو خۆم بخەمە پاڵ پۆلیسێ.

رۆژانی پاشتریش راستیی هەڵوێست و بۆچوونی خۆم سەلماندو لەدوای رێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970 یەکێ بووم لەو کەمە بەرپرسیارانەی قبووڵیان نەکرد فرمانی میری وەربگرن، تەنانەت بارزانیی نەمریشیان لێراسپاردم، لەگەڵ برای بەرێز کاك فرانسۆ حەریری کە بە تازەیی کرابووە قائیممەقامی چۆمان چووینە خزمەتی، فەرمووی: "برادەران دەڵێن ئەگەر تۆش وەك فرانسۆ حەریری ببیتە قائیممەقام." دەرەنجام لەچوارچێوەی رێزو ئەدەبدا عەرزمکرد: "ئامادەم گاوانی بکەم بەڵام نامەوێ فرمانی میری عێراق وەربگرم." لە ئێرانیش یەکێ بووم لەو کەمە کۆنە بەرپرسیارانەی شۆڕشی ئەیلول کە میوانداری سەفیری عیراقیم رەتکردەوەو نەچوومە ماڵی.

ئەوکاتە واتا ساڵی 1964 من خێزانم نەبوو تا دوای کوشتنی من ئەوان تەقاعدی وەربگرن. زیاتر لە سێ ساڵ بوو لە خێزانەکەم جیاببوومەوە. ئەوەی کە بڵێن کە من لەرووی شەرعیو یاساییەوە من لێی بەرپرسیار بووم منداڵێکی چوارساڵان بوو، بە دەستکەوتی نیوە

دووکانەکەم کە لەگەڵ کاک ئەحمەد سوڵتان دا شەریکبووین دەژیێنراو ئەوە بێجگە لە دەها خزم کە لە خەمی منداڵەکەمدا بوون. دایکیشی، واتا کۆنە ژنەکەم خاڵۆزام بوو. ئەم بوختانەش وەك ئەوانی پێشووتر بەرهەمی رق و کینەو بێ زانیارییە. لە لاپەرە 7و8ی نووسینەکەیدا ئەمەی خوارەوەی نووسیوە: (بەرێز کاك سامی عەبدولرەحمان نامیلکەیەکی دەربارەی فاسدبوون و خراپیی مەسئوولانی شۆرشی ئەیلول بلاوکردبووەوە، وابزانم کەسی نەبواردبوو جەنابتی بە دزو جاسوس و ساواك ناوبردبوو کە دەمانچەت بێتەسەر راوی ئەوانە ئەکەیت سەر بە بارزانییە. تەبعەن ئەمە لەسەردەمی شای گۆڕبەگۆڕدا. پاش بۆ هێنانەوەیەکی بێ واتا لەسەر لاستیکی پشتی تایەی سەیارە. باشە تۆ لەگەڵ رووخانی شای گۆڕبەگۆڕدا بە چ پەرەپرووزەیەك لە ئێران هەڵهاتی ! نیازت هەیە لەوێ رابەرێتی بکەی؟. وەك چۆن خواڵێخۆشبوو ئیمام خومەینی لە دەرەوەی ئێران نەواری بە دەنگی خۆی ئەناردو هانی گەلی ئێرانی ئەدا کە راپەرن و شای گۆڕبەگۆڕ لەسەر تەخت لابەن، ئێستا جەنابتان لەوێوە نووسراو ئەنێرن بۆ هەندێ مەسئوولین کە بە ناوی خۆیانەوە بلاوی بکەنەوە. ئەمجارە ئەتەوێ کلاو لەسەر کێ بنێیت؟ تۆ خیانەتت لە بارزانی نەمەر کرد.

با ئەوەش بڵێم بۆ مێژوو؛ پەنادانی تۆ لای بارزانی‌و حیزبەکەی بوو بە هۆی ئەوەی بوترێ پارتی‌و بارزانی لە کانی ماسی خەڵکیان کوشتووە. لەوێوە دەستە خوێناوییەکانت بە هەرکەسێ بسرێت نە لە ترست کەم ئەکاتەوە نە ئەشتوانیت پاکانە بۆ – ناڵێم حیزب، چونکە حیزب نین و – ئەوانەش بکەیت کاژیکن یا کاژیك بوون. لە کۆتاییدا ئەڵێم کورد وتوویەتی ( ئەوی بە فێڵ و چاوبەست و کەڵەك بژی بەبێ ئەجەل ئەمرێ ). با ئەم سێ چوار دێرە هۆنراوەیەشت عەرزکەم:

( وڵات گەر لێی برا فریاد رەس – ماڵی وێرانە بێ دەس و بێ کەس
ئەگەر حوکمی فەرمانرەوا فەوتا – .... . ئەرشێتەوە لە مزگەوتدا )

حەمە رەشید شانە
21 /10/ 1999 سلێمانی

هەوراز نامەی کتێب

ئەوانەی لەبن باڵی بارزانیی نەمرداو تاشکستی شۆڕشی لە خزمەتدا بوون پاشتر بە شێوازێکی رەخنەگرانە لەسەردەمی رژێمی شای ئێراندا نامیلکە یا کتێبیان لەسەر شۆڕشی ئەیلول نووسیوە. بەڕێزان کاك دوکتۆر مەحموود، مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا بوون نەك بەڕێز سامی. لەو دوو نامیلکەیەشدا بە چاك یا خراپ ناوی من نەهاتووە.
وەك تۆ نووسیوتە کاك سامی نامیلکەی نووسیوەو کەسی لە مەسئوولان نەبواردووە، ئەوا نووسەری نامیلکە ناوی تۆو خۆی بواردووە، چونکە هەریەکەتان بەشێوەیەك بەرپرسیاریتان دیوە لە شۆڕشدا !.
وەك لە ساڵەکانی پێش پەنجاکانەوە بووە بە باو، هەرکەس راو بۆچوون و هەڵوێست وەرگرتنی لەگەڵ راو هەڵوێستی هەندەك دەسەڵاتدارانی ناو رێکخستنەکەی خۆی کاری تێدا دەکا جووت نەبووێ‌و کوێرانە ملکەچ نەبووبێ ئەوا دراوەتە بەر وتەی نابەجێ‌و بەیانات.
لەو راگوزەرەدا کەم هەن لەلایەن برادەرەکانی خۆیان یا لەلایەن لایەنە نەیارەکانی رێکخستنەکانەوە بە قسەو بەیانات بە یەکتریان کردووەو یا پاشانیش ئاشتبوونەتەوەو دەست لەملان بوون و لە دەزگا حیزبی‌و ئیدارییەکاندا بوونەتە دەسەڵاتدار. چەندین بەیاناتی وەهام لەلا هەن، بەڵام بە بەرژەوەندیی کوردی نابینم بڵاویانبکەمەوە.
لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، ئەوکاتە کاك سامی سکرتێری قیادەی موەقەت بوو، بەیانێك بڵاوکراوەتەوە دژی کۆمەڵێ خەڵك. بەڵێ، لەو بەیانەدا ناوی بەندەی تیادا بووا. هەر ئەو کاتە نامەیەکم بۆ بەڕێزان جوانەمەرگ کاك ئیدریس و کاك مەسعود نووسی. ناوەڕۆکی بەیانەکەم رەتکردەوە.
لە دوای نیسکۆی شۆڕش من و هەزارانی وەك من لە خاوەن خێزان و بێ خێزان ناوی خۆیان نووسی کە بچن بۆ ئەورووپاو ئەمریکا، تەنانەت ئەوکاتەی سەفارەتی ئامریکا لە تاران لەلایەن خوێندکارانی رێبازی ئیمامەوە گیرابوو، لەگەڵ خوالێخۆشبووان کاکە شێخ حسێنی خانەقاو شەهید عەبدولڕەحمانی قازی‌و یادبەخێر مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا وەك موتەرجم چووینە چاوپێکەوتنی قونسوڵی ئامریکایی بۆ سۆراخی داواکانمان. لەوەوبەر بەڕێزان کاك فەلەکەدین کاکەیی‌و کاك خالید تەها لەلایەن ئاڵمانەوە

وەرگیرابوون. کاك خالید بەهۆی باری تەندروستییەوە وەرنەگیراو کاك فەلەکەدین یش پەشیمان بووەوە. ژمارەی هەردوو خێزانەکەی ئەوان چوارده کەس بوون.
لەسەر فرمانی بەڕێزان کاك ئیدریس ی جوانەمەرگ و کاك مەسعود و من و کاك جەمال نامیق خراینە شوێنیان کە بە هەردوو خێزانەکەمان ئێمەش چوارده کەس بووین و بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئاڵوگۆڕە برای هێژاو ئازیز کاك موحسن دزەیی راسپێررا جوامێرانە ئەنجامیدا. بەو جۆرەو بەبێ پەرەپرووزەو لەسەرخۆو بە شێوەیەکی رەسمیو پاش چوارمانگ تێپەربوون بەسەر نەمانی رژێمی شادا لە رێگەی فڕۆکەخانەی میهرئابادی تارانەوە ئێرانم بەجێهێشت. برادەرو دۆستەکانیش لەگەڵمان هاتن بۆ بەڕێکردنمان بۆ فڕۆکەخانە.
دەبوایە پێش ئەوەی ئەو هەواڵە نادروستەت بنووسیایە، بیرت لەوە بکردایەتەوە خێزانێکی حەوت کەسی، پێنجیان منداڵبن و گەورەکەیان دە ساڵان بێ چۆن دەتوانن بە پەلەپرووزێ لە وڵاتێکی گەورەی وەك ئێران دەربچن.
دووەم: سەبارەت بە نامەنووسین بۆ مەسئولین و ڕێبەریکردن تا دەگاتە کڵاو لەسەرکردن!!!.
خوا لێت خۆشبێ، جارێ بە ئوسامە بن لادن بەراوردم دەکەیت و جارێك وەك ئیمام خومەینی !. ئەویان بە تیرۆریست و تاوانبار سەیردەکەیت و ئەمیان بە ڕێبەرو پیاوچاك. پێتوایە تایبەتمەندییەکانی هەردووکیانم تێدا کۆبووبێتەوە؟!!.
لە باشووری کوردستان بە کردەوە دوو ئیدارەی رامیاریو بەڕێوەبردن هەیە، سەران و زۆربەی دەسەڵاتدارانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکە کۆنە هەڤاڵ و کۆنە هاوڕێی شۆڕشمن. دوژمنایەتیەکم لەگەڵیاندا نیە تا خەڵکی دژیان هانبدەم. بەپێچەوانەی رەشبیری جەنابتانەوە، ئارەزوو ئاواتم هەر ئەوە بووە کە بگەنەوەیەك و ئاشتیو تەبایی لە کوردستاندا بچەسپێو بۆ هەمیشە توندڕەویو شەڕ گۆڕبەگۆڕ ببێ. کە مەودا نەدرێ بە هیچ دووڕوو و توندڕەوێك بارەکە بشێوێنێ. هەمیشە غەمناکی باری ناهەمواری گەلەکەم بووم. ڕوو لە ئاسمان پاڕاومەتەوە کە شەڕی خۆکوژی دووپات نەبێتەوە، پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دانەڕێزنرێ، هەرکوردێك هەستی کوردایەتیە هەبووبێ، با پێبەندییەکی بە

هەولێرنامەی کتێب

کوردبوونی خۆیەوە بووبێ هەرچەند دووربووبێ خۆی پێ نەگیراوەو بێدەنگ نەبووە بەرامبەر بە شەڕی خۆکوژی بە شێوەیەك بێزاریو نارەزایی بەرامبەر درێژەپێدانی شەڕ دەربڕیوە. هەندێکیش هەندە تووڕەبوون، لەداخا هەردوو بەرەی شەڕیان بە ناپاك سەیرکردووە. منیش هەندەکجار لەگەڵ برادەرانیتردا هاوبەشیم لە نووسینەوەی نارەزایی کردووەو راو پێشنیازیان بۆ راگرتنی شەڕو چارەسەری ناکۆکییەکان پێشکەشکردووە. کە رێککەوتننامەی ئاشتی لەنێوان بەڕێزان کاك مەسعود بارزانیو مام جەلال لە واشینتۆن ئیمزاکرا، ئێمە کوردەکانی دانیشتوانی ئەوروپاو ئامریکا هەواڵی ئەو رێککەوتنەمان وەك موژدەیەکی خۆش بەیەکتر راگەیاند. کاتێکیش کە سستی کەوتە پیادەکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەکە ئێمەش وەك هەموو خەڵکی کوردستان خەم و پەژارەو ترسی نەچەسپاندنی ئاشتیو دووبارەبوونەوەی شەڕ بوونە سەرباری خەمانمان. ئیتر هەوڵو تەقەللاکان خرانە خزمەتی راگرتنی ئەزموونەکەی ئێستا، ئەویش هەر بە جێبەجێکردنی خاڵەکانی رێککەوتننامەکە دابین دەکرێ. هەرکەس دەسەڵاتداریێ دەناسێ، پەنای بۆ بەرێو زیانی درێژەدان بە ناکۆکی بخاتە پێش چاو.

لە روانگەی بۆچوونی بەندەو هەندەك برادەریتر، هەندەك خاڵ هەبوون کە لەوانە بوون ببنە تەگەرە لە رێگەی چەسپاندنی ئاشتیدا. بەلای منەوە، لە هەموویان گرنگتر خاڵی هەڵبژاردنی گشتی بوو. بەڵێ، لەپێناوی پاراستنی ئاشتیو لەپێناوی بەرژەوەندیی بەرزی گەلی کوردستاندا نامەیەکم بۆ برادەرێکی خۆشەویست ناردووە، لەنێویا پێشنیازی دوو شێوازە هەڵبژاردنم کردووە کە بە نێزدیکی وەك دەقی شێوازی هەڵبژاردنە لەم وڵاتەو ئەوەی نامەکەم بۆ ناردووە بۆمنووسیوە؛ ئەگەر پێشنیازەکەت لا چاك بوو بە ناوی خۆتەوە پێشکەشی بکە. بە هەردووڵاشم داوە. برادەرەکەم لەلای باش بوو، ئەوەی من نووسیومە داوای خەڵات و پایە نییە، دنەکردن نییە دژی کەسێك یا لایەنێك، فرمان نییە دابێتم بە کەسێك ئەنجامی بدات. خوا لێت خوش بێ ! ئەو پێشنیازە چۆن ناوی دەنێی کڵاو لەسەرکردن و لەهەمان کاتیشدا رێبەرایەتی ! کە هیچیان نییە. هەر لە لاپەڕە 7و8 دا نووسیویوتی: "تۆخیانەتت لە بارزانی کرد !."

پێش ئەوەی بارزانی بناسم و بیبینم، هێشتا لە وڵاتی شوورەویی کۆن بوو. لە سلێمانی بە نهێنی وێنەکەی دەفرۆشرا، من یەکێك بووم لە کڕیارانی وێنەکەی. دوای هاتنەوەش لەگەڵ سەدان لاوی‌تردا دروشمی نەنووسراوی (بارزان بارزان بارزانی بەڕاستی پاڵەوانی)م لەسەر شەقامەکانی شاری سلێمانیدا چڕاندووە. کە بەرەکانی بازیان و دەربەندیخان لە ڕۆژانی 10و 11 /1961/9دا شکان، هیوای گەورەم بارزانی بوو کە ئەو نائومێدییەی ئەوسا بکاتە ئومێد. بۆیە نامەیەکم بۆ نووسیو پێوەندیم پێوەکرد. هەر لەوساوە تا ئەوکاتەی ئەو زاتە کۆچی دوایی کردووە، دڵسۆزانە ئەو پێوەندییەم پاراستووە. لە بەڕێکردنی تەرمی پیرۆزی بارزانیدا هاوبەشیم کردووە. لەگەڵ بەڕێزان مامۆستا هەردیو شەهید کاك عەبدەلڕەحمانی قازی بە یەك سەیارە چووینەتە گۆڕستانی شاری شنۆو گەڕاوینەتەوە. لە هەموویا زۆربەی ئەو کۆبوونەوانەی پێش یا پاش کۆچی دوایی بارزانی ڕێکخراون هاوبەشیم تێداکردوون و بە ڕاشکاوییەوە بیروڕای خۆمم لەسەر هەر باسێکدا دەربڕیوە.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت بەسەر کۆچی دوایی سەرۆك بارزانیی نەمردا، بەیانێ بڵاوکراوەتەوە ناوی منیشی تێخراوە.

لە ڕوانگەی بیرو بۆچوون و زانیاریی خۆمەوە، ئەوساو تا ئێستاش ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لەبن دەستدایە هەڵوێستیان بەرامبەر بە دۆزی کورد نەگۆڕاوە، هەموویان دەیانەوێ وەك لەمەوبەر گەلی کورد بە ژێردەستەیی بمێنێتەوەو درێژە بە دادۆشینی کوردستان بدەن. هەمیشە هەوڵیانداوە کورد وەك کوتەك و کۆمەڵ بکەنە وەرەقەی فشار بۆ بەرهەڵستیی یەکترو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ناوەکیو دەرەکییان. ئەگەر ئەوسا یەك زەرڕە ڕاو هەڵوێستی خوانەکردە دژ یا ناجرم بەرامبەر بە دۆزی گەلی کورد ببوایە یا ترسێ لە دڵ و دەروونمدا ببوایە، وەك دەیان و سەدان خەڵکیتر خۆم لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕێکدەخست، یا وەك جەنابت و سەدان برادەریتر دەچوومە ژێر باڵی ڕژێمی عێراق. من هیچ یەك لەو ڕێگایانەم ئیختیار نەکردو لەسەر بەرنامەی چوونە هەندەران بەردەوام بووم. کە گەیشتمە ئاڵمان برادەرێ و ماڵێ کە لێمان نزیك بوو، لەژێر فشاری چوونەوەی هەندەك لە برادەران لە ئێرانەوە بۆ عێراق و پێوەندیکردنی ئەوان بەوو منەوەو هانیانداین بۆ گەڕانەوە.



کەوانامەی کتێب

برادەرەکەم بڕیاری گەڕانەوەیدا، لەگەڵیدا خەریکبووم کە نەگەڕێتەوە، سوودی نەبوو. دواجار تکای ئەوەم لێکرد کە چەك بۆ ڕژێمی عێراق هەڵنەگرێ دژی گەلی کورد. ئەو لە وەرامدا وتی: "بەڵێن بێ ئەگەر ناچارم بکەن بۆ چەك هەڵگرتن خۆم دەکوژم." تا ئێستا نەمبیستووە خراپەی کردبێ. بە ڕۆیشتنەوەی ئەوو خێزانەکەی بۆ شایەکی گەورە کەوتە باری ژیانی خێزان و منداڵەکانم. هەردوکمان خەڵکی شارێ بووین. لە ساڵی 1963وە لە ریزی پێشمەرگایەتیدا یەکترمان لە نێزدیکەوە ناسیبوو، مەودایەکی زۆر لە ئاوارەییەکەماندا دراوسێ بووین، هاموشۆمان لەگەڵ یەکتر گەرم بوو، منداڵەکانمان دڵیان بەیەکتر خۆش بوو، هەر لەژێر فشاری ئەوو خێزانەکەیدا ئێمە خۆمان لەم شارە هێشتەوە، بەلام بەداخەوە، دوای دوومانگ لەیەك دابڕاین. لەدوای ڕۆیشتنەوەی ئەو لەوانەی چووبوونەوە ژێر باڵی ڕژێم. بە تەلەفۆن و نامەو تەنانەت بینینیش هانیان دەدام بۆ چوونەوە، باسی پارەی زۆرو ژیانی خۆشیان بۆدەکردم. بە هەموویانم ڕاگەیاند کە ڕژێم دوژمنی گەلی ئێمەو داگیرکەرەو جێی موتمانە نییە.ئەمە لەلایەك، لەلایەکیترەوە هەندەك دۆست و برادەرە کۆنەکانم کە ببونە نەیار بەرامبەر بارزانیی نەمرو کاك ئیدریسی جوانەمەرگ و کاك مەسعود، دەیانویست سوود لەو بەیانە وەربگرن و تورەکەن لە وەچەکانی بارزانیو خودی بارزانیی نەمرو ئەوانەی کارم لەگەڵدا کردوون. سەرەڕای ئەوانە لەرووی باری ژیانەوە، لەوپەڕی باری نزمیدا دەژیاین، حکومەتی ئاڵمانیش کە خۆی قبوڵی کردبووین و هێنابوونی، وتیان یاسا گۆڕاوە. بۆ ڕاگرتنی بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی عێراق دا خێزانی من و دەیان خێزانیتری ناونا پەنابەری ئینسانیو داوایان لێکردم کە داوای پەنابەرێتییە سیاسییەکە بکێشمەوە. سەبارەت بەو گرفتە کۆپیی ئەو نامەیەی بە رەسمیو بە زمانی ئاڵمانیو عەرەبیو کوردی بۆم هاتبوو پەیوەندیم بە بەڕێزان دوکتۆر جەمال نەبەزو کاك دوکتۆر کەمال فوئاد کردو نامەکەم بۆ ناردن و ڕایان وابوو کە پەنابەرییە ئینسانییەکە قبوڵ بکەم. هەر لەو بەینەدا، دوو کۆنە برادەری شۆرشیان ناردەلام کە ڕازیم بکەن بچمەوە عێراق، بەلام هیچیان ڕوویان نەهات ئەو باسەم لەگەڵدا بکەنەوە. پاشتر کۆنە برادەرێکیتریان ناردبوو بۆ ڕازیکردنی خەڵکی کوردی باشوور بۆ گەڕانەوە. بە ئاگاداریی برادەرێك یەکترمان بینی، گەلێکی لەگەڵدا وتم کە ڕازیمکات بۆ

چوونەوە. منیش گەلەکم هەولّدا بە بەلگە تێبگەیێنم کە رژێم دوژمنی گەلی کوردە. دەرئەنجام من دژ بە رژێمی داگیرکەرو ئەو هاوکار لەگەلّ رژێمدا لەیەك جیابووینەوەو بەداخەوە ئەو تائێستاش لە خزمەتی رژێمدایە !. برادەرانیترم کە بەهۆی شکستیی شۆڕشی ئەیلولەوە کەوتبوونە لای ئەو لایەنە نوێیانەی دوای شۆڕش دروستبوون و دەهاتنە لام بە نوێیاندا هەلچەدەدا سەروبوری گوناهەکانی هۆی سەرنەکەوتن و شکستیی شۆڕشیان دەخستە ئەستۆی بارزانیی نەمر. بەوانیشم وت: "بەلای ئێوەوە بارزانی لەکوێو لە چیدا هەلّەی کردووە ئێوە دووبارەی مەکەنەوە. کام پێوەندیی ئەو لەگەلّ دەولّەتانی دوورو نزیك بە خێر نەگەڕایەوە بۆ دۆزی گەلی کورد. ئێوە خۆتانی لێ لادەن. کام کردەی ئەوتان بەلا چاك بوو بەرێزەوە سەیری بکەن و چاوی لێ بکەن. بارزانی وەك هەر کەسێکیتر مرۆڤ بوو، بەلاّم بارزانی مرۆڤێکی چاك و دلّسۆز بووە بۆ گەلی کورد. بەپێی سەلیقەو توانایی خۆی دلّسۆزانە خزمەتی گەلی خۆی کردووە. کە باسی مێژووی گەلان دەکرێ باسی یەکیەکی ئەندامانی کۆمەلّگا ناکرێ، تەنێ بەزۆری هەر باسی ئەوانەیان دەکرێ کە لە مەیدانێکدا بەدەرگەوتوون، ئەگەر ئێمە کردەکانی بارزانیو سەرانیتری کۆچکردووی خۆمان بە نائەرێتی بدەینە پێنووس و بیاندەینە بەر تیرو توانج ئەوا مێژووی گەلی خۆمان ئەشێوێنین." فشارە نەیارو نامۆکان بەرامبەر بیرو بۆچوون و هەلّوێستی من گەلەك بوون، بەلاّم پشت بە خواو بە خۆو پشوودرێژیو دەرنەچووم لە شێوازی نەرمی ئاسایی خۆم نەکەوتمە ژێر تین و تاوی هیچ یەکێکیانەوە. جا کاك حەمە رەشید، پێت خۆشبێ یا خێر، پێت وابێ یا نا! من لەو پێشمەرگە دلّسۆزانەی شۆڕشی پڕ شکۆی ئەیلول م کە لەبن بالّی بارزانیدا خزمەتی گەلی خۆمم کردووە. لەسەرەتای شۆڕشیەوە چۆن پێوەندیی خۆمم بە پاکی لەگەلّ بارزانیی نەمردا راگرتبوو، لەدوای کۆچی دوایی ئەویش و تا ئێستاو تا گیان لە تەندا بێ، پارێزگاری پێوەندیی گیانیم بە گیانی نەمری ئەوەوە راگرتووەو رای دەگرم و بەوپەڕی رێزو تەقدیرەوە لە رابوردووی ئەو دەڕوانم و هەرگیز وەك تۆ پشتی تێناکەم. لە سالّی 1993دا سەردانەومیەکی وولاّتم کرد. لە پرسەی خزمێکی یادبەخێر کاك حەمە رەشید حەمووش ئاغا لە خانەقای مەولانا خالید یەکترمان بینی. پاش سلاّوو ماچ و مووچ، لە بەردەمی خۆم و کاکە حەمە رەشیدی حەمووش ئاغاو ئەوانەی دەوروبەرو

ئەوانەی لەگەڵ مندابوون سوێندت بە شەرەفت خوارد کە بەو بینینەی من هەندە شادو دڵخۆشی وادەزانی تازە لەدایك بووی!. کە لێمپرسیت: "چی ئەکەیت؟" مەبەستم ئیش و کاری ئاسایی بوو. لە وەرامدا وتت: "ئێستا لەگەڵ ئەمانم. پیاو لەگەڵ ئەوانداب کەر دەبێ. "باشە تۆ وەك خۆت وتت لەگەڵ ئەمانی، ئەمانیش ئەمرۆ دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوان. بەلای منەوە هەردوو فەرمانڕواییەکەی سلێمانیو هەولێرو هەموو کوردستانی ئازادکراو بۆ دانیشتوان خەونێکی خۆشەو لەوەبەر ئەو ئازادیو سەربەستییەیان بەخۆیانەوە نەدیوە، منیش لەگەڵیان نزام ئەوەیە فەرمانڕەواییەکە هەر بەدەست کوردەوە بمێنێ و ئاشتیو ئارامی بچەسپێ، کەچی جەنابت لە کۆتایی وەرامەکەتدا ئەمەت نووسیوە:

( وڵات گەر لێی بڕا فریادڕەس – ماڵی وێرانە بی دەس و بێ کەس

ئەگەر حوکمی فەرمانڕەوا فەوتا – . . . . ئەرشێتەوە لە مزگەوتدا )

حەکمی بەعس بە فەرمانڕەوا دەبینی؟ پێت وایە ئێستا کە ئەوان فەرمانڕەواییان لەسەر کوردستان نەماوە خۆت یا خەڵکیتر بەبێ دەس و بێکەس ئەبینی؟ ئەی ئەگەر ئەمان بە فەرمانڕەوا سەیر ناکەی، چۆن لەگەڵیاندای؟ یا بۆ خۆشت نازانی ئەوەت بۆچی نووسیوە؟.

ب: لە درێژەی شۆڕشی ئەیلول دا من رۆژێ لەرۆژان بەرپرسی پارەو جبەخانەو ئازووقەو شتکڕین نەبووم، تەنهاش لەو کارانەدا دەشێ مرۆڤ هەڵبخەڵەتیو تەماع هانی بدات بۆدزی. بە شانازییەوە دەڵێم، بە شاهیدی هەموو ئەوانەی کە لەبن دەستیاندا کارم کردووە، یا لەگەڵمەدا بوون، نەك هەر دز نەبووم و دزیم نەکردووە، بەڵکو راوەدزم کردووە. پێشمەرگەکانی لەگەڵمەدا بوون لەهیچ پێشمەرگەیەکیتر تێرترو پۆشتەتر نەبوون. لەو رووشەوە کەوتبوومە بەر گلەو گازاندەی هەندێکیان. دەبێ ئەوەش بڵێم هەموو پێکەوە لەبن چادرو رەشماڵ یا ژوورێ دەژیان و شتێکی زیادو تایبەتیم نەبوو.

لە کۆتایی ساڵی 1965دا باری دارایی شۆڕش زۆر کز بوو. بۆ هەر ژەمە یەکی نانێکمان هەبوو. دوان لە پێشمەرگەکان بە ناوی شێخ رەئووفی شێخ عەبدەللا بەرزنجیو جەمال عومەر رەشید مانیان گرتبوو وتبوویان تێر نابین. کاك دوکتۆر مەحموود ئاگادارە، ئەوکاتە لە گەڵی بەدران بووین. دوای ئەوەی قسەم لەگەڵ کردن شێخ رەئووف پەشیمان بووەوەو جەمال داوای گوازتنەوەی کرد بۆ لقی4، یادیان بەخێر لەهەرکوێیەبن. کاتێکیش پارە

پەیدا بوو مانگانە دراو لەدەوروبەری ئازاری 1970دا مانگانەکەم زیادکرا، یارمەتییەکەی منیش زیادکرا. ئەوکاتە کاك سامی بەرپرسی بەشی دارایی بوو، زیادەکەم رەتکردەوە. کاك سامی سوپاسی کردم، وتی: "ئەوە یەکەمجارە کەسێك بڵێ ئەوەی وەریدەگرم بەسە."

ئێمە ئەوانەی لە کەرەج دانیشتبووین بە رەسمیو نارەسمی، سەر بە بارزانیی نەمر بووین. بێجگە لە چەند پاسەوانێکی ماڵی بارزانی، کە بە رەسمی ئیجازەیان پێدرابوو چەك هەڵگرن، کەسمان چەك هەڵگر نەبووین. لەسەر فرمانی بارزانی، پێش چوونمان بۆ ئێران، چەکەکانم تەسلیمی بەڕێز کاك ئەحمەد حاجی ی بەرپرسی ناوچەی حاجی هۆمەران کردبوو. رۆژی 1975/3/23 سەرۆك بارزانی، کاك ئیدریس و کاك عەلی خۆشەویو بەندەی نارد بۆ شنۆ بۆ تەگبیرکردنی رزگاربوونی هەزاران ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی دەڤەری بادینان کە لەسەر سنوور بەفرو سەرماو برسێتی هەڕەشەی مردنی لێ دەکردن. بە شاهیدی ئەوان و برای ئازیزم کاك قادر عومەری هاوەڵزاوام کە لەگەڵمدا بوو، چوومە ئێران. ئێمە سەد ماڵ بووین لە کەرەج، هەموومان لەگەڵ یەکتر پێوەندیمان هەبوو، یەکترمان بەسەردەکردەوە. خێزانەکانمان هاموشۆی یەکتریان دەکرد. رۆژانە یا حەفتانە سەردانی ماڵی بارزانیمان دەکرد. بیروڕای لەیەك چوو لەیەك نەچوو لە نێوانماندا هەبوو، بەڵام هەرگیز بەبێ رێزی سەیری یەکترمان نەدەکرد. ئەوانەی سەر بە بارزانی بوون دەیان هەزار بوون، ئیتر چۆن یەك کەس راوی ئەو هەموو هەزارەهایەی پێدەکرێ ؟!. پێش ئەوەی وەرامەکەی کاك حەمە رەشید ببینم، لە پرسەیەکدا برادەرێ وتی: "نیازی وایە لەگەڵ چەند برادەرێك وەرام بنووسێتەوە." لەبەرچاوی چەند برادەرێ و چەند خزمێکدا وتم: "من سەروبەری گوناهی ئەو رووداوەم نەخستۆتە ئەستۆی ئەو. راستییەکان چۆن بوون بەیانم کردوون، ئەویش مافی رەوای خۆیەتی داکۆکی لەخۆی بکا، گرنگ ئەوەیە لە باسی نووسینەکەی من دەرنەچێ." کەچی بەداخەوە، لەجیاتی داکۆکی بابەتانە، بەبێ زانیاریو لەژێر فشاری رەقیو تووڕەبووندا ئاماژەی بۆ شتانێ کردووە نە راستن و نە پێوەندییان بە نووسینەکەی منەوە هەیەو وەك نیمچە جوێننامەیەکەو ناکەوێتە خانەی داکۆکییەوە. ئەم وەرامەی منیش تەنها روونکردنەوەیە لەسەر ئەو شتانەی ئەو باسیکردوون کە دەبوو بێ وەرام نەمێنن.

سالّح محەممەد ئەمین

# لیژنەی ئاشتیو برایەتی لە سلێمانی*

لە مێژە نەتەوەی کورد تاڵاوی براکوژی دەچێژێو لێبۆتە "مارەکەی شێخ هۆمەر"و لە گەردنی ئاڵاوە، هەر بۆیە لەو بارەدا کە جەنگی کەنداوو راپەڕین و کۆڕەو هێنایانە ئاراوە، خەڵکی کوردستانی باشوور، ئەوەندەی دڵیان بەو پێکەوەکارکردنەی لایەنە سیاسییەکانی ناو کوردستان خۆشبوو، بە "بەرەی کوردستان"و بەوانەشیانەوە کە لە دەرەوەی بەرەدا بوون، لەوە زیاتر ترسی هەڵدانەوەی ئەو دەردە سامناکەیان لێنیشتبوو، بە پەرۆشیشەوە بەرووی هۆکاری ژیانەوەی سەرەمارەکە دەبوونەوە، تا جاریکیدی لێیان زیندوو نەبێتەوە، درێغیشیان لە سەرپانکردنەوەیدا نەدەکرد. سەرەتا کە چەند کرژیو پێکدادانێکی چەکدارانە لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا بەرپا بوو، کە هەمیشە یەکێ لە دوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان "پارتی دیموکراتی کوردستان" یان "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" لایەنێکی بوون، دڵسۆزانی نەتەوە، تا بەر لە ئاگرەکە بگرن و نەیەڵن بتەنێتەوەو تەڕو وشک پێکەوە بسووتێنێ، دەکەوتنە نێوانیان و هەوڵی خۆیان دەخستە گەڕ. خۆ لە کاتی هەڵبژاردنە کەم وێنەکەی ساڵی 1992دا، کە دەکرێ ئەمیش وەك کۆڕەوەکە بە راپرسییەکی تری دژ بە رژێمی ژینکوژی بەعس دابنرێ، خەڵکەکە بە پەرۆشییەکی واوە ریزیان بۆ گرتبوو، وەك بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان بێ، رۆژنامەنووس و چاودێرە بیانییەکانی سەرسام کردبوو، کەسانێکی پەککەوتەی واش پێیان لە کەسوکاریان دادەگرت تا لەو دەنگانەی یەکبینە خەونیان پێوە دەدی بێبەری نەبن. هەندێکیان دووکەس لە بن باڵیانداو بە چاوی پڕ لە فرمێسکی خۆشیو شادییەوە دەهێنرانە سەر سنووقی

دەنگدان. سۆزی دۆست و دوژمنیان دەبزواند. هەر لەو کاتەدا دڵەڕاوکێو ترسێکی زۆر خەڵکە مارانگازەکەی گرتبوو..ئەوەندەی دڵسۆزان مشووری خەفەکردن و کەمکردنەوەی ناکۆکیی نێوان دوو پارتە سەرەکییەکەیان بوو، دوژمنانی کوردی کڵۆڵ، کە بێگومان کەم نین، خەریکی زیندوکردنەوەو کای کۆن بەباکردن بوون، چونکە دۆست و دوژمن لە کارەساتی شەڕی نێوان دوو هێزی هاوسەنگ گەیشتبوون.. سەرەتای ئایاری 1994، جارێکیدی بە پەیدابوونەوەی ناکۆکیی ئاواتی دوژمنان هاتە دیو ئەو شەڕە کاولکەرە هەڵگیرسا کە سەراپای کوردستانی گرتەوەو ناوی شەڕی خۆکوژیی لێنرا!

دامەزراندنی **لیژنەی ئاشتیو برایەتی لە سلێمانی:**

دانیشتوانی کوردستان بە هەموو توێژو چینێکەوە، جا لە ریزی پارتە سیاسیەکاندا بووبێتن یان سەربەخۆ، درکیان بە مەترسیو ناهەمواریی ئاگرەکە کرد، بۆیە لە زۆر لاوە هەوڵدرا رێگە لە تەنینەوەی بگیرێ.. نیشتمانپەروەران و رۆشنبیران و دڵسۆزان و سەرجەم حزبەکانیدیی ناو کوردستان چمکی مەردانەیان لێ هەڵکردو بە یەك دەنگ بە رووی شەڕدا وەستان. لەو پێناوەداو بۆ یەکخستنی هەوڵەکان چەندین کۆمەڵ هاتەکایەوە. یەکێك لەوانە "لیژنەی ئاشتیو برایەتی" بوو کە لە سیمانی دامەزرێنرا. سەرەتا بە ئامادەبوونی 40 تا 50 کەسێك چەند کۆبوونەوەیەك لە بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان" سازکرا. نوێنەرانی ئەو حیزبەو هەریەك لە: زەحمەتکێشانی کوردستان، سۆشیالیستی کوردستان، دیموکراسیخوازان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، فیدراسیۆنی کرێکاریو رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان و بە دەیان کەسایەتیی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری سەربەخۆی گەلەکەمانی لەخۆ گرتبوو. رۆژی 14 ی ئایاری ئەو ساڵە، راگەیاندنێکیان بۆ جەماوەری خۆڕاگری گەلەکەمان بڵاوکردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

راگەیاندنێ لە لیژنەی ئاشتیو برایەتییەوە بۆجەماوەری میللەتە تێکۆشەرە خۆڕاگرەکەمان: لەم بارودۆخە سەختەدا کە ئاگری شەڕی براکوژیی نێوانی ی ن ك – پ د ك ی هەڵگیرساوەتە داوێنی میللەتەکەمان نابێ هیچ کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە ئاستی ئەم شەڕەدا، بەتایبەتی ئێمەی بەتەنگەوەهاتووی چارەنووسی میللەتەکەمان، دەستەوەستان

بوەستێ، چەنکە زیانی ئەم شەڕە سەرجەمی هاووڵاتیان دەگرێتەوەو دەستکەوتەگرنگەکانی میللەت دەکەوێتە مەترسیی لەناوچوون.

ئێمەی رۆشنبیران و ئەدیبان و پیاوانی ئایین و یاساناسان و پزیشکان و سیاسییەکان و کاسبکاران و سەرجەمی نیشتمانپەروەران، بۆ دانانی سنووریّ بۆ ئەم شەڕە کوشندەیە، رێککەوتین لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک بە ناوی ( لیژنەی ئاشتیو برایەتی ) تا بە هەموو توانامان تێبکۆشین بۆ گەڕاندنەوەی باری ئاساییو ئاشتیو برایەتی بۆ وڵاتەکەمان، تا زێتر کار لە کار نەترازاوە.
بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو هاووڵاتیەک دەکەین دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات و لە هیچ کردارێکی بەسوود دریغی نەکات بە مەبەستی راوەستاندنی ئەم شەڕەو پاراستنی حکومەتە ساواکەمان لە مەترسیی داڕمان و لەکیسچوونی ئەو دەستکەوتانەی کە بە خەبات و قوربانیی دەیان ساڵ و بە فرمێسک و کاولکاریی بەدەستهێناوە.
با بەرگری لە ئەزموونی دیموکراسی بکەین. با شەکاوەبێ ئاشتیو دیموکراسیو ئازادیو برایەتی لە کوردستاندا.

**سلێمانی**
**لیژنەی ئاشتیو برایەتی**
1994/5/14

کاتژمێر دەو نیوی سەرلەبەیانیی رۆژی پێنج شەممەی 1994/5/19 بە مەبەستی هەڵبژاردنی دەستەیەکی بەڕێوەبەر، بە ئامادەبوونی 35 ئەندام کۆبوونەوەیەکی گشتی لە مەڵبەندی یەکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرا.
سەرەتا مامۆستا "بەهادین نووری" بەرپرسی دیموکراتیخوازان، بە چەند وشەیەك مەبەستی کۆبوونەوەکەی راگەیاندو ئەمجا سەبارەت بە هەڵبژاردنی دەستەیەکی بەڕێوەبەری لیژنەکە، وای پێشنیار کرد لایەنەکان خۆیان نوێنەر دیاری بکەن و بە هەڵبژاردن نەبێ، واشی پێباش بوو کە رێکخراوی مافی مرۆڤ بە لایەن دانەنرێ. هەر ئەندامێکی خۆی پاڵاوت و دەنگی پێدرا رێکخراوەکە بیکاتە نوێنەری خۆی. کاك "سەفوەت رەشید سدقی"ی پارێزەر لە وەڵامی ئەو قسەیەدا رای خۆی وا راگەیاند، کە پێویستە رێکخراوەکە لایەن بێت. پێشنیاری کرد کە بارەگای مافی مرۆڤ بکرێتە شوێنی هەمیشەیی

دەستەی بەڕێوەبەری لیژنەکە. پێشنیارەکەی کاك سەفوەت بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. بەدوایدا باری ئەو رۆژگارەو چۆنێتیی هەوڵی لیژنەکە، بە دووروودرێژی لێدوانی لەبارەوە کرا. پاشان حەوت لایەنەکە بەم جۆرەی خوارەوە نوێنەری خۆیان دیاریکرد: "حەمەشوان رەسووڵ" نوێنەری حیزبی شیوعیی کوردستان، "بەهمەن حسێن" نوێنەری حیزبی زەحمەتکێشان، "تایەر رەئووف باباعەلی" نوێنەری حیزبی سۆشیالیست، "عومەر ئەحمەد بەرزنجی" نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامی، "قادر میرزاکەریم" نوێنەری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان، "سەمەد محەممەد ئەمین" نوێنەری فدراسیۆنی کرێکاران، "سالّح محەممەد ئەمین" نوێنەری رێکخراوی مافیمرۆڤ لە کوردستان. هەشت ئەندامی سەربەخۆش لەوانەی کە خۆیان پالاوت، بە دەنگدانی نهێنیو بەم جۆرەی خوارەوە هەڵبژێرران: "فاتمە ئەحمەد عوسمان" 32 دەنگ، "تەها بابان" 32 دەنگ، "فاروق مستەفا رەسولّ" 31 دەنگ، "دوکتۆر فوئاد بابان" 30 دەنگ، "دوکتۆر سەلاح عەلی رەشە" 27 دەنگ، مامۆستای خوالێخۆشبوو "محەممەد ئەمین حەسەن" 25 دەنگ، "شێخ مەحموود شێخ کاوە حەفید" 22 دەنگ، "سەفوەت رەشید سدقی" 21 دەنگ .. پانزە ئەندامەکەی دەستەی بەڕێوەبەریش، کاتژمێر 7ی ئێوارە لە بارەگای رێکخراوی مافی مرۆڤ کۆبوونەوەو لەناو خۆیاندا، بە رێگەی دەنگدانی نهێنی مەکتەبێکی سێ ئەندامیان هەڵبژارد، کە بریتی بوون لە "سالّح محەممەد ئەمین" 15 دەنگ، "فاروق مستەفا رەسولّ" 13 دەنگ، محەممەد ئەمین حەسەن" 8 دەنگ.

## هەوڵەکانی لیژنەکە:

لیژنەکە لە یەکەم رۆژی دامەزراندنییەوە زۆر بە جدیو بە پێی بەرنامە کەوتە بەجێهێنانی کارەکەی، کە لە سەردانی لێپرسراوانی هەردوولایەنی شەڕو هەوڵدان بۆ تەسککردنەوەی ئەو کەلێنەی لە ئەنجامی ماوەی شەڕەکەدا کەوتبووە نێوان دوو حیزبە شەڕکەرەکەوەو پەنابردنە بەر جەماوەرو نارەزایی دەربڕین و کۆڕبەستن و راگەیاندن و پێشنیارو ئامادەکردنی پرۆژە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە خۆی دەبینییەوە، نەك وەك ئەو دوو لایەنە داوایان لێدەکردو پێشیان لێ دادەگرت کە ببێتە حەکەم و بگەڕێ بەدوای

راستییەکانداو حوکم بدا. بەوەش دەیانخستە خانەی یەکێ لە دوو حیزبەکەوەو رۆڵی خۆی لەدەست دەدا .. ئەمەی لای خوارەوە کورتەیەکی چالاکییەکانێتی:

## یەکەم: سەردانەکان

رۆژی 1994/5/15 کۆمەڵێکی بیست کەسی لە ئەندامانی لیژنە سەردانی هەر یەك لە: مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەڕێز پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانییان کرد تا نارەزایی خۆیان بەرامبەر شەرو پێشێلکردنەکانی دەربڕن و داوای هێورکردنەوەی بارە ئاڵۆزەکەیان لێبکەن. لەلای پارێزگار، پێ لەسەر ئەوە داگیرا کە: پێویستە لێپرسراوانی حکومەت وەك ئەندامی حیزبێ رەفتار نەکەن و بەرژەوەندیی هەموو دانیشتوان رەچاوبکەن، نەهێڵن کەس لەسەر بیروڕای جیاواز بگیرێ، رێنەدرێ بە بێ پرسی دادگا ماڵان بپشکنرێ. بە یەك چاو مامەلەی یاسایی لەگەڵ هەمواندا بکرێ..

سەعات حەوت و نیوی ئێوارەی هەمان رۆژ کۆبوونەوەیەکی فراوان لە بارەگای "لیژنەی سلێمانی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان" سازکرا ، بە تێروتەسەلی باسی دانانی بەرنامەیەکی گۆك کراو لەسەر بینینی لایەنی دووەم رێککەوتن، تا دەنگی نارەزایی هاووڵاتیان بەوانیش بگەیێنرێ. رۆژی دواتر 94/5/16 23 ئەندامی بەرەو شاری هەولێر بوونەوە. سەردانی هەریەك لە: لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان/یەکگرتوو، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان/یەکگرتوو، بەڕێز دوکتۆر ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کرنگرەی نیشتمانی یەکگرتووی عێراقیانکردو باری سەرنجی خۆیانیان سەبارەت بە شەڕەکە لەگەڵدا باسکردن.

5/17 شادەکە سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانیکرد. پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان/یەکگرتوو لە سەلاحەدین چاوی بە بەڕێز مەسعود بارزانی کەوت و دەنگی خۆی خستە پاڵ هەموو ئەو دەنگانەی بە رووی شەڕدا دەچوونەوە.

5/27 هەوڵدرا ئەو کۆمەڵانەی دژ بە شەڕ دامەزرابوون لەگەڵ یەکتریدا هاوئاهەنگبن، بۆیە شادێکی 18 کەسی هاوبەش لە "لیژنەی ئاشتیو برایەتی"و "کۆمیتەی رۆشنبیرانی

ئاشتیخوازی سلێمانی" بەرەو شاری هەولێر بوونەوەو لەوێ سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانی: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان/یەکگرتوو، حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی ئاشووری)یانکرد. لەم سەردانەدا سەرەڕای زیانەکانی شەڕو ناهەموارێتی لەسەر دانیشتوانی کوردستان، بۆ دەرچوون لەو قەیرانە پێشنیاری بەستنی "کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان"کرا، کە هەموو لایەن و کۆمەڵ و رێکخراوو کەسانی سەربەخۆی نیشتمانپەروەر هاوبەشی تیادا بکەن..

5/29 شانێکی هاوبەش لە "لیژنەی ئاشتیو برایەتی" و ' کۆمیتەی رۆشنبیرانی ئاشتیخواز" بەشداریی لەو کۆڕەدا کرد کە لە هۆڵی رۆشنبیرانی هەولێر، 49 حیزب و رێکخراوی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە مەبەستی هەوڵێکی هاوبەش بۆ رێگرتن لە زیاتر تەنینەوەی شەڕەکەو پێکهێنانی "لیژنەی ئاشتی" لە هەولێردا بەسترا .. بەهۆی تەقوتۆقێکی زۆرەوە کۆڕگێڕان دواکەوتن و کۆڕەکەش زیاتر لە سەعاتێ دواکەوت و سەعات شەش و نیوی ئێوارە دەستیپێکرد. دوای خوێندنەوەی وتارەکان، هەر لایەنە نوێنەری خۆی بۆ "لیژنەی ئاشتیی هەولێر" دیاریکردو هەڵبژاردنی سەربەخۆکانیش خرایە رۆژی دواتر.

7/21 سەعات 10ی ئێوارە لە بارەگای رێکخراوی مافی مرۆڤ کە بارەگای لیژنەی ئاشتیو برایەتی"ش بوو، دەستەی بەڕێوەبەری لیژنە چاوی بە خاتوو "هانیا موفتی" بەرپرسی فایلی عێراق لە "رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ – لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی"و کاك هۆشمەند زەید عوسمان"ی ئەندامی هەمان رێکخراو کەوت. دوای بەخێرهاتنیان، سەبارت بە بارودۆخی ئەو رۆژەو کارگەرێتی شەڕە کاولکارییەکە بیروڕا گۆڕڕایەوەو ئەوانیش بە چاکی ئیشەکانی لیژنەکەیان هەڵسەنگاندو پشتگیریی خۆیان بۆ ئەمجۆرە کارانە نیشانداو گرنگییان بە سەربەخۆیی لیژنەکە دا..

7/23 لە ئەحمەد ئاواسەردانی بزووتنەوەی ئیسلامی کراو لەوێ چاویان بە بەڕێز "شێخ محەممەد رازی" ئەندامی مەکتەبی عەسکەریان کەوت و سەبارەت بە بارودۆخی ئەو کاتەو ناهەموارێتیی شەڕ قسە کرا.. هەر هەمان رۆژ لە هەڵەبجە سەردانی لقی سێو چواری پارتی دیموکراتی کوردستان/یەکگرتوو کراو لەگەڵ بەڕێز عارف تەیفوری بەرپرسی لقی چوار باسی ئەو گرفتانە کرا کە شەڕ لە ناوچەکەدا هێنابوونیە ئاراوە..

# لیژنەی ئاشتیو برایەتی لە سلێمانی

22/ 8 کۆمەڵێکی چل کەسی سەردانی بەڕێز "مام جەلال"ی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان لە قەڵاچوالان کرد. بەو بۆنەیەوە دانیشتنێکی گەورە سازکراو 15 کەس سەبارت بەو شەڕە نەگریسە راو بۆچوونی خۆیانیان دەربڕیو پێشنیارەکانی لیژنەکەیان دووبارەکردەوەو پێیان لەسەر بەستنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان داگرت. پاشان بەڕێز "مام جەلال" وەڵامی سەرجەم پرسیارو بۆچوونەکانی دایەوەو ئاواتی سەرکەوتنیشی بۆ لیژنەکە خواست..

21/ 9 شادێکی 25 کەسی لیژنەی ئاشتیو برایەتی سەردانی هەولێری کرد. سەرەتا سەری لە بارەگای حیزبی "زەحمەتکێشانی کوردستان"دا، کە کرابووە بارەگای لیژنەی ئاشتیی هەولێر. لەوێ چاویان بە بەڕێز "قادر عەزیز"ی سکرتێری حیزب و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبەکە کەوت. شادەکە ئێوارەی ئەو رۆژە، چاوی بە دەستەی بەڕێوەبەری لیژنەی ئاشتیی هەولێر کەوت. بەڕێز "عەبدولخالق زەنگەنە" بە دووردرێژی چۆنێتیی دروستبوونی لیژنەکەی خۆیانی باسکردو هیوای خواست کە ئەم دوو لیژنەیە ببێتە بەردی بناغەی بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە لە سەرتاسەری کوردستاندا، هەمان داخوازیش لە کۆبوونەوە گشتییەکانی لیژنەی سلێمانیدا پێشنیارکرابوو، بۆیە پێشنیارەکە پەسەند کراو بڕیار درا بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەی مانگانە، هەرجارەی لەلایەك ببەسترێ.. ( بە داخەوە تەنیا دوو کۆبوونەوە، یەکێکیان لە سلێمانیو ئەوی دیشیان لە هەولێر بەستراو دواتر لیژنەی ئاشتی هەولێر پاشەکشەی کردو مەسەلەکە هەروا مایەوە!) پاشان هەواڵی کۆبوونەوەی ئەو رۆژەی لیژنەی باڵای ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەی راگەیاند، کە بە ئامادەبوونی بەڕێزان "مەسعود بارزانی"و مام جەلال" لە پەرلەمان بەسترابوو، هەردووکیشیان رێککەوتبوون، لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەدا هەریەکەو سەرکردایەتیی لیژنەکە بکا.. پاشان سەردانی "کارگێڕی بەرەی کوردستان"ی کرد، کە بەڕێزان "مەلا حەسەن – حیزبی شیوعیی کوردستان، نازم عومەر – یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوکتۆر جەوهەر – زەحمەتکێشانی کوردستان" پێشوازیی لیژنەکەیان کرد. لەوێش بیروڕا سەبارت بە ئەرکی ئاشتیخوازان گۆڕڕایەوە..

**ساڵح محەممەد ئەمین**

9 /22 سەعات یانزەونیوی سەر لەبەیانی ئەو رۆژە سەردانی پەرلەمان کرا، لەلایەن بەرێزان، جەوهەر نامیق سالم – سەرۆکی پەرلەمان" و "روشدی عەزیز- جێگری سەرۆك" پێشوازیکران، لەبارەی بەستنی کۆنگرەی نیشتمانییەوە، کە یەکێك بوو لە پێشنیارەکانی لیژنەکەو کەچی بۆی بانگهێشت نەکرابوو، گازندەی خۆی راگەیاند. هەردوو بەرێزیش بە دووروردرێژی باسی کۆبوونەوەکانی رۆژی پێشتری لیژنەی باڵای ئاساییکردنەوەی باری ناوخۆیان کردو سوپاسی رۆڵی هەردوو سەرکردە "مام جەلال و کاك مەسعود"یانکرد، هیوای گەورەشیان بە ئاکامەکانی ئەو کۆبوونەوانە هەبوو..

هەر لەو رۆژەدا لیژنەکە سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانی کردو، لەلایەن بەرێزان: "کەریم ئەحمەد – سکرتێری حیزب" و "مەلا حەسەن – ئەندامی مەکتەبی سیاسی" و چەند ئەندامێکیتری مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندییەوە پێشوازی کرا، وەك هەموو جارێکیدی پشتگیریی تەواوی خۆیان بەرامبەر هەوڵەکانی لیژنەکە دەربڕیو هانیاندان کە لە ئەرکە پیرۆزەکەیەندا بەردەوامبن و کۆڵنەدەن..

دواتریش سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کراو لەلایەن بەرێز "مامۆستا سەلاحەدین محەممەد بەهادین – ئەمینداری گشتی"یەوە پێشوازی کرا. بەرێزی لە وتەیەکی کورتدا پشتگیریی تەواوی هەوڵەکانی لیژنەکەی کردو بە چاکی هەڵیسەنگاند، باسی ئەوەشیکرد کە ئەوان هەرگیز ئیمانیان بە چەك و شەڕ نییەو بیریش لەوەناکەنەوە رۆژێك لە رۆژان، بۆ چارەسەری هیچ گیروگرفتێ پەنای بۆ بەرن ، بەبێ ناوبردن، دڵتەنگی خۆشی بەرامبەر بە هەڵوێستی لایەنە ئیسلامیەکانی ناو شەڕەکە دەربڕی..

سەعات چواری ئێوارەی هەمان رۆژ، لە سەلاحەدین سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا، لەلایەن بەرێزان "سامی عەبدولرەحمان – ئەندامی مەکتەبی سیاسی" و خوالێخۆشبوو "فرانسۆ حەریری – ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی"یەوە بە گەرمی پێشوازیکران. سەرەتا ئەندامێکی لیژنەکە بە کورتی باسی هەوڵەکانی لیژنەکەی کردو خۆشحاڵیی خۆشیانی بەرامبەر بڕیاری ئاساییکردنەوە دەربڕی. پاشان کاك سامی پشتگیریی خۆیانی بۆ لیژنەکە نیشانداو گرنگیی ئەم جۆرە بزووتنەوانەی لە ئاستی دنیادا باسکردو

## لیژنەی ئاشتیو برایەتی لە سلێمانی

ئاواتی خواست لیژنەکە خۆرسك بێ. لە وەڵامی ئەو بۆچوونەداو یەکەمینجار چاوپێکەوتنی ئەو بەرێزەوە، ئەندامێکی لیژنەئامانج و مەبەستەکانی دروستبوونەکەی روونکردەوەو رایگەیاند: کە دروستبوونی ئەم لیژنەیە لە سەرەتاوە بۆ هێنانەدیی ئاشتیو تەبایی دروستبووەو تا لە تواناشیاندابێ لە نێوان دوولایەنی شەڕەکەدا بە سەربەخۆیی دەمێنێتەوە. دواتر بە دووروودرێژی قسە لەسەر بارودۆخی ئەو رۆژە کرا..

هەر ئەو ئێوارەیەو لە سەلاحەدین سەردانی بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی کرا، لەوێش چاویان بە بەرێزان "خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عوسمانعەبدولعەزیز"ی رابەری بزووتنەوەو "مامۆستا عەبدولغەنی" ئەندامی مەکتەبی سیاسی کەوت و سەبارەت بە ئاشتیو بارودۆخی ئەو رۆژەی کوردستان دووان. بەرێز رابەری بزووتنەوە، هەمان ئەو پێشنیارەی بۆ بوونە ئەندامی لیژنەی ئاشتیی هەولێر کردبووی دووبارەکردەوەو بایەخێکی زۆری بە ئەرکەکانی هەردوو لیژنە دا..

سەعات هەشتی هەمان ئێوارە لە هەولێرو لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان سەردانی بەرێز "کۆسرەت رەسوول"ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەرۆکی حکومەت کرا. لیژنەی ئاشتی لەو سەفەرەیداو لە هەموو چاوپێکەوتنەکانیداو لای هەموو لاکان هەڵسوکەوتی ئەو کاتانەی سەرۆکی حکومەتیان بەچاکی هەڵسەنگاند، کە زیاتر وەك سەرۆکی حکومەت رەفتاریکردووە نەك وەك ئەندامی حیزبێك. خۆشحاڵیی خۆشیان سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی بارو دۆخەکە دەربڕی .. پێویستە ئەوەش بووترێ کە لەو سەفەرەدا دوو ئەندامی لیژنەی ئاشتی هەولێر بەشداریی هەموو چاوپێکەوتنەکان بوون.

1994/12/19 دەستەی بەرێوەبەری لیژنەلەسەلاحەدین سەردانی بەرێز کاك مەسعود یانکردو جگە لە باسکردنی بارودۆخی ئەو کاتەو هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتیو زاڵبوون بەسەر کۆسپەکاندا، یادداشتێکی نووسراویشیان پێشکەش بە بەرێزی کرد، کە تیایدا پێشنیارکرابوو تا لەسەر رۆژی حسابکردنی داهاتەکانی گومرگەکان رێکدەکەون، سلفەیەکی (100-150)ملێون دیناری بە حکومەت بدرێ تا ئەرکەکانی خۆی پێبەرێوە ببا. بەرێزیشی پێڕاگەیاندن کە، ئێستا بەرێزان "جەوهەر نامیق"ی سەرۆکی پەرلەمان و "فازیل میرانی"

بۆ کێشەی داهاتەکان چوونەتە سەردانی بەڕێز "مام جەلال"و بە هیوان چارەسەری کێشەکە بکرێ..

1994/12/22 هەر هەمان کۆمەڵ لە قەڵاچوالان سەردانی بەڕێز "مام جەلال"یانکردو باری سەرنجی خۆیانیان راگەیاند، هەرچەند بە گوێرەی ئەو بروسکانەی پەیتا پەیتا دەخرایە بەردەستی نیشانەی قەومانی شتێك بوو، بەڵام کۆبوونەوەکە هەر بەردەوام بوو و دواتر خۆی پێڕاگەیاندین لە شەقڵاوە شەڕەو چەندجارێ تکای لە بەڕێز کاك مەسعود کردووە شەڕەکە رابگرێ، بەڵام بێ سوودە..

## دووەم: راگەیاندن:

لیژنەکە بایەخێکی تایبەتی بە راگەیاندنەکانی دابوو تا لە رێیانەوە هەم هەوڵەکانیو هەم رای خۆی بەرامبەر بە رووداوەکانی ئەو رۆژگارە دەربڕێ. بۆیە لیژنەیەکی کارامەی راگەیاندنی پێکهێناو چەندین بەیاننامەو بانگەوازو کۆڕی تەلەفیزیۆنیو جەماوەریی بەست. ئەمانەی لای خوارەوە گرنگەکانین:

1994/5/19و بەدوای راگەیاندنی 5/14ی دامەزراندنی لیژنەکەدا، بانگەوازێکی بۆ جەماوەر دەرکردو باسی هەوڵەکانی خۆی تیادا کردو بەم جۆرەش کۆتایی هێنا:

لیژنەکە داوا لە هەردوولا دەکا کە نیازپاکی بەرامبەر یەکتر دەربخەن و شەڕو پێکدادان رابگرن و لە سەرانسەری کوردستاندا هەموو جۆرە دەستدرێژییەك بۆ سەر ماڵانی هاووڵاتییان قەدەغە بکرێو بارەگا داخراوو داگیرکراوەکانی هەردوولا بگێڕرێتەوە بۆ یەکتری. خەڵك لە هەرلایەك بێ، بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێو حکومەت لەبری میلیشیای حیزبی دەستبەکار بێ...

1994/7/14 لیژنەکە پرۆژەیەکی* بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی حوکم لە کوردستان ئامادەکردو بە لیستی ناوی سەرجەم ئەندامەکانییەوە پێشکەش بە هەموو لایەنەکەیانکرد، لەبەر گرنگیی پرۆژەکە بە پێویستم زانی دەقەکەی لە خوارەوە بڵاوبکەمەوە:

## دەقی

## ( پرۆژەی لیژنەی ئاشتیو برایەتی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی حوکم لە کوردستان دا )

سەرکەوتنی راپەڕینی ئازاری 1991و رامالینی دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی حوکمی دیکتاتۆریی بەغدا لە بەشێکی زۆری کوردستانی عێراق دا، بارودۆخێکی نوێی هێنایەکایەوەو ریگای بۆ لەدایکبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشکرد، وەك دەستکەوتێکی نەتەوەیی دیموکراسی بۆ گەلی کوردی چەوساوە لەسەر رێگای بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە مافی چارەنووسی خۆیدا.

کاتێک کوردستان لە سوپاو دەزگاکانیتری بەعس پاککرایەوە، درندەترین دوژمنی گەلەکەمانمان بەزاند... ولاتێکی کاولکراوو ئابوورییەکی داڕووخاو بوو. ئەو حکومەتە نیوەبەنیوەیە بەجێما کە لەپاش هەلبژاردنی ئایاری 1992 دامەزرێنرا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان/یەکگرتوو کە ئەم حکومەتە تازەیەیان گرتەدەست. لەباتی پلاندانان بۆ ئاوەدانکردنەوەو چارەسەرکردنی باری پەشێویی ئابووریو چەسپاندنی شێوەیەکی دیموکراسیو شارستانیی نوێ لە بەرێوەبردنی فەرمانرەوایی کۆرپەی هەرێمدا.. ناکۆکیو ململانێ بۆ دەست بەسەراگرتن و فراوانکردنی بازنەی دەسەلاتەکانیان بوو بە ئەرکی سەرەکیی خۆیان و دیاردەی هەرە دیاری دواکەوتووانەی ناو کۆمەلگای کوردستان و لە سەرەتای ئایاری ئەمسالدا بە تەقینەوەیەکی خوێناوی دژ بە بەرژەوەندیی گەلی کورد کۆتایی هات و قۆناغێکی نوێ لە جۆری پەیوەندیی ئەم دوو هێزە گەورەیەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا دەستی پێکرد. لە هاوپەیمانێتیی ستراتیژییەوە، جارێکیتر بوون بە سەنگەرگیر لەیەکتر لە شەرێکی ناوخۆی بەربلاودا.

ئێمە کە بەشدارییەکی دلسۆزانەمان بۆ راوەستانی ئەم شەرە کردو هەولی زۆرمان دا بۆ رێگا گرتنەبەری ئاشتییانەو دیموکراسییانەی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە پڕ کارەساتە..

رامان وایە تەنیا بە ئاشتبوونەوەی ئەم دوو هێزەو گەڕانەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بە هەمان شێوەی کارو هەمان پێکهاتەی رابوردووی سەرنەکەوتوو چارەسەری کێشەکە ناکاو دەبێتە هۆکاری پێکهەڵپژانێکی توندترو ئاڵۆزتر.

دەستنیشانکردنی هۆیەکانی ئەم ناکۆکییە، کە بە شەڕی ناوخۆ ئەنجامی هات و دۆزینەوەی راستترین رێگا بۆ چارەسەرکردنێکی دیموکراسییانە، بە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر دەزانین لە پێناو سەرخستنی ئەم ئەزموونەو بەرەو پێشبردنیدا.

لەم روانگەیەوە.. لیژنەی ئاشتیو برایەتی چەند کربوونەوەیەکی پێکهێناو ئەندامەکانی بە درێژی لەم بارەی ئێستای کوردستان دووان و وەک بەشدارییەکی هەست بە بەرپرسیاری ئەم پرۆژەیە دەخەنە بەردەم جەماوەری گەلەکەمان، هەتا لەگەڵ پرۆژەکانیتری حیزب و رێکخراوو کەسانی نیشتمانپەروەردا هەڵبسەنگێنرێو سوودی لێوەربگیرێ.

## بەستنی
## کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی

بۆ قووڵبوونەوەی نوێنەرایەتیی راستەقینەی جەماوەری کوردستان و بەگەڕخستنی تواناو زانین و شارەزایی رۆڵەکانی گەلی کورد، کە پابەندی تەنیا پەنجا بە پەنجای سەرنەکەوتووی تاقیکردنەوەی پێشوو نەبێ، بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانیی فراوان بە ئەرکێکی هەرە گەورە دەزانین بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی حوکم و رێگاگرتن لە بەرپابوونی شەڕێکی ناوخۆیدی.

ئەم پێشنیارەمان لەدایکبووی رۆژانی یەکەمی ناکۆکییە چەکدارەکەیەو ئەم بانگاشەیەبۆ یەکەم جار لەم لیژنەیەوە سەری هەڵدا.

پێشنیارمان بۆ پێکهاتنی کۆنگرەو بابەتەکانی باس و لێکۆڵینەوە تیایدا بەم جۆرەیە:

## پێکهاتنی کۆنگرە

کۆنگرە لەم لایەنانە پێکبێ:

1-یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتیکوردستانی یەکگرتوو، هەموو حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی.



هەواڵنامەی کتێب

2-هەموو حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی دەرەوەی بەرەی کوردستانی کە لە واقیعدا خەڵکیان لەگەڵدایە.

3-نوێنەرانی کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینییەکانی کوردستانی عێراق.

4-نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییەکان.

5-کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو سەربەخۆکان.

6-نوێنەرانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا.

هەروەها بە پێویستی دەزانین نوێنەرانی ئەم لایەنانەش وەك چاودێر لە کۆنگرەکەدا ئامادەبن:

1-نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکانی هەموو کوردستانی گەورە.

2-نوێنەرانی کوردەکانی دەرەوەی وڵات.

3-نوێنەرانی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی یەکگرتوو INC .

## بابەتەکانی کۆنگرە

یەکەم: دانانی دەستوورێکی کاتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێ:

أ: دیاریکردنی جۆری پەیوەندیی نێوان هەرێم و حکومەتی مرکەزی لەسەر شێوەی سیستەمی فیدرالی.

ب: چەسپاندنی بنەما دیموکراسییەکان لە گشت لایەنەکانی بەڕێوەبردن و پەیوەندییەکاندا، بەتایبەتی لە بواری هوڵبژاردنی گشتیداو دانان بەوەدا کە گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە.

ج: دانپیانانی تەواو بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکان و سەربەستییە گشتیو شەخسییەکان.

دووەم: یاسای هەڵبژاردنی گشتی:

لە بەر ڕووناکیی تەجروبەی ئەم چەند ساڵەی خۆمان و سوود وەرگرتن لە ڕێڕەوی بەرەو پێشچوونی ئەم سەردەمەی جیهاندا، بە پێویستی دەزانین:

أ- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی، چاو بە شێوەی هەڵبژاردنی پێشوودا بگێڕێتەوەو بە وردیو قووڵی لە پەیڕەوکردنی جۆری هەڵبژاردن بکۆڵێتەوە. کامیان دەبنە ئەنجامی نوێنەرایەتیی راستەقینەی جەماوەر: جۆری دائیریی یا جۆری رێژەیی.

ئێمە لە کاتێکدا پەیڕەوکردنی هەڵبژاردنی دائیری بە چاکتر دەزانین، پێشنیاریش دەکەین کە ئەگەر زۆربەی ئامادەبووانی کۆنگرەکە جۆری رێژەییان هەڵبژارد، ئەوا دەبێ 7%ی هەڵبژاردنی رابوردوو کەمبکرێتەوە بۆ 1%.

ب: لەبەر نەگونجانی چەمکی رابەر لەگەڵ پێشکەوتنی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمەداو قوبوییو ئەرکی دەستەواژەی (سەرکردەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد)و نەگونجانیدا لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و ئاواتەکانی دوارۆژیشی، ئێمە داوا دەکەین ئەم یاسایە لاببرێو نەمێنێو هەتا هەڵبژاردنی گشتیی داهاتوو دەسەڵاتی رابەر لە یاساکەدا هەیە بسپێررێ بە لیژنەیەک بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەو دادگا دەستوورییەی لەم پرۆژەیەدا پێشنیارکراوەو ئەندامێتیی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

سێیەم: دامەزراندنی حکومەتێکی فرەلایەنیی کاتی:

ئەم حکومەتە لە فراوانترین پێکهاتەی حیزبیو رێکخراوو کەسانی تەکنۆکرات و سەربەخۆکان دابمەزرێو هەوڵ بدات هەتا هەڵبژاردنی تازەی چاوەڕوانکراو ئەم فرمانانەی خوارەوە جێبەجێ بکا:

1-دەستکردن بە سەرژمێریی دانیشتوان، بە پشتبەستن بە زانستی نوێو پسپۆڕی بەتوانا بۆ ئامادەکردنی هەل و مەرجێکی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی گشتیو مەبەستەکانیتری بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردستان.

2-کارکردنی بێ وچان بۆ دانان و جێبەجێکردنی پلانێکی پەلە بۆ گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی زەویو رەنگڕشتن بۆ هێنانەدیی کشتوکاڵێکی سەرکەوتووو ئاوادانکردنەوەیەکی سەرانسەریی کوردستان.

3-چەسپاندنی سەروەریی یاساو دابینکردنی ئاسایش و پتەوکردنی دەسەلاتی دادوەریو چاوگێڕانەوە بە پرۆژە قانوونییەکانداو گۆڕین و لابردنی ئەوانەی بۆ قۆناغی ئەمڕۆ ناشێن.

4-دامەزراندنی دادگایەك بە ناوی دادگای دەستووریی بالا، کە سەرپەرشتیی یاساو بڕیارەکانی حکومەت بکا.

5-هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاو لیوا تایبەتەکان و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و دامەزراندنەوەی سوپایەکی نیزامیی دوور لە دەسەلاتی حیزبایەتی، لەسەر بنچینەی ( تەجنیدی ئیجباریو تەتەوع ) کە هەموو هاوولاتیان بە یەك چاو تەماشا بکرێن و لەسەر هەمان بنچینە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشیش دابمەزرێنەوە.

6-چاوگێڕانەوە بە پێکهاتنی وەزارەتەکانداو دامەزراندن و لابردنی هەندێ وەزارەت و دروستکردنی پلەی وەزیری بێ وەزارەت بۆ بەڕێوەبردنی کاری تایبەتی.

7-نەهێشتنی ئێستگەو تەلەفزیۆنی حیزبەکان و لەبریی ئەوانە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی حکومەتی هەرێم پێکبهێنرێو ببەسترێ بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوەو پێویستە پشتگیری تەواوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بکرێو سەربەستیی تەواویان بدرێتێ.

8-دانانی بنەمای سیاسیو قانونیو ئیداری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە کوردستان دا.

9-دامەزراندنی ( مەجلیسی خدمەو قیوای عاملیە ) بۆ ڕێکخستن و پەیڕەوکردنی هەموو فەرمانەکان و باوەشکردنەوە بۆ بێکاران لەسەر بناغەیەکی دادپەروەرانە.

10-دامەزراندنی ئەنجومەنی پلاندانانی ناوەندی.

11-دانانی بودجەی گشتیی حکومەت و ئاشکراکردنی بڕگەکانی.

12-ڕێکخستنی بازرگانیی دەرەوە بە شێوەیەك بەرژەوەندیی ئابووریی کوردستانی تێدابێو لایەنە دەسەلاتدارەکان نەیخەنە ژێر دەستی خۆیان.

13-ئەنجامدانی پاکسازییەکی ڕاستەقینە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بۆ دوورخستنەوەی کەسانی دەستپیس و بێ توانا.

لە کۆتاییدا دەڵێین:

ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان/یەکگرتووو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەخۆبوردنیان تێدا بێ و بەرژەوەندیی گەلی کورد بخەنە پێش دەستکەوتە حیزبییەتەسکەکانی خۆیانەوە.... گەلی کورد لەم هەل و مەرجە مێژوویيەدا کە بۆی هاتۆتەپێشەوە، زیاتر لە پێویست کادری سیاسی و ئیداری و پسپۆڕو زانای هەیەو کوردستان خاوەنی سامانێکی سروشتیی گەورەیە کە ئەگەر ڕێگای بەرەوپێشچوونێکی هاوچەرخیی زانستییانە بگرێتەبەرو لەباتی کاروانی ڕاکردن و بەجێهێشتنی کوردستان، ڕێو شوێن دابنرێ بۆ گەڕاندنەوەی کادرو زانای کورد لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ خاکی نیشتمان. بە هەموو دەتوانین لە کوردستانێکی ئازادو گەشەداردا خزمەتی گەلێکی تێرو پۆشتەو ئازادو بەرەو شارستانێتی چوو بکەین.

- لیژنەی ئاشتی و برایەتی 1994/7/14 سلێمانی-

## لیستی ناوەکان

1–محەممەد ئەمین حەسەن — ڕۆشنبیر
2–تەها بابان — پارێزەر
3–دوکتۆر فوئاد بابان — پزیشک
4–سەفوەت ڕەشید سدقی — پارێزەر
5–فاروق مستەفا ڕەسوڵ — ئابووریناس
6–دوکتۆر سەلاح عەلی ڕەشە — پزیشک
7–فاتمە ئەحمەد عوسمان — لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی
8–مەحموود کاوە حەفید — خاوەن موڵك
9- سالح محەممەد ئەمین — نوێنەری مافی مرۆڤ
10–محەممەد شوان ڕەسوڵ — نوێنەری ح . شیوعی
11–بەهمەن حسێن — نوێنەری زەحمەتکێشان
12–تاهیر ڕەئووف باباعەلی — نوێنەری ح.سۆشیالیست
13–عومەر ئەحمەد بەرزنجی — نوێنەری ی. ئیسلامی
14–قادر میرزا کەریم — بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان
15–سەمەد محەممەد ئەمین — فیدراسیۆنی کرێکاران
16–فائق ڕەشید ئەحمەد — پارێزەر
17–لەتیف شێخ سەعید — حاکم
18–مەحموود بابان — پارێزەر
19–عەبدوللا سەید ئەحمەد — پارێزەر
20–ئەکرەم بابان — پارێزەر
21–محەممەد شێخ ئەحمەد — پارێزەر



ئەوالنامەی کتێب

## لیژنەی ئاشتی و برایەتی لە سلێمانی

| | |
|---|---|
| 22-نیهال سائیب | پارێزەر |
| 23-محەممەد سادق ئەحمەد | پارێزەر |
| 24-کەمال مستەفا قادر | پارێزەر |
| 35-جەمال محەممەد شەریف | پارێزەر |
| 26-رزگار محەممەد ئەمین | پارێزەر |
| 27-جەمال حەمەساڵح | پارێزەر |
| 28-کەمال رەشید عەلی | کاتب عەدل |
| 29-چالاك تاڵەبانی | حقوقی |
| 30-عەبدوڵلا زەنگەنە | رۆشنبیر |
| 31-مەلا عەبدوڵلا پەرخی | زانای ئایینی |
| 32-دوکتۆر نەوزاد عەتار | پزیشك |
| 33-دوکتۆر مۆفەق محەممەد رەشید | پزیشك |
| 34-دوکتۆر حیکمەت بابان | پزیشك |
| 35-دوکتۆر رەئووف رەحیم میرزا | پزیشك |
| 36-دوکتۆر عەبدولحومید ئیبراهیم | پزیشك |
| 37-دوکتۆر عوسمان محەممەد | پزیشك |
| 38-دوکتۆر فەرەیدون قوفتان | پزیشك |
| 39-دوکتۆر وەرزێر شاڵی | پزیشك |
| 40-دوکتۆر پێشرەو محەممەد ئەمین | پزیشك |
| 41-دوکتۆر نزار سەیدا | پزیشك |
| 42-دوکتۆر نزار محەممەد تۆفیق | پزیشك |
| 43-دوکتۆر محەممەد جەزا نووری | پزیشك |
| 44-دوکتۆر فوئاد مەجید فەرەج | |
| پسپۆری تووتن | |
| 45-شەونم محەممەد غەریب | ئەندازیار |
| 46-ئەمیرە عەلی عەبدولقادر | پارێزەر |
| 47-نەسرین میرزا حسێن | مامۆستا |
| 48-چنوور سدیق عەبدوڵلا | مامۆستا |

| | |
|---|---|
| 49-ئاواز عومەر عەلی | |
| پارێزەر | |
| 50-زەهاو جەمال | مامۆستا |
| 51-حەسەن زێوەر | ئەندازیار |
| 52-محەممەد مەجیب رەشید | ئەندازیار |
| 53-فەهمی تۆفیق | ئەندازیار |
| 54-مەحموود شێخ سەلمان | ئەندازیار |
| 55-ئەبوبەکر قادر | ئەندازیار |
| 56-محەممەد جەلال عەبدوڵلا | ئەندازیار |
| 57-کەمال محەممەد مستەفا | ئەندازیار |
| 58-حەمە سەعید حەمە عەلی | ئەندازیار |
| 59-محەممەد عەبدەڵلا ساڵح | ئەندازیار |
| 60-بەهمەن فائق | ئەندازیار |
| 61-محەممەد زەکی خورشید | ئەندازیار |
| 62-عومەر مەحوی | ئەندازیار |
| 63-رزگار گوڵ باخ | ئەندازیار |
| 64-عومەر حسێن ئەحمەد | ئابووریناس |
| 65-مەحموود محەممەد قادر | ئابووریناس |
| 66-عەلی محەممەد عەبدوڵلا | بەڕێوەبەری بانق |
| 67-دڵشاد محەممەد حسێن | ژمێریار |
| 68-شێخ قادر شێخ تەها | متقاعد |
| 69-مەحموود حاجی محەممەد مەعرووف | پیشەساز |
| 70-عەبدوڵلا کەریم عەلاف | کتێبخانەی گشتی |
| 71-نەورەس ئیبراهیم حەفید | خاوەن کتێبخانە |
| 72-ع ، ع ، شەونم | شاعیر |
| 73-محەممەد شێخ حسێن بەرزنجی | شاعیر |
| 74-فوئاد تاهیر سادق | نووسەر |
| 75-عەبدەڵلا میدیا | ئەدیب |
| 76-محەممەد ساڵح سەعید | ئەدیب |

| | |
|---|---|
| 77–رەفیق فەتحوللا | رۆشنبیر |
| 78–هاورێ محەممەد کەریم | رۆشنبیر |
| 79–محەممەد رونووف حەمە عەلی | رۆشنبیر |
| 80–سالار بەهادین | رۆشنبیر |
| 81–باباعەلی بەرزنجی | رۆشنبیر |
| 82–عومەر عەلی ئەمین | هەنەرمەند |
| 83–محەممەد حەمە سەعید حەسەن | هونەرمەند |
| 84–ئازاد جەمیل سائیب | پسپۆری کشتوکاڵ |
| 85–عەبدەللا سەراج | پسپۆری کشتوکاڵ |
| 86–جەمال حسێن ئاغا | فەرمانبەر |
| 87–شەماڵ موفتی | سەرۆکی کوردستانێکی سەوز |
| 88–عەبدوللا عەزیز | بەڵێندەر |
| 89–ئەمین شەوکەت | ژووری بازرگانی |
| 90–نەجمەدین رەشید | پیشەساز |
| 91–عومەر نووری | پیشەساز |
| 92–عەبدوللا فەرەج سوسێ | بازرگان |
| 93–عەبدولعەزیز حاجی مەعروف | بازرگان |
| 94–فەوزی رەمزی مەعروف | مامۆستا |
| 95–فوئاد مەحموود عەبدولکەریم | مامۆستا |
| 96–عەبدوللا محەممەد ئەمین | سەرپەرشتیار |
| 97–فەهمی ئەمین عەزیز | مامۆستا |
| 98–ئەکرەم قەرەداخی | سەرپەرشتکاری پەروەردە |
| 99–خەسرەو مستەفا | سەرپەرشتکاری پەروەردە |
| 100–رەئووف خەفاف | بازرگان |
| 101–عارف حاجی فەرەج | کاسب |
| 102–مستەفا بەختیار | سەرتاش |
| 103–محەممەد عەلی بەکر | بەڕێوەبەری ئامار |
| 104–ئەنوەر ئیبراهیم رەشید | سەرپەرشتکاری پسپۆڕ |
| 105–عارف کەریم | متقاعد |

*********

1994/11/1 لیژنەی راگەیاندنی ئاشتیو برایەتی بەیاننامەیەکی سەبارەت بە چالاکییەکانی ماوەی پێشووی دەرکرد..

1995/4/15 بە بۆنەی ئاگربەستی کاتیی نێوان هەردوو لایەنی شەڕەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد تیایدا هاتووە: ... هۆکارەکانی ئەم پێکدادانانە وەك چەندین جار وتوومانە ئەنجامی پێڕەوی نەکردنی دیموکراسییەت و ناسەرومریی یاساو گوێنەدانە بە رای گشتیو مافی مرۆڤ و دانانی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی لە سەروو بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە، بێ گوێدانە ئەو زیانانەی کە دەیگەیێنێ بە دوارۆژی گەلەکەمان...

ئێمە بە ناوی خۆمان و هەموو ئەوانەی بەتەنگ ئاشتیو چارەنووسی گەشی نەتەوەکەمانەوەن داوا لە هەردوو لایەنە شەڕکەرەکە دەکەین کە ئەمە ئاگربەستی کاتی نەبێو بەڵکو سەرەتایەك بێ بۆ ئاشتییەکی بنەڕەتی نەك هەر لە نێوان ئەو دوانەدا، بەڵکو

هەموو حیزب و هێزە چەکدارەکانیتریشدا. ئەمە خواستی راستەقینەی گەلەکەمانە کە ئەوان نوێنەرایەتییان دەکەن. ئەگینا نەوەی ئەمڕۆو داهاتوومان هەرگیز لێیان نابوورێ بۆ لەدەستدانی ئەم هەلە مێژووییە دەگمەنەی کە بۆمان رەخساوە...

1995/2/11 لیژنەی راگەیاندن بڵاوکراوەیەکی بە ناوی "ئاشتیو برایەتی"یەوە دەرکرد کە گەڵێباس و لێکۆڵینەوەی گرنگی لەخۆ گرت و کە تێکڕا لە خزمەتی ئاشتیدابوون..

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە راگەیاندنەکانی حیزب و رێکخراوەکانی ناو لیژنە بایەخی تەواویان بە بڵاوکراوەکانی دەداو لە تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەکانیانەوە شوێنی شیاوی خۆیان دەدرایە..

هەر لەو بوارەدا لیژنەکە چەندین کۆڕو سیمیناری تەلەفزیۆنیی بۆ ئەندامان و جەماوەر سازکرد کە ئەمانەی خوارەوە گرنگەکانیانن: لەو باوەڕەوە کە تەلەفزیۆن رۆڵێکی گرنگی هەیەو پێویستە جەماوەریش لە زۆربەی کارەکان ئاگاداربکرێن، بۆیە لە تەلەفزیۆنەکانی "ئازادی"ی حیزبی شیوعیو "سۆشیالیست"ی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان دوە چەندین کۆڕو مێزگرد بۆ ئەندامانی لیژنەکە سازکراو باسی بارودۆخی ئەو رۆژگارانەو هەوڵەکانیان تیادا راگەیاند..

1994/5/19 بۆ رونکردنەوەی هەندێ لایەنی سەردانەکانی 16 و 5/17 ، بەڕێزان "بەهادین نووری ، فاروقی مەلا مستەفا ، خوالێخۆشبوو حەسیب قەرەداغیی شاعیر ، تەها بابان" چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنییان سازکردو هەر شەوە لە تەلەفزیۆنەکانی ئازادیو سۆشیالیستەوە پەخشکرا..

5/31 چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی بۆ بەڕێزان "فاروقی مەلا مستەفا ، دوکتۆر فوئاد بابان ، فوئاد مەجید میسری ، خوالێخۆشبوو حەسیب قەرەداغی ، ئەکرەم بابان" بەستراو تیایدا باس لە بارودۆخی ئەو رۆژەو پێشنیارەکانی چۆنیەتیی چارسەری قەیرانەکە کرا.. کارێکی وا کرا کە لە کاتی پێویستداو بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی چاوپێکەوتنیتری لەو بابەتانە سازبکرێت..

لە هۆڵەکانی رۆشنبیریو بازرگانی چەند کۆڕێکی جەماوەرییانە بۆ بەڕێزان "فوئاد قەرەداغی" ئەندامی لیژنەو "دوکتۆر مەحموود عوسمان" و "عەبدولخالق زەنگەنە"ی

سەرۆکی لیژنەی ئاشتیی هەولێر سازکران.. لە 1994/6/17یشدا، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ "کۆمیتەی رۆشنبیرانی ئاشتیخواز"و کۆمیتەی دژ بە شەڕو بەرگری لە ئازادییە سیاسییەکان" کۆڕێکی هاوبەش سازکرا. بەڕێز "عومەر دەروێش"ی هونەرمەندو ئەندامی "کۆمیتەی رۆشنبیرانی ئاشتیخواز" وتاری هاوبەشی هەر سێ لای خوێندەوە، کە لیژنەیەکی شەش قۆڵیی هاوبەش دایڕشتبوو.. پاشان خوشکە "فاتمە ئەحمەد عوسمان" وتاری لیژنەی ئاشتیو برایەتی"و بەڕێزان "حەمە فەریق حەسەن"ی چیرۆکنووس وتاری "کۆمیتەی رۆشنبیرانی ئاشتیخواز"و "فەرەیدون" وتاری "کۆمیتەی دژ بە شەڕو بەرگری لە ئازادییە سیاسییەکان"یان خوێندەوە. دواجار وەڵامی پرسیاری دانیشتوان درایەوەو کۆتایی بەو کۆڕە هێنرا.. رۆژی داتریش، واتە 1994/6/18 کۆڕێ بۆ ئەندامێکی بێکارانی هەولێر سازکرا کە کۆمیتەی دژ بە شەڕ دەستنیشانی کردبو. بە دوای ئەوەدا دەبوا چەند پارچە شیعرێك بخوێنرێتەوە، بەڵام زۆربەی لایەنگرانی کۆمیتەی ناوبراو هۆڵەکەیان چۆڵکرد کە ئەوەش بووە هۆی دواخستنی ئەو بەشەی کۆڕەکەو تێکچوونی هاوئاهەنگیی نێوان هەر سێ کۆمەڵەکە..

هاوئاهەنگیی لیژنەو دوو کۆمیتەی ناوبراو تەنیا کۆڕبەستن و سەردانی لاکان نەبوو، بەڵکو گەلێك چالاکیی دژ بە شەڕیشی لەخۆ گۆتبوو: بڵاوکردنەوەی پۆستەراتی دژ بە شەڕ بە شوێنە گشتییەکانی شاردا، ئیمزا کۆکردنەوە لە دژی شەڕ... هتد.

**<u>دارایی لیژنە:</u>**

لە سەرەتای دامەزراندنی لیژنەوە، هەموو ئەندامان بەڵێنی کۆمەکیی تەوای لیژنەکەیان داو تا دوا رۆژی کارەکانی باری داراییان لە ئەستۆ گرت.. خەرجی لیژنەکە، جگە لە سەردان و پێویستییەکانی راگەیاندن و مانگانەی یەك دوو بەردەست، شتێکیتر نەبووە. راستە ئەوەش بۆ ئەو رۆژە کەم نەبوو، بەڵام سەرجەم ئەندامانی لیژنە لەو رووەوە درێخییان نەکردووەو تیایاندا بوو بە تەنیا بەشی زۆری خەرجەکانی دابینکرد..

**<u>دەرەنجام:</u>**

ئەگەرچی نەتەوەی کورد بە هەموو چین و توێژێکییەوە، لە دەرەوەو ناوەوە، بە خۆیو دۆستانییەوە، هەوڵێکی زۆری بۆ بەرگرتنی شەڕە نەگریسەکەدا، هەوڵەکانیش جاروبار کارگەرییان هەبوو، بەڵام بەداخەوە شەڕ چەند ساڵێکی خایاندو خوێنێکی زۆری لاوان و توانایەکی باشی گەلەکەمانی بەفیڕۆ دا، بەڵام کورد وتەنی "زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە"، بەو هیوایەی جارێکیدی پشتی هیچ باوك و برایەك نەشکێو سکی هیچ دایکێکی هەشبەسەری ئەو نەتەوە کڵۆڵە نەسووتێ، کە بە دەیان جرە چەکی بێبایەخی کوشندەی تیادا تاقیکرایەوەو کارەساتی وایان بەسەرهێنا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە درندەییدا بێ وێنە بوو. خاکی کوردستان بە رادەیەکی وا خەڵتانیخوێن کراوە، کە رەنگە رۆژێ بێ کانیو سەرچاوەکانی لەبری ئاو خوێنیان لێهەڵبقوڵێ. ئەوساش لەناوبردنی دانیشتوانەکەی پێویستیی بە کیماویو ئەنفال و شەڕی خۆکوژی نابێو هەر تینوێتی کوێریان دەکاو دەشیانتاسێنێ.. ئەو هەموو کارەساتە دەهێنێو پێویستیشە، ئەگەر بەرهەمێکی لێبکەیتەوە، ئەوا بۆ سەرجەم دانیشتوانی کوردستان بێو گەلەکە بەسەر پلەی جۆراوجۆردا دابەش نەکرێو حیزبایەتی نەکرێتە بنەمای نیشتمانپەروەرێتی. وەك چۆن وێرانکردنی گوندو ئەنفالکردنی ئەو سەدان هەزارکەسە، گوێی بە حیزبێتیو ناحیزبێتیی کەسیان نەداو تەنیا کوردێتییەکە بەس بوو کە جامی غەزەبی ژینکوژان بەسەریانا قلپبکرێتەوە، ئاواش خێرو شەڕی ئەو بارە نوێیە بە یەکسانیی هەمووان بگرێتەوە، نەك بەو شێوەیەی ئێستا، کە بەشێ لە مەڕیدا پەنجە لە قوڕگی وەردا تا شتێکی بهێنێتەوەو زۆربەشی لەتاو برسێتیو نەبوونی سك هەڵگوشێو رێی هات و نەهاتی هەندەرانیش بگرێتەبەر.. بەهیوام ئاشتیی ئەمجارەش بەر گوللەی وێڵ نەکەوێو باڵ بەسەر خاکەکەدا بکێشێو هەوڵی راستەقینەی واش بۆ چەسپاندنی بدرێ کە دڵی دۆستانی کورد خۆش و چاوی دوژمنانیش کوێربکا..!

دێلفت / هۆڵەندا / 21ی حوزەیرانی 2001

---

* سوپاس بۆ برای بەڕێزم کاك "سەفوەت رەشید" کە کۆپیی دەقی پرۆژەکەو چەند بەیاننامەیەکی گەیاندمێ.

دارا مەحموود

# خوێندنەوەیەکی‌تر بۆ کۆمەڵە هۆنراوەی (ڕوونبوونەوە)ی ڕەفیق سابیر

دوایین کۆمەڵە هۆنراوەی ڕەفیق سابیر ی شاعیر کە لەژێر ( ڕوونبوونەوە )دا کەوتە دەست خوێنەرانی، بەردەوامیی ئەو شێوازە تایبەتەیە کە زۆرتر لە سی ساڵە شاعیر دەستی پێکردووە، کە بە درێژایی‌ی تەمەنی شاعیرێتیی خۆی، بەردەوام لە نوێبوونەوەو بەرهەمهێنانی چڕوپڕو پێشکەوتنی بێ پسانەوەدا بووە، بەجۆرێ بۆتە هۆی ئەوەی ببێ بە یەکێ لەو چەند دانە شاعیرانەی لوتکەی شیعری کوردیی هاوچەرخدا جێگیربوون. گەرچی ئەو وەك هەر شاعیرێ بە چەند قۆناغی جۆربەجۆری ژیانی فیکریو پاشانیش شیعریدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەو هەر لە سەرەتاوە خاوەن ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی بووە. ئەمەش کۆمەڵە خەسڵەتێکی وایان پێ بەخشیوە کە لە شاعیرانی دیکەی هاوشانی خۆی جیاوازبێ.

## زمانی شاعیرانە:

یەك لەو خەسڵەتە دیارانەی لە هۆنراوەکانی (ڕوونبوونەوە)دا دەگاتە لوتکەی تۆکمەبوون و کامڵبوونی خۆی زمانی شاعیرانەیە. گەرچی زمانی شیعر هەمیشەو لە هەر سەردەمێکدا لە زمانی بەکارهێنانی ڕۆژانە جیاواز بووە، بەڵام ئاستی ئەم جیاوازییە لە گشت سەردەمەکان و لە گشت شاعیرەکاندا وەکو یەك نەبووەو نییە. زمانی شاعیرانە لە ئەدەبی هاوچەرخدا ئەو زمانەیە کە لە تێگەیشتنی زمانی ڕۆژانەوە پەیدا دەبێ. ئەمەش خەسڵەتی ئاڵۆزی بە شیعر دەبەخشێو خوێنەرو ڕەخنەگر ناچاردەکا واتای لەژمارنەهاتوو بۆ واژەو وێنەکانی ناو شیعر دروست بکەن و لەبری بەکارهێنانی ئەو واژانەی، بە شێوەیەکی ڕاستەوڕاست، تەنها یەك واتا دەبەخشن. پەنا بۆ مەجاز (ترۆپ)و ئیستعارە (میتافۆر)و زمانێکی‌تری

نوێو تایبەت بە خۆی دەبا. ئەمەش ئەو خسڵەتەیە وا لە دەق دەکا شیعر بێ. واتا لە هەر دەقێکی ئەدەبییتر جیایدەکاتەوە. ئەگەر لە ئەدەبی کلاسیکیدا کێش و سەروا خەسڵەتی هەرە پێویستی شیعر بووبن، ئەوا لە شیعری هاوچەرخدا زمانی شاعیرانەیە. لە هۆنراوەی (لە رۆخی دارستانەکەدا ) رەفیق ئاوا دەستپێدەکا:

**لە رۆخی دارستانەکەدا**
**بەئاگا هاتمەوە**
**گۆرانییەکانم بەناو غوباردا پرتێن و**
**سێبەرەکەم وەکو بەڕماڵ**
**لەسەر گۆلاوێکی نوستوو بەجێ مابو**
**من لە بێداریدا تەنیابووم**
**وێنەی ئاگرێکی تاریک**
**داگیرسابووم...**

شاعیر لەم هۆنراوەیەو گەلێ هۆنراوەیتریشدا وەك بڵێی بە زمانی خەون دەدوێ. جا جارهەیە خەونی شیرین و جاریتریش وەك مۆتەکەو ورێنە. لێرەدا هیچکام لە واژەکانی، وەك: دارستان، گۆرانی، غوبار، سیبەر، بەرماڵ، گولاو، نوستن، من، ئاگر ... ئەو واتا دیاریکراوو قالبییانەیان نییە کە لە زمانی ژیانی رۆژانەدا بەکاردێن، بەڵکو سنوورەکان دەشکێنن و بەجۆرێ فراوان دەبنەوە کە لەجیاتی یەك واتا، چەندان واتا لەخۆدەگرن. بۆنموونە: هەموو دەزانین لە گفتوگۆی رۆژانەدا، دارستان بە واتای چی دێ ! کەچی لێرەدا دەکرێ بڵێین بە واتای ژیان، کۆمەلگا، سەردەم و قۆناغێ، روداوێ، چوارچێوەیەکی بیرێ، بیرکردنەوەیەك، یان خەونێ ... لەلایەکیتریشەوە لەم زمانە شیعرییەدا یەکبوونی دژەکان، یان یەکگرتنی شتە ناکۆکەکان دەبینینەوە.

لەواقیعدا ئاگر هەمیشە رووناکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێو هەرچی رووناکی هەیە لە ئەنجامی داگیرسان و سووتانی شتێکەوە پەیدا دەبێ، بەڵام شاعیر لێرەدا ئاگری کردووە بە هاوەڵی تاریکیو مەبەستی ئەو داگیرسان و سووتانە دەروونییەی خۆیەتی کە لەدەرەوە بە چاو دەبینرێ.

ئێمە لە هیچ شوێنێکدا کارمان بەوە نییە شاعیر لە داکەوتدا مەبەستی چییەو نیازیشمان نییە لێی بپرسین، چونکە کارێکی وا واتای شیعر بچووك و پلەی شاعیر دەهێنێتەخوارێ. ئەگەر بۆ روونکردنەوەی واتای شیعر، شیاو بوایە لە شاعیر بپرسین، ئەوە بەر لەوەی هەر شاعیرێ کۆچی دوایی بکا، تەواوی مەبەستەکانی خۆی روونەکردەوە، یان لێکۆلەرەوەو رەخنەگران دەچوون و لێیاندەپرسی. ئیتر پاشان، یان دوای مەرگی، پێویست بە لێکدانەوەو شیکردنەوە نەدەبوو. هەر بۆیەش ئێمە لەدەرەوەی شاعیر، بۆ واتای شیعر دەگەڕێین و بۆ ئێمەی خوێنەر گرنگ نییە شاعیر زیندوو بێ یان نا.

لە هۆنراوەی ( کۆچێکی دی )دا شاعیر دەڵێ:

**وەك کۆچێکی ناکاوی دی بەڕێوەبێ**
**یان چارەنووس چاوەرێ**
**شەپۆلەکان دوورگەکە وەك کەشتی رادەژێنن**
**مانگ خەواڵو بەناو هەورەکاندا دەخشێت.**
**دارەکان بێدارو**
**رەنگەکان لە تێکچرژاندا لێکچوو.**
**رێگا چۆلەکانیش لە تەرم سامناکتر،**
**لە پرسە خەمناکتر**

لێرەدا ئەگەر بۆ واتای "دورگە" کە جێگایەکی سەرکی لەم هۆنراوەدا داگیر دەکا بگەڕێین، دەتوانین بڵێین مەبەست نیشتمانە، دارەکان ئەو خەڵکانەن لەم نیشتمانەدا دەژین، شەپۆلەکانیش ئەو رووداوو مەترسییانەن کە هەڕەشە لەم نیشتمان و خەڵکە دەکەن. مانگی خەواڵووش کە بەناو هەورەکاندا دەخشێ. ئەو تروسکە هیوایەیە کە سنووروچوارچێوەکانی شاردراوەو نادیارە.

بە پێی بنەماو پێوەرە ئەدەبییەکانی هاوچەرخ، ئەرکی شیعر گەیاندنی واتاو پەیامێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو سوود وەرگرتنە لە زمان بە شێوازێکی جیاوازو نوێ، شێوازێ کە گۆڕانکاری بەسەر هێزی نەریت و راهاتن و خووگرتنماندا بهێنێ.

شکلۆڤسکی لە شوێنێکدا دەنووسێ کە: "نیشتەجێیانی کەنار دەریا چیتر گوێیان لە دەنگی شەپۆلان نابێ."(1) چونکە ئەو شتانەی مرۆڤ پێیانڕادێو خوویان پێوە دەگرێ، ئیتر سەرنجی راناکێشن و هەستی نابزوێنن. بۆیە ئەرکی شیعرە کە هێزی راهاتن لە مرۆڤدا تێکبشکێنێ، جیهانێ لەناوبباو جیهانێکیتر بخولقێنێو ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەمی خوێنەردا بکاتەوە.

رەفیق لە هەندێ شوێندا بە زمانی شاعیرانەی نائاشنا چەند وێنەی لەیەك جیاواز خڕدەکاتەوەو تابلۆیەکی سریالییان لێدروست دەکا. لە هۆنراوەی (سێرمۆنی)دا دەڵێ:

**لە خۆڵ و بۆنی بخوور جەستەم دەتەکێنم و بەبێ ماڵئاوایی**
**ئێرە بەجێدێلم.**
**لە تینوێتی رادەمێنم کە شکۆی داوە بە ئاو،**
**سێبەر بە رەنگەکان،**
**بەردیش بە راچەنینێك**
**تاریکی لە بەرخۆی رادەماڵێت ....**

تەکاندنی جەستە لە خۆڵ و بۆنی بخوور ( کە ئەم دووانەی دوایی، جگە لە پەیوەندییە سریالییەکە هیچ شتێك یەکیان ناخا )، رامان لە تینوێتی کە شکۆی داوە بە ئاو، بەرد، کەبە راچەنین تاریکی لە بەرخۆی رادەماڵێو چەندان وێنەی شیعرییتریش، هیچکامیان پەیوەندی بەوەی پێش یان دوای خۆیەوە نییە، بەڵام پاش تاوێ، خوێنەر پەیامێ دەبینێتەوە، پەیامی ریسواکردنی سەردەمێ یان کولتوورێ کە هێشتا لەناو ئێمەدا هەر باوەو خەڵکانێ رەواجی پێ دەدەن و لەسەری دەژین. بۆ نموونە، دەڵێ:

**رێگا کوڵرێژەکان بە تاسەوە چاوەڕێن**
**میراتگرانی ئەفسانەییش لەژێر کەوانەئاگردا**
**یاری بە شێوازەکان دەکەن**
**زەمان بە شمشێر دەپێون**
**سەروەری بە تەرم و**

**توانا بە ستاییش**

یان لە هۆنراوەی ( بەردەکان )دا، بە زمانێکی شاعیرانەی یەکجار جوان، لە کۆمەڵە وێنەیەکی ئەبستراکت، تابلۆیەکی سریالیمان بۆ دەکێشێتەوەو دەڵێ:

**بێئاگایانە، لەخۆمان هەڵدێین ڕووەو شەپۆلی ڕەنگەکان،**
**کە ژوانگەی شوێن و زەمانن**
**لەوێ هێشوە تیشک بە لقی بەستەڵەکەوە گولوکڵاسا دەکرێنەوە**
**ڕەنگەکان قوڵایی بە وێنەی ئاوێنە ڕادەگرن،**
**بۆشایی دەگۆڕن بە مەودا،**
**بە ژوانگەی سێبەرو ڕووناکی**
**بە ڕوخساری غەیب.**
**سێبەری ڕۆشنیان ڕەگەکان دەدوێنن،**
**ئارامی دەبەخشن بە سەرما.**

ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی وا لەخوێنەر دەکا ڕابمێنێو بکەوێتە ئەندێشەوەو بۆ چەندان جار بەسەر واژەو وێنەکاندا بێتەوەو بیانخوێنێتەوە. هێشوە تیشک، لقی بەستەڵەك، ژوانگەی سێبەرو ڕووناکیو ... بێنێتە بەر چاوی خۆیو ئەو حاڵەتە نوێیە تاقیبکاتەوە کە هیچکات تاقیینەکردۆتەوە.

گەرچی ڕەفیق سابیر زۆرجار لە شیعری خۆیدا پەنا بۆ وێنەگەلی سریالی دەبا، بەڵام ناتوانین ئەو وەك شاعیرێکی سریالی ناوببەین، تەنانەت ناتوانین ئەمەش دیاریکەین کە سەر بە چ قوتابخانەیەکی شیعرییە. ئەمەش لەبیرنەکەین کە ڕەفیق سابیر لە سەرەتای ژیانی شیعرییدا وەك شاعیرێکی ڕیالیست ناسرابوو.

## پەیامی شیعر:

هەرچەندە هەر وەکو گوتمان، زمانی شاعیرانەی ڕەفیق سابیر بەهێزەو خەسڵەتی هەرە دیار بێشێتی، بەڵام ئەمە بەم واتایە نییە کە شیعرەکانی بێ واتاو ناوەڕۆکن. ڕاستە هەندێ

لە شیعرەکانی تەنها شیعرن و بەس، واتا جوانیو رەنگیان لەسەرەوە دەرژێ، بەڵام بەشی هەرە زۆریان وەك هەڵگری واتاو پەیامێ خۆیان پێناسەدەکەن.

جا ئەگەر وەك لە پێشدا گوتمان، بەپێی بنەما ئەدەبییەکانی هاوچەرخ، واتاو پەیام پێویستیی شیعر نەبن، ئیتر بۆ دەبێ شاعیرێکی وەکو رەفیق خۆی بە شتێکی ئاواوە ماندوو بکا؟. راستییەکەی ئەوەیە کە شاعیرێکی کورد، چ رەفیق سابیر یان هەر شاعیرێکیتر بێ، هەرگیز ناتوانێ بچێتە قالّبی شاعیرێکی رۆژئاواییەوەو دەقاودەق وەك ئەو مامەڵە لەگەڵ بنەماو پرنسیپە ئەدەبییەکاندا بکا. شاعیرێ پشتی لەژێر کۆڵ و باری خەم و ئازاری ژیاندا چەمابێتەوەو سەر بە نەتەوەیەك بێ کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام رووبەرووی فەوتان و لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامەو خاوەنی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە بێ، چۆن دەتوانێ شیعر بنووسێو هەڵگری پەیامێ نەبێ؟. بەڵام سەرکەوتنی شاعیر بە زمانی دەربڕینی ئەو پەیامەوە پەیوەستە. کەواتە هەمیشە رۆڵی سەرەکی هەر بۆ زمانەو لەو شوێنانەدا کە زمانی شیعر سادەدەبێتەوەو مەبەستگەیاندنی تەنها یەك پەیام و بەدەستخستنی یەك واتا دەبێ، دەق بە گشتی لە پەخشان نزیکتر دەبێتەوە. لە هۆنراوەی (بە زرییەکەوە لە مەعدەنی مێژوو )دا رەفیق دەڵێ:

**بە تیلەی چاو رەنگ و شێوازی شتەکان دەپێویت**
**دردۆنگانە دەروانیت و لەسەر هەر سیمایەك**
**غایەڵەو رازەکانی ناخ دەبینیت**
**وەك پیرە شێرێکی ناو قەفەس مۆرە لە ئازادیی**
**بەلەسەمان دەکەیت،**
**مۆرە لە نەوەیەك دەکەیت کە یاری بە یەقین و**
**تابووەکان دەکات.**
**خۆتناسا لەناو بازنەی وەهمدا**
**سەرقاڵی گەمەی جارانی،**
**گەمەی هەڵکردن و داگرتنەوەی ئاڵا لە شەوو رۆژیکدا.**

لەم هۆنراوەیەدا دەبینین شاعیر ناوی کەس ناهێنیّ، بەڵام ئاشکرایە مەبەست لە کەسایەتییەکی کاریزماییە. هەرچەندە گرنگ نییە ئەو کەسایەتییە کێیە، بەڵام دیتنەوەشی هێندە زەحمەت نییە. ئیتر شاعیر بە زمانی پەخشان لایەنە نەگەتیف و پۆزەتیڤەکانی ئەم کەسایەتییە دەخاتە رووو بە ئێمەی دەناسێنیّ. بەم جۆرە پەیامی ئەم هۆنراوەیە دیارەو خوێنەر ( بە لایەنی کەمەوە بۆ منی خوێنەر ) وا هەست دەکا چیرۆکیّ دەخوێنێتەوە.

نزیکبوونەوەی شیعر لە پەخشان و زاڵبوونی زمانی پەخشان لە هەندیّ شیعردا لە پلەی شاعیرەکەی ناهێنێتە خواریّ، چەنکە ئەگەر ئەمە خسڵەتی بەشێك لە شیعرەکانی رەفیق بن. شاعیرانی ناسراوی‌تر هەن، کە هەر لە بناغەدا زمانی شاعیرانەیان وەلا ناوە. واژە تەنها یەك واتای هەیەو شیعر بۆتە قوربانیی پەیام و دروشم، بەڵام زمانی شاعیرانە لای رەفیق چەند گرنگ و سەرەکی بیّ نە هیچکات دەگاتە ئەو ئاستەی پووچی‌و بیّ واتایی یان گەڕانەوە بۆ دادیزم بگەیێنیّ. نە ئەو ئاستەش، وەك شاعیرانی‌تر شیعر لە چوارچێوەی دروشمدا بەند بکا، بەڵکو ئاوێتەبوونی زمانی شاعیرانە، وێنەی شیعری‌و پەیامە کە سەرەنجام پەیام، هەرچییەك بیّ، بە بایەخی لەدەستدانی زمانەکەی نابیّ کە بریتییە لە ئاشنایی واژەو وێنە شیعرییەکانی. ئەو وێنانەی کە لەیەکتر ناچن و پێشتریش نەماندیون.

## وێنە شیعرییەکان:

وێنەی شیعری لە شیعری هاوچەرخدا جۆرە یاخیبوونێکە لە چەمکە نەریتییەکانی شیعر، کە بە واتای خولقاندنی جیهانێکی پڕ لە گۆڕانکاری‌و چاوەڕواننەکراوو بیّ سنوور دیّ. هەڵەبجەو ئەنفال خاوەنی ئەو وێنانەن کە هەمووومان دەیزانین: کیمیاباران، سیانید، خنکان و مردنی بەکۆمەڵ، گەورەو بچووك، لەسەر شەقام و کۆڵانەکان، لە ژوورەوە لەناو ماڵەکان، لەپشتی پیکاب و عارەبانەو تراکتۆر، زیندەبەچاڵکردن...و دەیان و سەدان وێنەی فۆتۆگرافی‌و فیلم و ریپۆرتاژمان بینیون. ئەمانە هەموو هەر یەکن و هەموو جاریّ دووبارە دەبنەوەو سەدان جاری‌تریش بیانبینین هەر ئەمانەن و گۆڕانیان بەسەردا نایێن، بەڵام شیعر لەتوانادایە چەندان وێنەی‌ترمان نیشان بدا کە لەیەکتر ناچن.

لە هۆنراوەکانی ( ژیوان ) ، ( پێشوازی ) ، ( شـەوی کریستاڵ ) و ( دوا ژوان )دا چەندان وێنەی ئەنفال و مەرگی بە کۆمەڵ هەن کە پێشتر نەمانبینیون و هیچ کاتێکیش ناتوانین لەرێگەی فیلم و ریپۆرتاژو وینەی فۆتۆگرافەوە بیانبینین.

لە هۆنراوەی ( ژیوان )دا شاعیر دەڵێ:

***هێشتا زەوی بە بۆنی زەردەدووکەڵ و میوەو ئاسن***
***هەڵامساوە***
**ونبووەکان لە ئەندێشەی شپرزەی ئێمەدا نایانەوێت**
**بەم لێکدابڕانە ئەبەدییەو**
**بە کۆتاییهاتنی جیهان بڕوا بێنن،**
**لە قووڵایی بیاباندا**
**جەستەیان لە لم و تەزوو دەتەکێنن**
**لاسارانە بەدوای گەرانەوەدا دەگەڕێن و**
**دەگەڕێن**

هەڵامسان، یان هەوکردنی زەوی لە ئەنجامی باراندنی ژەهرو بۆمبا کە بە واژەی ( هێشتا ) دەستپێدەکاو واتای بەردەوامیی کاریگەریی رووداوەکە دەگەیێنێو ئەو ونبوونانەی کە ئێمە بێ ئومیدانە بەهیوایین لە بیابانەوە جارێکیتر بۆ لامان بێنەوە، ئەم وێنە نوییانەن کە لە چەند دێڕە شیعرێکدا تابلۆیەکی یەکجار گەورە دروستدەکەن و تەواوی کارەساتەکە دەهێنێتەوە بەرچاومان.

یان لە ( شەوی کریستاڵ )دا دەڵێ:

**خۆر لەناو تاریکیی تاریکیدا نوستووە.**
**پەیڤ و ئەستێرە پێکەوە دەسووتێنرێن،**
**هەقیقەتیش بێ خاوەن، چاوەڕێ.**

**شەو لە گۆڕێکی بەرین و شێدار دەچێت**
**دەبێت ئێمەی لەرزلێهاتوو**

**لە رۆخیدا سەما بکەین**
**هەزار شێوەی هەبێت مردن**
**هەر مردنە،**
**ئەی ئەم کەرنەڤالە بۆچی**

شێوازی رەفیق سابیر لە شیعرنووسیندا بۆ خوێنەری کەمئەزموون هێندە خۆش نایەت، وەك ئەوە وایە سیمفۆنیایەك بۆ کەسێ لێبدەی کە گوێی تەنها بە بیستنی لاوك و حەیران راهاتووە، بەڵام هیچ شتێك نییە بتوانێ شاعیر ناچار بکا، تا خەڵك لە شیعرەکانی بگەن، لە بایەخداریی شیعری خۆی کەمکاتەوە. ئەو جۆرە شاعیرانە کەم نین تا نازناوی شاعیری جەماوەر، شاعیری شۆڕشگێڕ ... وەربگرن و ژمارەی چەپڵەلێدەران بۆ خۆیان زۆر بکەن، ئامادەن بەرهەمەکانیان هەرزانفرۆش بکەن.

بێگومان ئاواتی هەر شاعیرێکە ژمارەی خوێنەران و چەپڵەلێدەرانی هەر زۆرتر بن، بەڵام نەك بە هەر بایەخێ. ئەو شیعرانەی لە بەرهەمهێناندا ئاستێکی بەرزی هونەریو زمانێکی نوێو نائاشنایان تێدا بەکارهاتووەو لە دەرەوەی چاوەڕوانی خوێنەردان، بە ئاسانی لەبەرناکرێن و بە شێوازە نەریتییەکەی ناکرێن بە گۆرانی. رەنگە هەر بۆیە گوتوویانە "شاعیری باش شاعیری سەردەمی دوای خۆیەتی."(2)

گەرچی بە هەموو پێوەرێ رەفیق یەك لە شاعیرانی داهێنەرو بەژن زراڤی ئەمڕۆیە، بەڵام من پێم وایە داهاتووی لە ئێستای پرشنگدارترە. ئەمەش دروست بە پێچەوانەی هەندێ لەو شاعیرانەی دوێنێ لە لوتکەدا بوون، بەداخەوە ئەمڕۆش وا خەریکە ئەستێرەی داهێنانیان بەرەو کوژانەوە دەچێ.

لە جیهانی شیعرو ئەدەبیاتدا هیچ پێوەرو رێگاو شوێنێ ئەو یاسایانە نین ئەگەر کەسێ جێبەجێیان نەکا سزا بدرێ. هەرکەس ئازادە لەوەی کام مێتودو ئوسوڵ و پێوەری قبووڵ بێ یا نا، بەڵام لەلایەکەوە ناسینی هەرشتێ لە پەیوەندی لەگەڵ رێکەوتنێکی گشتی لەسەر ئەوشتەیە، ئەم رێکەوتنەش شتێکی چەسپاوو نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردادێ. ئەوەی بیست ساڵ لەمەوبەر بۆ پەیڕەوکردنی رێکەوتنێکی گشتی لەسەربووە، رەنگە ئەمڕۆ بۆ پەیڕەوکردنی ئەم رێکەوتنەی لەسەربێ.

لەلایەکیترەوە، داهێنەر ئەو کەسەیە نەك تەنها ئەم رێکەوتنە گشتییانە (لەسەر ئاستی جیهان) بناسێ، بەڵکو کار لە نوێبوونەوەو گۆرینیشیان (لایەنی کەم لەسەر ئاستی نا خۆ) بکا.

## کێشی شیعر:

رەفیق ئەو شاعیرەیە کە نکولی لە رۆڵی بەرچاوی لە نوێبوونەوەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا ناکرێ، تەنانەت لە هەندێ بواردا نەك هەر رۆڵی هەبووە، بەلکو خۆی دەستپێشخەر بووە. بەرچاوترینی ئەم بوارانەش، دوای ( زمانی شاعیرانە )ی، بە بڕوای من تێکشکاندنی قالبی (کێش)ە.

با سەرنج بە دواکۆپلەی هۆنراوەی ( دوا ژوان ) بدەین:

**بەڵام من دەتوانم چ موعجیزەیەك پیشاندەم**
**تا باران و دەریاو "با"**
**گوێرایەڵم بن؟**
**دەتوانم چ بەو ئاسۆ درەوشاوە بڵێم کاتێك:**
**رووتبوونم ئاوێنەیە،**
**پەیڤینیش بنبەستی مانا؟**

لێرەدا کێشەکانی ( 3 ، 4 ، 5 ) برگەیی بە شێوەیەکی تێکەڵ و نارێك دەبینرێن و دەتوانین بڵێین هۆنراوەیەکی بێ کێشە. بەڵام ئایا ئەمە شیعرە؟ بێگومان!. چونکە ئەوەی وایکردووە ئەمە شیعر بێ زمانەکەی و مۆسیقا نیوخۆییەکەیەتی نەك بوون و نەبوونی کێش.

بەڵام رەفیق کە بوونی کێشی وەك بنەمایەك بۆ شیعر تێکشکاندا، لێرەدا چاوەروانی خوێنەریش تێکدەشکێنێ کە لە هەندێ هۆنراوەیتردا، نەك پەنا هەر بۆ کێش، بەڵکو بۆ سەرواش دەباتەوە.

لە هۆنراوەی ( تۆ هیوات پێدام )دا کە مێژووی ساڵی 1999ی پێوەیە، دەڵێ:

**لەناو تۆدا خەڵوەت نشین**
**راستی بە خۆم ئاشنا دەکا**
**لە فەزاتدا مەستی فڕین**
**جوانی دەمهێنێت و دەمبات**

هۆکاری ئەم ناسەقامگیرییە چییە؟ ئایا رەنگاورەنگیی سەلیقەیە یان جارێکیتر گەڕانەوەیە بۆ دواوە، یانیش یەکگرتنەوەی زمان و کێش و سەروا تەنها رێکەوتنێکەو بەس؟ ... پێموایە هۆکاری سەرەکی ئەمەیە کە رەفیق شاعیرێکی گوێڕایەڵ و رامکاراو نییە. ئەو تا ئەو جێگایە بە بنەماو رێسا ئەدەبییەکانەوە پابەندە کە ئەلتەرناتیفێکیتری نییە. هەرکات ئەو ئەلتەرناتیڤانەی دیتەوە، کە بەلایەنی کەمەوە بە باوەڕی خۆی باشترن، یان بیناکراو لەسەر بنەماگەلێکی پشتبەستوو بە کۆمەڵە هۆکارێکی بەجێن، ئیتر بنەماو یاساو رێسا واتایەکیان نامێنێ، یانیش دەتوانین بڵێین: ئەو رێگاو شوێن لەبەر ئەوە هەڵنابژێرێ کە مۆدی رۆژگارە یان نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەو جۆرە باشتر دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ زماندا بکا.

## شیعرو خەون:

ئەگەر شیعر بۆخۆی شێوازێکی نوێی پەیڤین بێ، رەفیق لەناو شیعریشدا شێوازێکیتری نوێی بۆ پەیڤین دەخولقێنێ: کۆتایی لە کۆتا بووندا، شکاندنی تینوێتی بە تینوێتی، بەدەنگهێنانی بێدەنگی، تاریکیی تاریکایی، دەنگی تاریکایی، بێدەنگبوونی رووناکی،... ئەمە ئەو دەربڕینە نوێیانەن کە رەفیق لە پەیوەندییەکی نامۆو کۆمەڵە دەلالەتێکی نوێدا دایهێناون. بۆ خۆیشی لە هۆنراوەی ( بێدەنگبوونت)دا دەڵێ:

**بێدەنگبوونت وەك بێدەنگبوونی رووناکی**
**شێوازێکی نوێی پەیڤینە.**

ئەمانە لە واقیعدا نابن، بەڵام شاعیر لە شیعردا دەیانبوێنێ، چونکە شیعر وەك خەون وایە، هیچ شتێ لە خەوندا مەحاڵ نییە، هەر شتێك لەوێدا بێ‌و لە شیعریشدا هەروا بەم

هەواڵنامەی کتێب

جیاوازییەوە کە خەون شتێکی ناخودئاگاییە، بەڵام شیعر بەرهەمی هەست و هۆش و ئاگایی شاعیرە.

لە هۆنراوەی ( خەون ... خەون )دا دەڵێ:

**لە هەر جێیەك بین جوانی لەوێیە**
**بۆ هەرکوێ بچین خەون هاورێیە**
**لەگەڵ خەوندا رێی مەحاڵ دەبڕین**
**هەر لە خەونەوە فێردەبین بفڕین.**

تەنانەت زمانی شیعر لای رەفیق زمانی خەوبینینە، یان شیعرنووسین لای ئەو حاڵەتێکە لە خەوبینین، چونکە لە خەوندا بەرفراوانبوونەوەی مەودای ئەندێشە دەگاتە ئەوپەڕی. بۆئەوەی لە شیعریشدا ئەمە بەدی بێ، دەبێ حاڵەتی خەون بەخۆیەوە بگرێ:

**چ پرسیارێکی تەمگرە واقیع!**
**چ وەڵامێکی رۆشنە خەون**
**چەند گومراکەرە تیشکی هۆشیاری!**
**چەند ریشاندەرە تروسکەی خەون**

## شیعر و جوانی:

جوانی ئەو خەسلەت و چەمکەیە بۆ دەرخستنی یەکێ لە لایەنە پۆزیتیڤەکانی هەر شتێ بەکاردێ و یارمەتیمان دەدا تا شت باشتر بناسین، واتا رێگایەکە بۆ پێناسەکردن. بەڵام ئەی ئەگەر بمانەوێ خودی جوانی بناسین یان لە جوانی بدوێین یان وێنەگەلێك لە جوانی نیشان بدەین، دەبێ پەنا بۆ چ زمانێ ببەین؟ رەفیق وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوەو لە هۆنراوەی ( گۆرانییەك بۆ جوانی )دا لە شتە وردەکانەوە دەربازی سەرتاپای ژیان دەبێ. ئەم هۆنراوەیە کە لە پێنج بڕگە پێکدێ، هەر بڕگەیەی گوزارە لە کاتێکی دیاریکراوی شەوو رۆژ دەکا. بڕگەی یەکەم: بەیان:

**بە سەرسوڕمانێکی منداڵانەوە دەست لە بەیان دەدەم**
**بۆنی گزنگ و شینایی دەکەم**
**لە گەڵاو خوناوو رووبار رادەمینم ئەو کاتانەی رووناکی هەڵدەمژن**
**بە هەڵپەوە رەنگە پرژاوەکان دەچنمەوە،**

**وەك منداڵێك هاواردەکەم:**
**بدرەوشێوە ئەی جوانی**

بڕگەی دووەم: نێوانی بەیانی‌و نیوەڕۆ کە هێشتا مرۆڤ خەواڵووە:

**هێشتا چاوە خەواڵوەکانت خەونێکیان**
**پێوە دیارە**
**پرچی شەوینت وەك قەرسیل بۆنی گڵ و نم و هەتاو**
**بەناو بەیاندا پەخش دەکات**

بڕگەی سییەم: کاتی کار، ئەوکاتەی مرۆڤ جارێکی‌تر لەگەڵ کێشە گرنگەکانی ژیان رووبەڕوو دەبێتەوە. لێرەدا شاعیر دەربازی پرسی "یەقین"و "گومان" دەبێتەوەو دەڵێ:

**بەرووی یەقیندا**
**دەرگام دادەخست**
**بەسەر پێشبینی‌و بەرووی گوماندا**
**پەنجەرەی دڵم دەخستە سەر پشت**

بەم جۆرە لە کۆمەڵە وێنەیەکی ئەبستراکتەوە بۆ پرسێکی فەلسەفی گرنگی وەك یەقین و گومان دەمانگوێزێتەوەو پاشانیش جوانی بە ئازادی‌و دیلێتییەوە دەبەستێتەوەو دەڵێ:

**هەر بەو دەستانە لە کەلەپچەدا کلۆلیم بینی**
**هاوڕێی دیلی بوو**

هەولێرنامەی کتێب

**لەسەر جەستەشت، هەر بەو دەستانە، بەختیاریم بینی**
**هاوڕێی جوانی بوو**

لەم بڕگەیەدا دەبینین شاعیر ئەرکی دیتنی بە دەست ( نەك بە چاو ) سپاردووە. دیارە لەلایەکەوە مەبەست دەربڕین بە زمانێکی تازەو نامۆیە، لەلایەکیتریشەوە شاعیر بە زمانی خەون شیعر دەڵێ، لە خەونیشدا چاو نووقاون. بە واتایەکیتر، ئەوەی لە خەوندا دەبینرێ نەك لە ڕێگای چاوەوە بەڵکو لە ڕێگای هەستەوەیە، کە شاعیر دەستی خۆی لەجیاتیی سەرتاپای هەستی بەکارهێناوە.

بڕگەی چوارەم: شەوداهاتن و تاریکایی:

**شەو لەسەر شەقامە باراناوییەکە ڕاکشاوە**
**تریفە بۆشاییەکان بە سێبەرو درەوشانەوە پڕدەکاتەوە**
**منیش هێشتا رووت و سەرسام بۆنی گڵ و باران و**
**ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە**

بڕگەی پێنجەم: جارێکیتر بەپیرەوەچوونی بەیان:

**بە هەمان سەرسورمانی منداڵانەوە لەگەڵ باڵدارە خەواڵوەکاندا**
**بەپیر بەیانەوە دەچم**
**وەك پەپوولە پەلکە گوڵ و ئاونگ بۆن دەکەم ئەو ساتانەی ڕووناکی**
**هەڵدەمژن.**
**بە هەمان لاساریو شەقەوە ڕەنگەکان دەچنمەوە**
**شوێن بێداری دەکەوم تا بەرەو تۆم بێنێتەوە**

هەروا ئەم هۆنراوەیە گوزارە لە قۆناغەکانی تەمەنیش دەکا. واتا لەدایکبوون، سەردەمی تازەلاوی، کاملبوون و بەکۆڵدادانی گرفتەکانی ژیان، ئەمجارە مەرگ و پاشانیش لەدایکبوونێکیتر یان لەدایکبوونی مرۆڤێکیتر.

لەم هۆنراوەیەدا دیتمان چۆن شاعیر چەند وێنەی ئەبستراکتی لە یەکتر جیاواز پێکەوە گری دەداو سەرنجام تابلۆیەکی یەکجار گەورەیان لێ دروست دەکا:

## "بوون"و شیعر:

لە سەرەتای ژیانی شیعری ڕەفیق سابیرەوە چەمکەکانی وەك: مەنفا، نامۆیی، تەنیایی ... لە بەرهەمەکانیدا، بەشێوەیەکی چڕو بەرچاو دەبینرێن. پاشانیش دوای نەمانی کاریگەیی ئایدیۆلۆجیا لەسەری‌و کامڵتربوونی لە تەمەنداو قووڵبوونەوەو دەوڵەمەنتربوونی ئەزموونی شیعری، ئەم چەمکانە شێوازی بەرفراوانتر بەخۆیانەوە دەگرن، بەجۆرێ کە شاعیر بە زمانی شیعر دەربازی فەلسەفە دەبێ‌و ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە هەمیشەییەی فەلسەفە (بوون چییە؟) دەبێتەوە.

لە هۆنراوەی ( گۆرانییەك بۆ تەنیایی )دا دەڵێ:

**لە ناو ئاوێنەی ڕوونی تەنیایی من خۆم دەبینم،**
**هەقیقەتێکم ئاوێتەی گومان**
**جوستەم خاڵێکی شینی کوتراوە لەسەر جەستەی شەو**
**گیانم دلۆپێکە لە دەریای زەمان**

دلۆپێ لە بەرامبەر دەریایەکدا هێمایە بۆ بچووکی شتێ لە بەرامبەر گەورەییدا کە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێ، بەڵام ئەگەر ئەم دەریایە زەمان بێ، ئەمە واتایەکی‌ترمان دەداتێ. ئەو دەریایەی لە ئەنجامی کۆبوونەوەی چەندایەتییەکی زۆر لە ئاو پێکدێ چەندە گەورەو فراوان بێ سنووریکی هەیە، بەڵام زەمان بێ سنوورە، نە سەرەتای هەیە، نە کۆتایی. ئیتر نەك تەنیا منی تاك، بەڵکو تەنانەت منی‌مرۆڤیش لە دەریای بێ بنی زەماندا، کە نە سەرەتای خۆم دەزانم و نە کۆتایی‌و چارەنووسم هەقیقەتی بوونم ئاوێتەی گومان دەکا.

لە هۆنراوەی ( شەوانی ئاخاوتن )دا کە لە بیرەوەریی ئاخاوتنێکی نێوان خۆی‌و هاوڕێیەکی دەدوێ، دەڵێ:

**ئاخاوتن هەم بە خۆ ئاشناو**
**هەم بە خۆ نامۆی دەکردین**
**باسەکان بەرەو کۆلانی داخراوی میتافیزیك و**
**کەناری تەمگرتووی هەقیقەت دەیانبردین.**

پاشان لەدەم هاورێکەیەوە دەڵێ:

**"خۆ ئێمە نەبووین ژیانمان هەڵبژارد**
**ژیان خۆی ئێمەی هەڵبژارد"**

بەڵێ! ئێمە هەر هەمووومان بە ڕێکەوت هاتووینە ناو ژیانەوە. ژیان بە شێوە گشتییەکەشی لە ڕێکەوت بەدەر نییە. هەر بۆیەش ئێمەی مرۆڤ بە ژیان نامۆین لە هەرکوێیەك بین و لە هەر ئاستێکی ژیاندا بین ناتوانین لە نامۆیی دەربچین.
مرۆڤێ بەم هەموو گەورەییەی خۆیەوە لە بەرامبەر ڕگدا بچووك و بێ دەسەڵات، سەرتاپای ژیانی خۆی لە سێبەری مەرگدا بەسەر بەرێ. چ نامۆییەکی گەورەو چ تەنیاییەکی ترسناکە!.
لە هۆنراوەی ( رووت لە بەرامبەری خۆتدا ) دەڵێ:

**ساتەکان بەلاتدا دەڕۆن و دەزانی**
**عومری تۆ ساتێکە لە وەهم، دەزانی.**
**لە نەبوون دەڤەرێك بۆ خەون چێدەکەیت**
**لە پەیڤ زەمانێك بۆ جوانی**

زۆرجار مرۆڤ دڵ خۆشدەکا کە ژیان ئەبەدی‌و ئەزەلییە. نە "بوون"ی من دەستپێکەری ژیانەو نە مەرگی من کۆتایی. هەروەك خانمە شاعیری گەورەی ئێرانیش فروغ فروغزادە دەڵێ: "فرین بە یاد بسپێرە، باڵندە هەر دەمرێ."(3) ئەو دەیەوێ بڵێ: با ئێمە وەك شێوازە گشتییەکەی سەیری ژیان بکەین نەك ژیانی تاکە تاکەی خەڵکەکان.


بەڵام زانایان لەمەش بەولاوەتر دەڕۆن و بە یەکجاری هیوابڕمان دەکەن. هەر بۆیە ژان فرانسوا لیۆتار دەڵێ: "تەمەنی خۆر بە گشتی چوارو نیو ملیۆن ساڵە، نیوەی تەمەنی خۆی بەسەربردووەو هەر وەك ئادەمیزادێکی چل ساڵەیە کە هیوای بە هەشتا ساڵ ژیانی خۆی هەیە، بەڵام بە کۆتاییهاتنی خۆر، پرسیارە بێ وەڵامەکانی ئێمەش کۆتاییان پێدێ ... ئیتر دوای مەرگی خۆر بیرێ لە ئارادا نامێنێتەوە تا درك بکا ئەوەی روودەدا مەرگە."(4) ئەمە ئەگەر لە باشترین حاڵەتدا مرۆڤ زووتر بە دەستی خۆی ژینگە لە خۆی وێران نەکا، یان بە چەکە ئەتۆمییەکان بنبڕ نەکاو یانیش لە رێگای کارەساتێکی گەورەی سروشتی وەك کەوتنە خوارەوەی پارچە ئەستێرەیەکی گەورە لە شێوەی ئەوەی چەند ملیۆن ساڵ لەمەوبەر کۆتایی بە دایناسوورەکان هێناوە، روونەدا. بەڵام ئێمە لە بە کۆڵدادانی ئەم خەمە گەورەیە چی بەدەستدەخەین؟! ژیان هەرچییەك بێ و داهاتووی "بوون" بەرەو هەرچییەك بڕوا، ئایا باشترو دروستتر نییە خەمی ئەو داهاتووە بخۆین کە دەسەڵاتی ئێمەی مرۆڤی بەسەردا دەشکێ؟ کە رەفیق یش لە هەمان هۆنراوەی ( شەوانی ئاخاوتن )دا دەڵێ:

**ئێمە وێنە بین یان جەوهەر**
**بوونمان رێکەوت بێت یان قەدەر**
**ئەوەتا مەحکوومی ژیانین**
**مەحکوومی شوێن و زەمانین.**
**بەڵام چۆن لە داهاتوو دڵنیابین و**
**کاتێك بیرە تازەکان سامناك و**
**ئازادی وەهم بێت؟**
**کاتێك هەقیقەت گەمە بێت؟**

<u>پەراوێزەکان:</u>

- بابك احمدی، ساختارو تاویل متن. نشر مرکز. تهاران. 1378 ل – 48
- نازانم ئەم وتەیەم لە چ سەرچاوەیەکدا بەرچاوکەوتووەو هی کێیە، بەڵام من باوەڕم پێیەتی.
- شعر معاصر ایران – برگزیده اشعار شاعران نوپردا – نشر چکاکوك – تهران – 1371 –ل 97
- بابك احمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 48

# ناساندنی کتێب



## داهاتووی پەیوەندیی تورکیاو ڕۆژئاوا
## بەرەو پلانێکی ستراتیژی

ئامادەکردنی: سەعدوڵڵا محەممەد

**ناوی کتێب**

The Future of Turkish Western Relations (Toward a Strategic Plan)

**نووسینی**

Zalmay Khalizaof
Ian O.Lessor
F.Stephen Larrabie

ئەم کتێبە کە لە 96 لاپەڕەی قەوارە بچووکدا، لە بڵاوکراوەی Smith Richardson Foundation ەوە، بە یارمەتیی Centre for Middle East Public Polocy، کە بەشێکە لە RAND ، لە ساڵی 2000 دا لەچاپدراوە.

بە پێچەوانەی زۆر لە شارەزایان و پسپۆڕان، ڕۆڵی تورکیا لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، هەروەها گرنگیی بۆ ڕۆژئاوا ، دوای نەمانی سۆڤیەت و بەرەی سۆشیالیستی زیاترو مەزنتر

بووە. چاکترین نیشانەش بۆ ئەم دیاردەیە، ئەو رۆڵە بوو کە تورکیا لە شەڕی کەنداودا گێڕای. بەم پێیە، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ساڵانی دواییدا چالاکترو بزیوتر بوو.
سیاسەتی هەڵسوکەوتکردنی رۆژئاواش بەرامبەر بە تورکیا گۆڕاو قەوارەی تازەی وەرگرت. ئەوە بوو لە ساڵی 1999 لە کۆنفرانسی هیلسنکی واتە یەکگرتووی ئەوروپی بڕیاریدا تورکیا بچێتە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی ریزیانگرتووە بۆ بوونە ئەندام لە EU . هەروەها پەیوەندییەکانی تورکیا لە NATO و ئەمریکا چاکتر بوو. لە ئەنجامدا، تورکیا زۆر باوەڕی بە خۆ پەیدا کرد، گوێی تایبەتیی دا بە سیاسەتی دەرەوە. بۆ نموونە: زیاتر پێی لەسەر بەرژەوەندییەکانی داگرت و هەندێ جار بە تەنها هەولێدا مەسەلەکان چارەسەرکا. بۆ نموونە: هەرەشەکردنی لە سوریاو دەرکردنی ئۆجەلان و دەستگیرهینانی، هەروەها نەهێشتنی دانانی مووشەکی SS 300 لەسەر خاکی قوبرسیە یۆنانییەکان.
پەیوەندیی ئەمریکاو تورکیا چاکترو بەهێزتر بوو لە جارانی شەڕی ساردو بەرژەوەندیی دوولایەنی ئەم دوو وڵاتە لە زۆر ئاستەوە یەکدەگرنەوە. بێگومان ئەمریکا دەخوازێ تورکیا بەهێزبێ‌و وڵاتەکەی یەکگرتووبێ. ئیستقراری ناوخۆیی وەدەست بێنێ‌و گیروگرفتەکانی کەمتر بن.
ئەمریکا دیسان دەخوازێ تورکیا وەك هاوپەیمانێ رێگەی لێنەگیرێ‌و چرای سەوزی هەبێ بۆ دەستتێوەردان لە ناوچەکەدا. لە بری هەمیشە مسۆگەرکردنی پشتگیریی تورکیا دەداو لە یارمەتیی چەك و تەقەمەنی بێبەش ناکا.
دوای شەڕی سارد خەمی سیاسەتی تورکی-ئەمریکی لەسەر سۆڤیەت لاچووو خرایە سەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەلقان و ناوچەی دەریای گاسپی.
ئەمریکا فرە یارمەتیی تورکیا دەدا بۆ بوونە ئەندام لە EU ، بۆ دروستکردنی پرۆژەی راکێشانی بۆریی نەوت لە باکۆوە بۆ بەندەری جیهانیی تورکی‌و بۆ لەناوبردنی PKKو...هتد. لەبارەی ناوچەی گاسپیاوە، هەردووك وڵات خواستیان ئەوەیە رۆڵ و دەسەڵاتی روسیا کەمکەنەوەو سەربەخۆیی وڵاتە تازەکان بپارێزن و چاوگەکانی نەوت و گاز وەرەخسێنن. خاڵێکی دیکەی گرنگی سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەمریکا چی‌دی مەسەلەی تورکیاو یۆنان بەیەکەوە نابەستێ‌و جیاجیا تەماشاو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا.

لەگەڵ گشت ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەی سەرەوە، پەیوەندیی نێوان تورکیاو رۆژئاوا بە ئەورووپاو ئەمریکاوە، بێ گیروگرفت و سەرئێشە نییە. یەکێك لەم گیروگرفتانە مەسەلەی مافی مرۆڤ و کێشەی کوردە، بەتایبەت ئەم خاڵە گرنگە لەسەر ئاستی کۆنگریسی ئەمریکیو پەرلەمانی ئەورووپایی. جیاوازییەکی دیکەی گەورە ئەوەیە کە ئەورۆ ئیستقراری ناوخۆیی مەسەلەیەکی گرنگی رۆژانەیە لە تورکیا. ئەورووپاو ئەمریکا لەمێژە ئەم کێشەیان نەماوە، بۆیە چوونەژوورەوەی تورکیا بۆ ناو ئەورووپاو تێکەڵبوونی Integration جارێ هەروەك ئاواتێ دەمێنێتەوە. بێجگە لەمەش ناکۆکیو نارێکی لەنێوان تورکیاو ئەمریکادا هەیە دەربارەی چەند مەسەلەیەك، وەك چۆنێتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ عیراق و گۆشەگیرکردنی ئێران.

تورکیا بەرژەوەندیی بازرگانیو ئەمنیی لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە دراوسێیەدا هەیە کە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عیراق و ئێران ناگونجێ. تورکیا دیسان زۆر نارەحەت دەبێ لەمەڕ هەوڵدانی هێرشی سوپای عیراق. تورکیا لەوە دەترسێ کە لە ئەنجامدا کوردەکانی عیراق سەربەخۆیی وەدەست بێنن و ئەمەش بێگومان مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر تورکیا.

بەڵام خاڵی هەرە مەزن بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان تورکیاو رۆژئاوا ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییە هێشتا بەندەو بەستراوە بە جیۆپۆلیتیکی تورکیاوە. نە ئەورووپاو نە ئەمریکا تا ئێستا هیچ نەخشەو پلانێکی ستراتیژییان بۆ دوارۆژی پەیوەندییان لەگەڵ تورکیادا دانەناوە.

لێرەدا نووسەرانی ئەم کتێبە چوار خاڵیان دەستنیشان کردووە کە دەشێ تورکیاورۆژئاوا لە داهاتوودا لەبەرچاوی بگرن:

1-هاوکاری لەپێناوی نەهێشتنی چەکی لەناوبردنی گشتی Massdestruction کە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر هەردوولا (واتە رۆژئاواو تورکیا).

2-داهاتووی پەیوەندی لەگەڵ روسیاو چۆنێتیی هەڵسوکەوت لەگەڵی. تورکیا نزیکە لەروسیاوەو بۆی هەیە چەپۆکی گەورەی وەبەرکەوێ، لە حاڵەتی سەرهەڵدانەوەی دوژمنایەتی لە نێوان روسیاو رۆژئاوادا.

3-پاراستن و رەخساندنی Energy واتە نەوت و گاز، چونکە تورکیا یان نزیکە لە سەرچاوەکانییەوە وەك کەنداو یان لەسەرڕێی هاوردنیانە بۆ رۆژئاوا لە قەفقازو ئاسیای ناوەڕاستەوە.

4-هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە یان هاتنەژوورەوەی تورکیا بۆ ناو ئەوروپا کە ئەمە خزمەتی بەرژەوەندیی گشت لایەکە بە تایبەت ئەمریکا.

هەلۆەشانەوەی سۆڤیەت و نەمانی بەرەی سۆشیالیستی لە ناوچەیەکی دیکەی ئەم جیهانە چەند دەرگایەکی تا ئێستا داخراوی بۆ تورکیا خستە سەر پشت. تورکیا ئەم هەلەی قۆستەوەو بەرەو قەفقازو ئاسیای ناوەراست هەنگاوی ناو لەبۆ شوێنپێ کردنەوەو دروستکردنی بەرژەوەندی، تورکیا سوودی لەوە وەرگرت کەپەیوەندیی نزیکی لەگەڵ میللەتانی ئەم ناوچانە لەبارەی زمان و کولتوورەوە هەیە. ئەوە بوو پرۆژەی بۆریی نەوتی باکۆ-جەیهان هاتەگایەوە بۆ راکێشانی نەوت لە ئازرایجانەوە بۆ تورکیا، هەروەها تورك چاوی بڕییە گازی تورکمانستان و بیری لە راکێشانی بۆریی گازی لەو وڵاتەشەوە کردەوە. بەڵام بۆ نەگبەتی، تورکیا تا ئێستا ئەم پرۆژانەی بێبەر بوون لەبەر چەند هۆی جیاواز:

- پێشبڕکێی نێوان روسیاو ئێران.

- زێدەڕەویکردنی لەمەڕ پەیوەندییە زمانیو کولتورەکانەوە لە نێوان تورکیاو میللەتانی قەفقازو ئاسیای ناوەڕاست. خواستی تورکیا ئەوە بوو لەم بارەیەوە پێشرەوی بکا، بەڵام بۆی سەر نەگرت.

- خۆخەریککردنی تورکیا بە کێشەیترەوە، بەتایبەتی کێشەی ناوخۆی.

بەڵام لە راستیدا، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تورکیا تا رادیەك سەرکەوتنی وەدەست هێناوە بەوەی توانیویەتی جۆرە ئارامییەکی کاتی لەگەڵ عیراق و سوریاو ئوردن سەقامگیر بکا، هەرچەندە مەسەلەی ئاوو دابەشکردنی، هێشتا لابەلا نەبۆتەوە. بۆی هەیە هەر کاتێك سەرهەڵبداو نێوان ئەم چوار وڵاتە تێك بدا. لەگەڵ ئیسرائیل دا پێشکەوتنی مەزن هەیە. لە ساڵی 1996دا هەردوو وڵات دوو رێکەوتنی سوپاییان مۆر کردووەو لە زۆربەی مەسەلەکانی ناوچەییو جیهانیدا گونجانی تەواو هەیە لەنێوانیاندا.

بە رای نووسەرانی کتێبەکە، تورکیا بۆخۆی چەند گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە کە ئەمانەی خوارەوە شایانی باسن:

1-پەرەسەندنی هەستی نەتەوەییو توندڕەویکردن لە پاراستنی دەوڵەت و بایەخدان بە مەسەلەی سەروەرێتی .

2-بەرامبەر بە یەکگرتنی دوو تەییارە دژوارەکەی کۆن Traditional و نوێ modren .

3-بە توندی هاتنەکایەوەی بەرەی موڵکداری کەسی کە زیاتر سەر بە ئەمریکایەو داوای لیبرالیەت دەکا لەناو کۆمەڵدا. دیارە جەنەراڵەکان دژ بەم چینەن و ڕێگریی لێ دەکەن، چونکە بەڕای ئەوان مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیان. هەرچەندە دەوڵەت ڕۆلی سەرەکی لە چەرخاندنی لایەنی ئابووریی تورکیادا دەگێرێو ڕۆڵی بەرەی موڵکداریی کەسیش بەرەو پەرەسەندن دەچێو لەوە دەچێ ئەو کێشانەی ئەو تەرازووە ئێستا بەرەو گۆڕان بڕوا.

ئەم کتێبەی بەردەستمان کتێبێکی بچووکەو بریتییە لە چەند باس و لەلایەن سێ نووسورەوە نووسراوە. لە چەند باس و بۆچوونەکان دووبارە دەبنەوە. لەبەر بچووکی قەوارەی کتێبەکەو کەمی ژمارەی لاپەڕەکانی باس و لێکۆلینەوەکان کورتن و گشت لایەکیان نەکێڵاوە. بۆ نموونە: باسێکی تایبەتی تێدا نییە لەسەر کێشەی کورد، بەڵام ئەو کەسانە دەخوازن بە تێرۆتەسەلی لە بارەی تورکیاوە بزانن یان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

ئەوا ئەم کتێبە پڕە لە سەرچاوەی نایاب دەربارەی تورکیا کە خوێنەر دەتوانێ پەیدایان بکاو سوودیان لێ وەربگرێ.

# BASKAR 7/2001

Magazine for Studies &
Research in Kurdish
7/2001



*Editor*
**Sabah Ghalib**



***One Year Subscription***
Europe £25,00
Others £35,00



*Address*
**BASKAR**
PO BOX 31239
London NW2 6FT
England



Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library